# ژیانی گالیلای

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

بێرتۆڵد برێشت

# ژیانی گالیلای

وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە

کەریم پەڕەنگ

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

بێرتۆڵد برێشت
ژیانی گالیلای
وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٨٠
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٧٣٨ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: بۆکان نووری

# پێشەکی

کەریم پەڕەنگ

## چەند دێڕێک لەبارەی نووسەر

بیرتۆڵد برێشت لە ساڵی ١٨٩٨دا لە ئاوگسبورگ لە ئەڵمانیا لەدایک بووە. برێشت لەناو خێزانێکی بورژوا گەورە دەبێ و پاشان مارکسییەکی توندی لێ دەردەچێ. هەر لە ساڵەکانی قوتابخانەیدا دەست بە بڵاوکردنەوەی شیعر و چیرۆکەکانی دەکا. پەخشانێک، کە تێیدا دژی شەڕ دەوەستێتەوە و ستایشی ناکا بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی مامۆستاکانییەوە خەریک بووە ببێتە هۆی ئەوەی لە قوتابخانەی دواناوەندی وەدەرنرێ. ئەو ئەزموونانەی لە کاتی ئەرکی برینپێچیی لە نەخۆشخانەی سەربازییدا کردووە بوونەتە هۆکاری ئەوەی هەموو کات ڕەتکردنەوەی توندڕۆیانەی بۆ شەڕ بەهێزتر بکەن.

لە دواییدا برێشت دەبێتە یەکێک لە پێشکەوتنخوازترین نووسەرانی کۆماری ڤایمار. سەرەتاکانی ئەدەبیی وەکو ڕەخنەگری شانۆ، کورتەچیرۆکنووس و کابەرێکار دەست پێ دەکا. لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا بە خەڵاتی کلایستی پێ دەدرێ. میونیخ، دواییتر بەرلین دەبنە چەقی کارکردنی. لە ناوەڕاستی بیستەکاندا لە ڕێی خوێندنەوەی مارکسەوە ئەو بەڵگانە دەبینێتەوە کە پاڵنەری هەتا ئەو کاتەی کارە ڕەخنییەکانین لە کۆمەڵگە و بنەما ڕێخۆشکەرەکانی نایەکسانیی.

شانۆییگەلی وەکو «ئۆپرای سێ قروشی» یان «سەرکەوتن و نشوستی شاری ماهاگۆنی» ناوودەنگێکی زۆری بۆ پەیدا دەکەن. لە ساڵی ١٩٢٧دا لە ژنی یەکەمی جیا دەبێتەوە؛ دوو ساڵ دوای ئەوە هێلینە ڤایگڵی ژنە ئەکتەر دەخوازێ، کە پاشتر دەبێتە یەکێک لە نمایشکارە بە ناوبانگەکانی گەلێک لە شانۆیییەکانی برێشت.

دوای دەستەڵات گرتنە دەستی هیتلەر ئاسۆی ئەڵمانیا بۆ برێشتی کۆمۆنیست تەنگ دەبێتەوە. ڕۆژێک پاش سووتانی ڕایخستاگ (پەرلەمانی ئەڵمانیا) برێشت وڵات بەجێ دەهێڵێ و ڕوو دەکاتە تاراوگە. بە سەر پراگ، ڤێنا و سویسرادا دەچێ بۆ دانیمارک. نزیکی سڤێندبۆرگ لە گوندێک خانوویەک دەگرێ و لە نێوان ساڵانی ١٩٣٣ هەتا ١٩٣٩ نیشتەجێ دەبێ؛ لەوێ هەندێک لە گرینگترین بەرهەمەکانی چەکەرە دەکەن، وەکو "تفەنگەکانی کارار خان"، "دایکە ئازا و منداڵەکانی" و "ژیانی گالیلای" لە پاڵ دەیان شیعرەوە کە بە "شیعرەکانی سڤێندبورگ" ناسراون. هەڕەشەی نزیکبوونەوەی شەڕ لە دواییدا بۆ سوێد، فینلەندا، شورەوی و لە ساڵی ١٩٤١دا بۆ وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا ڕاوی دەنێ، تا لە دواییدا لە سانتا مۆنیکا (کالیفۆرنیا) جێگیر دەبێ. لەوێ ناسیاویی لەگەڵ دەربەدەریی تری وەکو (هاینریخ مان و ئەلفرێد دوێبلین) پەیدا دەکا. دەست بەوە دەکا، سیناریۆ بۆ هۆلیوود بنووسێ. لەو سەروبەندەدا کتێبەکانی لە ئەڵمانیا سوتێنراون و مافی هاونیشتمانێتییان لێ سەندووەتەوە– سەیریش نییە، برێشت وەکو بەدرێژاییی کات شەڕەنگێزێکی پڕ وشە دژی هیتلەر، ناسیۆنال سۆسیالیزم و شەڕ خۆی سەلماندووە.

لە پاش شەڕ برێشت دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا و لە بەرلینی ڕۆهەڵات

نیشتەجێ دەبێ. لە ساڵی ١٩٤٩دا لەگەڵ هێلینە ڤایگڵدا ئەنسەمبڵی بەرلین دادەمەزرێنن، کە لە ساڵانی داهاتوودا کار لە مۆدیلی نمایشکردنی شانۆنامەکانی خۆیدا دەکا. لە ساڵی ١٩٥٦دا لە بەرلین بە دڵوەستان کۆچی دوایی کردووە.

## سەرجەمی کار

بیرتۆڵدا برێشت یەکێکە لەو چەند نووسەرە کەمەی ئەدەبی جیهان، کە لە هەر سێ ژانرەکەی هونەری داهێناندا کاری گرینگی بەرهەم هێناوە: لە دراما، شیعر و گێڕانەوەدا. لە پاڵ ئەمانەیشەوە زنجیرەیەک نووسینی تیۆری بەرهەم هێناوە، لەبارەی فەلسەفە، دراما و سیاسەتی کۆمەلایەتی. کارەکانی هێندە فرەن، کە هەتا ئێستا نەلواوە چاپێکی بێ کەلێنی نووسینەکانی بلاو بکرێتەوە.

١- برێشت وەکو درامانووس

برێشت هەتا لە ژیاندا بوو وەکو شانۆنامەنووس ناوبانگی دەرکردبوو، لەگەڵ ئەوەیشدا کە کارەکانی زۆر بەرفراوانترن:

* وەکو تیۆریکار، برێشت هەوڵی دا بەرنامەڕێژییەکانی بۆ دراما بنووسێتەوە، بیرۆکەکانی لەبارەی شێوەی نمایشکردنی ئەکتەر بۆ نموونە لە «نووسینی بچووکی مەعریفی بۆ شانۆ» ١٩٤٨ پەرە پێ داوە، هەروەها دید و بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی شانۆی مەلحەمی گوزارشت لێ کردووە... هتد.

* وەکو شێکسپیر، مۆلێر یان نووسەری شانۆنامە میللییە ڤیەناوییەکانی وەکو ڕایموند و نێسترۆی برێشتیش پیادەکاری شانۆ بوو. تەنیا لەسەر مێزی نووسین شانۆنامەکانی چەکەرەیان نەدەکرد،

بگره وەکو دەرهێنەر لە خستنە سەر شانۆدا کاری دەکرد. گرێدانی ئەو لایەنانەی شانۆ برێشت لە زۆر لە شانۆنامەنووسەکانی تر جیا دەکاتەوە.

* کاری لە چەندان درامای نووسەری جیاوازدا کردووە و هێناونیەتییە سەر بارێکی هاوچەرخی وا کە لەگەڵ ڕوحی سەردەمدا بگونجێن، وەکو سۆفۆکلیس، شێکسپیر یان یاکۆب میخایل ڕاینهۆڵد لێنتس.

* کاریگەریی برێشت وەکو شانۆنامەنووس نێونەتەوەییە. لە چەقی دراماکانیدا مرۆڤ بە وا بەستەییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە تیشکی دەخرێتە سەر. زۆرجار چارەنووسی مرۆڤە مافخوراو و پەراوێزخراو و ستەمدیدەدەکان پێشان دەدا. بەڵام دەیەوێ پێشانی جەماوەری بدا، کە بارودۆخەکان دەتوانرێ بگۆڕرێن. برێشت لە سەرەتادا بە کارەکانی یەکەمی ڕووبەڕووی تێ نەگەیشتن و دژوازی بووەوە بەهۆی شانۆیی («باڵ»، «تەپڵەکانی شەو»، «پیاو پیاوە» ) ناوبانگی وەکو نووسەری سکاندال (فضیحة) بڵاو بووەوە. گەورەترین سەرکەوتنی بە «ئۆپرای سێ قروشی» (١٩٢٨) بۆ خۆی دەستەبەر کرد. لە ساڵانی ١٩٢٩ و ١٩٣٠دا چەند شانۆنامەیەکی فێرکاریی بچووکی نووسی (بۆ نموونە «فڕینی ئۆقیانوس»، «هەنگاوی چارەسەر» ). گرینگترین شانۆنامەکانی برێشت لە کاتی تاراوگەدا سەریان هەڵدا: «ژیانی گالیلای»، «دایکە ئازا و منداڵەکانی»، «مرۆڤە باشەکەی سێچوان»، «جەنابی پونتیلا و ماتی خزمەتکاری»، «بازنەی تەباشیری قەوقاز» .

٢ برێشت وەکو شاعیر

برێشت نزیکەی ٢٥٠٠ شیعری لە پاش بەجێ ماوە: شیعری ئەڤین و سروشت، بالاد، شیعری سیاسی، بەڵام تەنیا زۆریی داهێنانی شیعریی نییە کە لەگەڵ ڕاینەر ماریا ڕیلکەو گۆتفرید بێندا دەیکاتە یەکێک لە گرینگترین شاعیرانی ئەڵمانینووسی سەدەی نۆزدە. شیعرەکانی ڕەخنەگرانە و پڕ لە گوزارشت و بە مۆسیقایەکی ئازاد بینا کراون و بەتایبەتی بۆ شێوازی سیاسی ساڵانی شەستی سەدەی پێشوو پڕ کاریگەریی بوون.

٣- برێشت وەکو چیرۆکنووس

دەقەکانی گێڕانەوەی برێشت بەشێوەیەکی گشتیی بەرهەمی تاراوگەین. «چیرۆکەکانی ڕۆژژمێر» یان «چیرۆکەکانی جەنابی کۆینەر» دوو کاری زۆر بەناوبانگی برێشتن. ڕۆمانەکانی لە سێبەری کارەکانی تریدا، بەتایبەتی شانۆنامەکەنیدا گەشە دەکەن. («ڕۆمانی سێ قروشی»، «بازرگانییەکانی جەنابی یۆلیۆس قەیسەر» ) لە گێڕانەوە بەناوبانگەکانین.

## بابەتی ئەم شانۆنامەیە

شانۆی برێشت

هیچ دراماکارێکی ئەڵمانیی تری سەدەی بیست هێندەی برێشت خۆی بە تیۆری شانۆنامەکانییەوە سەرقاڵ نەکردووە و لەبارەیانی نەنووسیوە. هەموو کات سێ چەمک لە نووسینەکانیدا دەردەکەون، بەڵام زۆر بە زەحمەت لە یەکتر جودا دەکرێنەوە.

١- شانۆی نائەرستۆیی

زۆر شت لە دراماکانی بریشتدا بەجۆرێکی ترن وەکو ئەریستۆتالیسی فەیلەسووف (٣٢٢- ٣٨٤) لە «هونەری شیعر» مکەیدا وەسفی کردووە؛ کارێک کە دواییتر بووەتە پێوەرێک بۆ شانۆنامەنووسەکانی رۆئاوا.

ئەریستۆتالیس ئامانجی سەرەکی تراجیدیای لە Kathersis"، واتە پاککردنەوەی بینەران بەهۆ و لە رێی «ترس» و «بەزەیی»ەوە بینیوە. پێوستە لە تراجیدیادا وا لە بینەر بکرێ بەخۆی لەنێو نمایشەکە بژی، واتە هێندە لە رووداو و کارەسەتەکاندا تێوە بگلێنرێ وەکو تراجیدیای ژیانی خۆی بن. بەڵام بریشت رووبەرووی ئەم جۆرە شانۆیە دەبێتەوەو چەقی قورسایی لە «شانۆی سۆز لەگەڵبووندا» دەخاتە سەر شانۆیەک، کە نەک لەسەر بنەمای سۆز، بگرە لەسەر بنەمای تێگەیەشتنی بینەر دروست بووبێ. ئیتر ئامانجی درامانووس نییە، لای بینەر ترس و بەزەیی بورووژێنێ و بیکاتە بەشێک لە رووداوەکان؛ بریشت حەز دەکا ئەم دوو چەمکەی ئەریستۆتالیس بە چەمکی «زانخوازیی» و «ئامادەیی بۆ یارمەتی» بگۆڕێ.

لە دراما کلاسیکییەکاندا خەمڵانی چارەنووسی کەسێک لە بەراییدایە. بەڵام بریشت بەپێچەوانەوە گۆشەنیگای دەبرێتە پێویەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شیمانەی گۆڕینیان. کرداری شانۆیی لای ئەو بەشێوەیەکی ئۆرگانی بەرێوە ناچێ، بگرە لە شێوەی کەوانەیەکی وێنەدا گەشە دەکا: دابەشکرنی دیمەن لە ئارادا نییە، بگرە بە دوایەکداهاتنێکی ئازادی دیمەنەکانە. لە جیاتی بە ترۆپکەیاندنی کارەسات بریشت بە گوزارشکردن لە بارودۆخی دراماییی چەمک و

تێگەیشتن بۆ شانۆ دەگۆڕێ، کە گوتەزای مەبەستی شانۆنامەکە بە ئاشکرا چڕ دەکەنەوە. لە کاتێکدا لە درامای کلاسیکیدا هەموو دیمەنەکان وەکو زنجیر بەیەکەوە بەستراون و بەدوای یەکدا دێن و پاش و پێش پێکردنیان مەحاڵە، لای برێشت هەر دیمەنەو ژیانی تایبەتی خۆی دەژی.

٢- شانۆی مەلحەمی

لەژێر ئەم چەمکەدا شانۆی برێشت زۆرجار دەخرێتە بەر تۆژینەوە. مەبەست لەم چەمکە چەند شتێکە:

لەلایەکەوە تێترانجاندنی ڕەگەزی گێڕانەوە بۆ ناو ڕووداوە دراماتیکییەکان. گۆرانی، کۆرس، فیگوری گێڕانەوە، ڕووکردنەوە بینەر بۆ ڕوونکردنەوە واتە «لە ڕۆڵ دەرچوون» ؛ جگە لەوە پێشاندانی دەق لەسەر پلاکات و شاشە. نمایشکردنی ناوەڕۆکی کورت، کە پێش دیمەنەکان دەکەون، بەمەبەستی شکاندنی تینوێتی زانخوازیی «چۆن» و ئاژۆتنی ئاگەداریی بۆ سەر «چی» .

لەلایەکی ترەوە چەمکی «شانۆی مەلحەمی» ئاماژەیە بۆ هۆکاری دەرەوەی زمان، کە بە نومایشت دەبێ ئەو وەهمە بەرهەست بکرێ، ئەمەش کاریگەرییەکی گەورە لەسەر بینەر بەجێ دەهێڵێ و مەبەستی سەرەکی لەم تەکنیکە ڕێگرتنە لەوەی بینەر زۆر خۆی تێکەڵی ڕووداو بکا. بەم تەکنیکە برێشت دەلاقەیەکی نوێی بە ڕووی شانۆدا کردەوە.

برێشت لەم سەروبەندەدا باسی کاریگەریی نامۆبوون دەکا: بەهۆی ئەوەوەی کە ئەوەی ئاساییە بە نائاسایی نمایشت دەکرێ دەبێ بینەر شتی نوێ بدۆزێتەوە.

برێشت دەیەوێ بەمە چی لەلای بینەر بە دەست بهێنێ؟ ئەو

بینەرێکی لەزەتبین بە ئاوات ناخـوازێ، بگرە بینەرێکی بیـرکـەرەوە؛ یەکێک کە سەری سوڕ دەمێنێ، بیر دەکاتەوە و ڕەخنەگرانە حوکم دەدا:

«نابێ لە جیهانەکەی خۆیەوە بۆ جیهانی هونەر بڕفێنرێ، نابێ ئیتر دەستبەسەر بکرێ؛ بەپێچەوانەوە دەبێ بە هەستی بێدارەوە بخرێتە جیهانە واقیعییەکەی خۆیەوە.»

## شانۆی دیالەکتیکی

ئەمە چەمکێکە کە برێشت لە کاتی نێشتەجێبوونی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بە کاری هێنا، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەم چەمکە لە سەرەتای ساڵانی سیدا لە نووسینەکانیدا لەبارەی شانۆ دەردەکەوێ.

دیالێکتیک واتە: بیرکردنەوە لە دژوازیدا. بەڵام: ئاخۆ ئەمە بە ڕاستی نوێیە؟ ئایا شانۆ هەر لە سەرەتاوە بەوە نەدەژیا، کە مامەڵە لەگەڵ ناچیزیی، کێشمەکێش و دژوازییدا بکا؟ ئەمە جەوهەری ئەو شتە نییە کە ئێمە بە «درامی» ناودێری دەکەین؟

بێگومان، بەڵام برێشت دەیەوێ ئێستا ئەم دژوازییانە بە مەبەستێکی زۆر تایبەت بهێنێتە ناو شانۆوە: برێشت دەیەوێ بینەران فێر بکا، بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئاشنا لە گۆشەنیگایەکی نائاشناوە ببینن. دەبێ لەم ڕێیەوە دژوازیی بپشکنێ و لێی تێ بگا. بینەر دەرک بەوە دەکا کە فیگورەکان دەیڵێن؛ بەڵام دەرک بە دژوازی ئەو شتەیش دەکا، کە تێیدا دەژین و دەبێ لێیەوە فێر بن. لە فیگەری دایکە ئازادا ئەم دژوازییە لە بوونی دووفاقییانەیدایە وەکو ژنەبازرگانێک و دایکێک. لە کۆتاییی شانۆنامەکەیشدا هێشتا بڕوای بە سوودی شەڕ هەیە، کە دەبوو منداڵەکانی بکاتە قوربانیی.

## پشتینەی مێژوویی گالیلای

برێشت لە گالیلایدا لە لێپرسراویەتی کۆمەڵایەتی زانا دەکۆڵێتەوە. زانا دەتوانێ ڕۆشنگەرانە و ڕەخنەگرانە دژی چەوساندنەوەی سیاسی یان حەکیم، بەڵام دەشتوانێ وەکو تاوانبارێکی کۆمەڵایەتی ببێتە داردەستی دەستەڵاتداران.

بەپێی وێنای گشتیی گالیلای پاڵەوانانە. بوێرانە بۆ چەسپاندندنی مەعریفەی نوێ تێ دەکۆشێ، کە بانگەشەی ئەوە دەکا، زەوی بە دەوری ڕۆژدا دەخولێتەوە نەک بەپێچەوانەوە. کە لە دواییدا کڵێسا ناچاری دەکا لە بانگەشەکەی پاشگەز بێتەوە، بە نەنگییەک بۆ کڵێسا لە قەڵەم دەدرێ نەک بۆ گالیلۆ. ئەو ئەفسانانەی دەیانخوێنینەوە باسی دەرکەوتنێکی مەزنی گالیلۆ دەکەن کە پاش پاشگەزبوونەوەکەی پێی بە زەمیدا کوتاوە و لەژێر لێوەوە وتویەتی: بەڵام هەر دەسووڕێتەوە.

بێرتۆڵت برێشت فیگوری هەسارەناس و فیزیازانی مەزن گالیلۆ بەجۆرێکی تر دەبینێ. بە ڕای برێشت، دەبوو گالیلۆ لەسەر مەعریفەکەی سوور بێ و پێداگری لێ بکا. لە ڕێگەی ئەمەوە دەستەڵاتی کڵێسا دەشڵەقا، کە لەو کاتەدا لەگەڵ دەرەبەگە دەستەڵاتدارەکان دەستیان تێکەڵ بوو. کڵێسا و دەرەبەگ خەڵکی سادەیان دەچەوساندەوە و وایان لێ دەکردن لە کولەمەرگیدا بژین. ئەگەر گالیلۆ پاشگەز نەبووایەتەوە، زانستێک دەهاتە ئاراوە، کە نەک هەر سەرقاڵی ڕەوتی هەسارەکان دەبوو، بگرە مشووری چاککردنی هەلومەرجەکانی ژیانی گەلیشی دەخوارد.

بەڵام پاشگەزبوونەوەی ڕێی بە هێشتنەوەی دەسەڵات لە دەستی کڵێسا و دەستەڵاتدارەکاندا دا. بەمەیش زانستێک، کە تەنیا لە

بەرژەوەندی گـەلدا بێ مـەحـاڵ بـوو. بەپێی بـرێشت گـوناهـی یەکـەمی زانسـتـە سـروشـتـیـیـەکـان لە پاشگەزبوونـەوەکەی گـالیلۆدایە: لەگـەڵ ئەوەشـــدا دەســـتکەوتی تەکنیکی گـەورە دێتـە ئاراوە، بـەڵام زۆربەی جارەکان بە زیانی مرۆڤە. بۆمبای ئەتۆمی باشترین نموونەیە.

ئەم شـانـۆنامـەیە ڕووناکی دەخـاتە سـەر بەشـێکی گرینگی مـێژووی زانست. برێشت ئـەوەمـان بۆ دەگێڕێتـەوە، چۆن گالیلۆ گالیـلای تۆژەر (١٥٦٤-١٦٤٢) شـــوێنپـــێی کـــۆپەرنیکۆس هەڵدەگـــرێ، بەڵام لـەژێر هەڕەشـەی ئەشکەنجەی لیژنەی لێکۆڵینەوەی پاپاییدا لە مـەعریفەکەی پاشگەز دەبێتەوە.

سەدان ساڵ بۆچوونی فـەیلەسووفی یۆنانی ئەرەسـتۆ و هەسـارەناس پتۆلەمـۆیس سەروەر بوو کە دەیانگوت: زەوی-وەکو چەقێکی ئارام- لە ناوەڕاستی گەردووندایە. تەنەکان و هەسارەکان و مـانگ و ڕۆژیش بە دەوریدا دەسووڕێنەوە، کە لە گۆی کریستاڵیدا چەسپن. کڵێساش بەم جۆرە وەکو دیاردەیەکی خواکرد لەمەی دەڕوانی.

کۆپەرنیکۆسی هـەسـارەناس دژوازیی ئەم وێنەیەی جیـهـان دەکات و دەڵێ: زەوی بـەدەوری ڕۆژدا دەســــــووڕێتــــــەوە. زەوی لـە چـەقـی گەردووندایە.

لە سـەرەتـای شـانـۆنامـەکـەدا گالیلۆ خـۆی لـە سـەرەتای دەسـتـپـێکی سـەردەمـێکی نوێدا دەبینێ. وێنەی نوێی کۆپەرنیـۆس بۆ ئەندریا سـارتی هـەرزەکـار ڕوون دەکـاتەوە (خـولانەوەی زەوی بە دەوری خـۆردا). کـاتێ گالیلای دەبیـسـتی لە هۆڵەندا دووربین دۆزراوەتەوە، خـۆی دووربینێکی باشتر دروست دەکا و ڕادەسـتی کۆماری ڤینیسیای دەکا. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی مـووچەکـەی دووقـات بکرێ. دووربینەکە بەڵگەی مـەعریفە

زانستییە تازەکان پێشان دەدا. بەڵام کاتێ دواییتر ڤینیسیاییيەکان بۆیان دەردەکەوێ، کە مرۆڤ دەتوانێ دووربینە هۆڵەندییەکان لە هەموو شوێنێک هەرزان بکڕێ، هەست دەکەن چەواشە کراون.

گالیلۆ دەچێتە دەرباری فلۆرەنسا. لەوێ زانا لە بیرکردنەوە کۆنە قەتیسماوەکانی دۆقی گەورە ئامادە نین لە دووربینەکەوە سەیر بکەن. لە ڕۆما هەسارەناسی پاپا دۆزینەوەکانی گالیلۆ دەسەلمێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا کڵێسە لە گالیلۆی قەدەخە دەکا دۆزەکانی کۆپەرنیکۆس بڵاو بکاتەوە.

کاتێ گالیلۆ لەگەڵ ئەوەشدا چەندان ساڵ دواتر کارەکەی دەست پێ دەکاتەوە، مارەبڕەکەی ڤیرجینیا، دەزگیرانەکەی بەجێ دەهێڵێ. دۆزەکەی گالیلۆ لەلای خەڵک ناوودەنگ پەیدا دەکا، بەڵام دۆقی گەورە گالیلۆ ڕادەستی لیژنەی لیکۆڵینەوە دەکات. لەبەرئەوەی هەڕەشەی ئەشکەنجەی لێ دەکرێ، گالیلۆ پاشگەز دەبێتەوە کە زەوی بە دەوری هەتاودا دەسووڕێتەوە و بەمەش قوتابییەکانی بێ ئومێد دەبن.

گالیلۆی زانا لە ماڵێک لە لادێ دەست بەسەر دەکرێ، بەڵام هێشتا لە نووسینی کتێبە گرینگەکەی بە ناوی "دیسکۆرزی"یەوە بەردەوام دەبێ، کە ئەندریای کۆنە قوتابی بە دزییەوە بۆ دەرەوەی ئیتاڵیای دەبات.

ساگرێدۆ گالیلۆ لە بەرئەنجامی بانگەشەکانی ئاگەدار دەکاتەوە، کە ئەویش ڕەنگبێ وەکو جۆردانۆ برونۆ بسووتێنرێ، جۆردانۆ برونۆ لە وێنەی جیهاندا دژوازیی کڵێسای دەکرد، ئەمە بووە هۆی ئەوەی بسووتێنرێ، گالیلۆ بڕوای زۆر بە ئەقڵی مرۆڤ هەیە و لە وەڵامی ساگرێدۆدا دەڵێ:

"بەڵێ من بڕوام بە توندوتیژیی نەرمی ئەقڵ بە سەر مرۆڤدا هەیە. بە بەردەوامی ناتوانین بەرهەڵستیی عەقڵ بکەن."

لەگەڵ ئەوەشدا کە "گالیلۆ"ی برێشت بۆ سەدەی١٧ دەگەڕێتەوە، شانۆنامەکە لە هاوپێوەندییەکی تەنگدایە لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکانی کاتی سەرهەڵدانی شانۆنامەکەدا.

برێشت لە سەردەمێکی ناسەقامگیردا ژیا و بەهۆی ڕووداوەکانی ئەو کاتەوە بە هەموو دنیادا ڕاو نرا. برێشت "گالیلۆ"ی لە ساڵی ١٩٣٨-١٩٣٩دا نووسی و دوو جاری دیکە کاری تێدا کرد (دەوروبەری ١٩٤٥-٤٧ و ١٩٥٤-٥٦)، واتە لە نزیکەی دوو دەیەدا سێ دەقی جیاواز سەریان هەڵداوە.

لەبەرئەوەی کاتەکان و پێشهاتە گرینگەکان زوو دەگۆڕێن، هەر یەکێک لەو دەقانە پشتینەیەکی تری هەیە.

ئێمە سێ دەقی جیاوازی گالیلای برێشتمان لە بەردەستدایە:

یەکەمیان: ٣٩/١٩٣٨ برێشت لە هەڵاتندا بوو لە دەستی هیتلەر لە تاراوگەی دانیمارک، کاتێ یەکەم دەقی شانۆنامەکەی نووسی. زانیاری لەبارەی فیگوری مێژوویی گالیلۆی کۆکردەوە و گوێی لە پسپۆڕەکانی زانستی سروشت دەگرت بۆ شارەزابوون لەم بوارەدا. هەر لەو کاتانەدا برێشت لە ڕۆژنامە دانیمارکییەکان خوێندبوویەوە کە لە ئیمپراتۆریەتی سێیەمدا زاناکان توانیویانە ئەتۆمی ئوران بپیتێنن. ئەمە هیتلەری لە سەرکەوتنێکی تر نزیک دەکردەوە بۆ ئەوەی بتوانێ سەر بە سەرجەمی دنیا دابنەوێنێ و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

لە بارودۆخێکی وادا شیاو بوو مرۆڤ لە فیگوری نموونەییی گالیلۆدا خۆی بە ڕۆڵی زانا لە کۆمەڵگەدا خەریک بکا. بەوە دەچێ لە سەرەتادا

برێشت لە زانستـدا وزەیەکی بینیبێ، کـە دەتوانێ مـەعریفـەکـانی فـێڵـبـازانە لە دەسـتـەڵاتدارەکـان پـەنهـان بکا و بەمـەش نموونـەیەکی بەرهەڵستیی بخوڵقێنی.

دەقی یەکەمی شانۆنامەکە لە ساڵی ١٩٤٩دا لە زیوریخ نمایش کرا.

ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەی سویسرا لە هەڵسەنگاندنەکانیاندا لە گالیلۆ وەکـو بەرندە تێ دەگـەیشـتن، لەبەرئەوەی تـوانی زانسـتـە نوێیـەکـەی بسـەپێنێ. برێشت بە نابەدڵییەوە دەرکی بەوە کرد، کە بەوە دەچێ ئەو هەسـتـە دروست بووبێ، کە برێشت وەکو دانەر بە پاشگەزبوونەوەکەی گالیلۆ قایلە.

دووەمیـان: ٤٧/١٩٤٥، برێشت چوار ساڵ بوو لە کالیفـۆرنیا دەژیا. لە سەرەتای ساڵی ٤٥دا کۆتایی هیتلەر پێشبینی دەکرا و بە مردنی و نسکۆی ئەڵمانیا لە مـایسدا بووە واقیع. لەگەڵ ئەکتـەری بەناوبانگ چارڵس لاوتۆن، کــە دەبوو دەوری گــالیلۆ ببـــینێ، برێشت کـــەوتە وەرگێڕانی دەقەکە بۆ ئینگلیزی و لە ساڵی ١٩٤٧دا نمایش کرا.

برێشت هەواڵی فـڕێدانی بۆمـبـایەکی ئەتۆمی ئەمـەریکایی بۆ سـەر شـاری هیرۆشـیمـای ژاپۆن بیسـتـبوو. شـۆک و وێرانی و مـەرگی بە کۆمەڵ بۆ ئەو پاڵنەر بوون بۆ ئەوەی دەقی دووەمی گالیلۆ بنووسێ.

برێشت لە خـۆی دەپرسێ، چۆن گـەشـەی زانسـتـیی یان ئـەنجـامی تۆژینـەوەی زانسـتـیی توانیـیـان بەو جـۆرە لە بەرژەوەندی مـرۆڤ، لە ئاشتیی و لە ژیانێکی دادپەروەرانە و باش دوور بکەونەوە.

لە فیگوری گالیلۆدا بە دوای وەڵامدا دەگەڕێ. گالیلۆ تۆبە دەکا و لە بانگەشـەکانی پاشگەز دەبێتـەوە، خۆی بە دەسـتی دەستـەڵاتدارەکانەوە دەدا لە جـیـاتی ئەوەی کـۆمـەکی ڤـانی ئاسن توێنەوە وەرگـرێ و بۆ

ڤینیسیا هەڵبێ.

سێیەمیان: ئەم دەقەی بەردەستانە. کە لە ساڵەکانی ١٩٥٤/٥٦ سەری هەڵداوە.

جارێکی تر بە هۆی شەڕی ساردەوە بارودۆخ بە تەواوی گۆڕا. پاش بانگکردنی برێشت بۆ پرس و جووکردن لەگەڵیدا لەلایەن ڕاونەری کۆمۆنیزم سێناتۆر ماکارتییەوە، برێشت چوو بۆ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، دەوڵەتی کۆمۆنیستی لەسەر خاکی ئەڵمانیا. ئەمە لەلایەکەوە لەگەڵ هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی برێشت دەگونجا، لەلایەکی ترەوە داوایەکی ناوازە لاسدەریان خستە بەردەم برێشت، ئەویش ئەوە بوو کە شانۆیەک لە بەرلینی ڕۆژهەڵات بۆ تێگەیشتنی نوێی برێشت لە شانۆ (واتە شانۆی مەلحەمی) بێتە کایەوە. ئەم شانۆیە (بەرلینەر ئەنسەمبل) هەتا ئەمڕۆ ماوە و. ئێستا گۆڕەپانەکەی بەردەمی ناوی گۆڕەپانی بێرتۆڵد برێشتە و پەیکەرێکی برێشتیش لە گۆڕەپانەکەدایە. لە بەرلینەر ئەنسەمبڵ لە ساڵی ١٩٥٧دا دوای مردنی برێشت شانۆیی گالیلای سەرلەنوێ نمایش کرا. بۆ ئەم نمایشە برێشت دەقی سێیەمی نووسی. ئەم دەقە زۆر جیاوازیی لەگەڵ دەقی کالیفۆرنیادا نییە.

برێشت زۆر لە شانۆی نەریتی وەڕەس بوو، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە لە شانۆی تەقلیدیدا هەوڵ دەدرێ، بینەر بەتەواوی لە شانۆکەدا سەقامگیر بکرێ، واتە مەست بکرێ، هێندە بە وەهم دابگیرێ هەتا دنیای لە بیر دەچێتەوە، لەگەڵ ڕووداو و کارەساتەکاندا هاوئامێز بێ.

لە شانۆی تەقلیدیدا پیەسەکان وەکو هۆکاری لەزەت بەرخۆریی دەکرێن؛ لە شانۆی تەقلیدیدا کۆمەڵگە وا دەردەخرێ کە لە گۆڕان نایەت و شێوەی پێکەوەژیانی مرۆڤ بە نایەکسانی و نادادپەروەریش

بێ، بەڵام سەقامگیرە و مرۆڤ ناتوانێ هیچ دژایەتییەکی بکا.

لە شانۆی تەقلیدیدا جۆرە دیوارێکی چوارەم هەیە، کە نەک تەنیا بەدەوری شانۆدا، بگرە لە نێوان سەکۆی شانۆ و بینەراندا بینا کراوە؛

لە شانۆی تەقلیدیدا دەبێ ئەکتەر بەتەواوی بچێتە قاوغی ڕۆڵەکەیەوە، بەجۆرێکی مرۆڤ خۆی لە بیر دەکا کە لە شانۆدا دانیشتووە (دەوری لیری بینی، ئەو لیر خۆی بوو).

لە شانۆی تەقلیدیدا هەموو شتێک دەخرێتە خزمەتی کۆتاییەوە، بۆ ئەوەی ئەو دەورە فێرکاریی و پەروەردەییەی پێی ڕەوا بینراوە بەجێ بێهنێ.

وەکو دژەمۆدێلی ئەم شانۆ تەقلیدییە، وەکو برێشت ڕەخنەی لێی دەگرت، برێشت ویستی جۆرە شانۆنامە و تەکنیکی بەتەواوی نوێ بخولقێنێ. ئەم تەکنیکە نوێیە ناوی "شانۆی مەلحەمی" بوو.

شانۆی مەلحەمی نابێ بینەر بخاتە ناو شانۆنامەکەوە، کە هەموو شتێکی تر لە بیر بکا. دەبێ پتر کاریگەریی نامۆکردن بە دەست بهێنرێ؛ بەپێی برێشت ئامانجی ئەم کاریگەرییە ئەوەیە لە ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان شتە بێگومان و ناسراو و ڕوونەکان دەربهێنرێ و سەرسوڕمان و زانخوازیی تێدا بەرهەم بهێنرێ. برێشت لەم جۆرە شانۆیەدا دەیەوێ خورپە و ڕاچڵەکان لای بینەر دروست بکا و وای لێ بکا بیر بکاتەوە. "نامۆکردن" بۆ نموونە لە شانۆیی گالیلایدا، پاش ئەوەی مرۆڤ لەگەڵ گالیلایدا دڵەخورپەیەتی و ئومێدێکی زۆری پێیەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کڵێسا، بەڵام لە دواییدا خۆی وەکو تاوانبار لە قەڵەم دەدا و بە ڕووکەشیش بێ لە بانگەشەکانی پەژیوان دەبێتەوە.

شانۆی مەلحەمی دەیەوێ لە ڕێی ڕووداوی چاوەڕواننەکراوەوە بینەر

ناچاری بیرکردنەوە بکا و وەکو لە خەونێکی مۆتەکەیی بێدار بووبێتەوە ڕاچڵەکێ و هەڵوێست وەرگرێ؛ بە پێودانگی برێشت ئەمە لەزەتی ڕاستەقینەی شانۆیە.

لە شانۆی مەلحەمیدا دەبێ جیهانی ناداپەروەر وا پێشان بدرێ کە مرۆڤ دەتوانێ بیگۆڕێ. برێشت دەڵێ: بینەر لە شانۆشدا وەکو گۆڕانکاری مەزن پێشوازی لێ دەکرێ، کە دەتوانێ دەست لە پرۆسیسی سروشت و پرۆسێسە گەورە کۆمەڵایەتییەکان بدا.

لە شانۆی مەلحەمیدا ئەکتەر دەتوانێ ڕاستەوخۆ بۆ بینەران قسە بکا، واتە دواندنی خوێنەر دەرچوونی ئەکتەر لە ڕۆڵ، ئەمەش وا لە بینەر دەکا وەکو نومایشت سەیری شانۆ بکا و دوورەپەرێزییەکی لەلا دەهێنێتە کایەوە، نەک خۆی وەکو بەشێک لە ڕووداوەکان وێنا بکا.

لە شانۆی مەلحەمیدا دەبێ ئەکتەر بۆ بینەر وەکو ئەکتەرێک کە دەیەوێ شتێک بە بینەر پێشان بدا بە ڕوونی بمێنێتەوە، نەک هێندە تێکەڵی ڕۆڵەکەی ببێ بینەران گومان بکەن ئاخۆ بە ڕاستی لە شانۆدایە یان لە ڕووداوێکی واقیعدایە.

لە شانۆی مەلحەمیدا هەموو دیمەنە بە دوای یەکدا هاتووەکان لە خۆیاندا سەربەخۆیە، نابێ ڕووداوی چڵەپۆپە لە ئارادا بێ.

بەپێی ئەم کلێشە و پێناسانەی سەرەوە بێ "گالیلای" شانۆیەکی "نموونەیی" مەلحەمی نییە وەکو زۆر لە شانۆنەماکانی تری برێشت. برێشت خۆی ئەو تێبینییەی نووسیوە: "لە شێوازگەرییدا زۆر بە هێزەوە بەرگریی لەم شانۆنامەیە ناکەم." هەروەها دەنووسێ: "«ژیانی گالیلای» لەلایەنی تەکنیکییەوە بەرەو دواوەچوونێکی گەورەیە". لەگەڵ ئەوەشدا کە "گالیلای" لەگەڵ تیۆری شانۆی خودی برێشتدا تەنیا تا

ڕادەیەک دەگونجا، بەڵام لە دەقی دووەمیدا پێش هەموو شتێک لە ناوەڕۆکدا گۆڕانکاریی کرد نەک لە شێوەدا.

"ژیانی گالیلای" هەردوو شێوەکەی شانۆی بە یەکەوە گرێ داوە.

## جارێکی تر لەبارەی پشتینەی مێژووییەوە:

لە دەوروبەری ساڵی ١٦٠٠دا ئیتاڵیا لە چەند دەوڵەتۆکەی سەربەخۆ پێک هاتووە. یەکێک لەوانە بە هۆی بازرگانییەوە ڤینیسیای دەوڵەمەند بووە، کە جگە لە شاری ڤینیسیا بەشێکی باکوری ئیتاڵیاش لە خۆ دەگرێ، لە ناویاندا شاری پادوایە، کە شارێکی کراوە و دڵبزوێنە و دانیشگاشی تێدایە. لە ڤینیسیا کەشی ئازادیی عەقڵیی سەروەرترە وەکو لە ڕۆما، کە پاپا لەوێوە دەوڵەتی کڵێسەی چاخەکانی ناوەڕاست حوکم دەکا.

دەبێ لێرەدا ناوی فلۆرەنساش بهێنین، جێی گەورە دۆقەکانی تۆسکانا. لێرە مێدیچییەکان حوکم بە دەستن، ماڵباتێکی بەگزادەن بەهۆی بازرگانیی بانکەوە دەوڵەمەند بوون. کاریگەریی ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوەی ڕۆمایی (ئینکیزیتسیۆن) لە فلۆرەنسا زیاترە وەکو لە ڤینسیتیا. واتە ئەگەر گالیلۆ لە ڤینسیتیاوە بۆ فلۆرەنسا بگوازێتەوە سەرچڵیی دەکا.

## گالیلۆی مێژوویی کێ بوو؟

گالیلۆ گالیلای لە ساڵی ١٥٦٤ لە پیزا لەدایک بووە، کە ساڵی١٥٨٩ جێگەیەکی بۆ خوێندنی ماتماتیک وەدەست هێنا. ساڵی ١٦٠٩ بەپێی ئەو هەواڵانەی لە هۆڵەنداوە لەبارەی دووربین پێی گەیشتن، دووربینێکی خۆی دروست کرد؛ گالیلۆ بەهۆی دووربینەکەیەوە

شتگەلێکی دۆزییەوە کە تا ئەو کاتە بۆ هەسارەناسیی نەزانراو بوون، لە نێویاندا، مانگەکانی مووشتەری، سوورِەکانی ڤینۆس، ئەڵقەکانی ساتورن، شاخ و دۆڵەکانی مانگ و پێکهاتنی رِێی کاکێشان لە هەسارە. لە ساڵی ١٦١٠دا لەلای کۆزیمۆ دێمێدیچی، دۆقی گەورەی تۆسکانا دەستی بەکار کرد و گواستییەوە بۆ فلۆرەنسا. ئینزارکردنی لەلایەن کاردینالّ بێلارمینەوە لە ساڵی ١٦١٦دا بووە مایەی مشتومرِێکی زۆر، بەڵام وەکو لە دادگەدانەکەی گالیلۆ سەلمێنراوە. گالیلۆ لە ساڵی ١٦٣٣دا لە گوتەکانی پاشگەز بووەوە و لە ساڵی ١٦٤٢دا مرد.

## کەسەکان

گالیلیۆ گالیلای

ئەندریا سارتی

سارتی خان، کارەکەری گالیلای، دایکی ئەندریا

لودوڤیکۆ، کوڕێکی دەوڵەمەندی لاو

کارگێڕی زانکۆی پادۆڤا، جەنابی پریئولی

ساگرێدۆ، هاوڕێی گالیلای

ڤیرجینیا، کچی گالیلای

فێدەرزۆنی، بڕبەنکەری دووربین، هاوکاری گالیلای

دۆق

پیاوانی ڕاوێژکار

کۆسمۆ دێ مێدیچی، گەورە دۆقی فلۆرەنسا

مارشاڵی دەربار

ئاینزان

فەیلەسووف

ماتماتیکزان

ژنە پیرەکەی کۆشک

ژنە گەنجەکەی کۆشک

خزمەتکاری گەورەدۆق

دوو ڕاهیبە

دوو سەرباز

پیرێژنێک

دوو زانا

دوو قەشە

دوو ئەستێرەناس

قەشەیەکی زۆر لاواز

سەر قەشەیەکی زۆر پیر

باوکە کریستۆفەر کلاڤویس، ئەستێرەناس

قەشە بچکۆلەکە

کاردینالّی پشکنەر

کاردینالّ باربەرینی، دواتر پاپا ئوربانی هەشتەم

کاردینالّ بێلارمین

دوو سکرتێری ئاینی

دوو ژنی گەنج

فیلیپۆ موچیۆس، زانا

جەنابی گافۆنە، سەرۆکی زانکۆی پیزا

گۆرانیبیژی بالادە

ژنەکەی

ڤانی، ئاسنتوێنەوە

کارمەندێک

کارمەندێکی بەرز

تاکێک

قەشەیەک

جووتیارێک

پاسەوانێکی سنوور

نووسکارێک

چەند پیاوێک

چەند ژنێک

چەند منداڵێک

١

(گالیلۆ گالیلای، مامۆستای ماتماتیک لە پادوا، دەیەوێ سیستەمی نوێی کۆپەرنیکۆسی دنیا بسەلمێنێ).

لە ساڵی هەزار و شەشسەد و نۆدا

ڕووناکی زانست ڕوون دەرکەوت

لە پادوا لە خانوویەکی بچووکەوە.

گالیلیۆ گالیلای ژماردی:

ڕۆژ جێگیر وەستاوە

زەوییە دەجوڵێتەوە.

(ژوورە هەژارانەکەی گالیلای بۆ لێکۆڵینەوە لە پادوا. بەیانییە. کوڕێکی هەرزەکار، ئەندریا، کوڕی کەیبانووەکە، پەرداخێک شیر و کولێرەیەک دەهێنێ).

**گالیلای:**

(گالیلای بەدەم شۆرینی سەرەوەی لەشی، ئاو بە خۆدا کردن و دڵخۆشییەوە):

شیرەکە لەسەر مێزەکە دانێ، بەڵام هیچ کتێبێک دانەخەی.

**ئەندریا:**

جەنابی گالیلای دایکم دەڵێ، دەبێ پارە بە پیاوە شیرفرۆشەکە بدەین. ئەگینا ئیتر بازنەیەک بە دەوری ماڵەکەماندا دەکا.

**گالیلای:**

ئەندریا دەوترێ: وەسفی بازنەیەک دەکا.

**ئەندریا:**

جەنابی گالیلای کەیفی خۆتانە. ئەگەر پارە نەدەین، ئەوسا وەسفی بازنەیەک بە دەوری ئێمەدا دەکا.

**گالیلای:**

لە کاتێکدا جێبەجێکەری فەرمانی دادگە، جەنابی کامبیۆنە، ڕێک و ڕاست بەرەو لای ئێمە دێ، بەوەی میانەکە لە نێوان کام دوو خاڵەدا هەڵدەبژێرێ؟

**ئەندریا:**

(بە تەوسەوە بزە دەیگرێ): کورتترین ڕێگە.

**گالیلای:**

جوانە. من شتێکم بۆ داناوی. سەیری پشتی نەخشەی ئەستێرەکان بکە.

(ئەندریا لە پشتی نەخشەی ئەستێرەکانەوە مۆدیلێکی دارینی سیستەمی پتۆلەمێس دەردەهێنێ)

**ئەندریا:**

ئەمە چییە؟

**گالیلای:**

ئەوە گۆشەپێوە، ئەو شتە پێشان دەدا، بە گوێرەی ڕای پێشینەکان چۆن ئەستێرەکان بە دەوری زەویدا دەسوورێنەوە.

**ئەندریا:**

چۆن؟

**گالیلای:**

با لێی بکۆڵینەوە. پێش هەموو شتێک: وەسف.

**ئەندریا:**

لە ناوەڕاستدا بەردێکی بچووکە.

**گالیلای:**

ئەوە زەوییە.

**ئەندریا:**

بە دەوریدا، هەموو کات بە سەریەکدا توێژاڵ هەیە.

**گالیلای:**

چەند دانە؟

**ئەندریا:**

هەشت.

**گالیلای:**

ئەوانە گوومەزە کریستاڵییەکانی ئاسمانن.

**ئەندریا:**

لەسەر توێژاڵەکان چەند هەڵماتێک چەسپ کراون.

**گالیلای:**

ئەوانە هەسارەکانن.

**ئەندریا:**

ئەوانە شریتیان پێوەیە، وشەیان لەسەر نەخشێنراوە.

**گالیلای:**

ئەو وشانە چین؟

**ئەندریا:**

ناوی هەسارەکان.

**گالیلای:**

وەکو چی ناوێک؟

**ئەندریا:**

لە سەری ئەو هەڵماتەی خواری خوارەوە نووسراوە مانگ. ئەوی سەرەوەیەشیان نووسراوە ڕۆژ.

**گالیلای:**

ئێستا ڕۆژ بخەرە جووڵە.

**ئەندریا:**

(توێژاڵەکان دەجوڵێنێتەوە): ئای کە جوانە. بەڵام چوار دەورمان گیراوە.

**گالیلای:**

(بەدەم خۆ وشککردنەوەوە): بەڵێ، منیش کاتێ بۆ یەکەم جار ئەم شتەم بینی وام هەست کرد. هەندێ کەس وا هەست دەکەن. (خاولییەکە بۆ ئەندریا هەڵدەدا بۆ ئەوەی پشتی بۆ وشک بکاتەوە). دیوار و توێژاڵ و بێجووڵەیی! دوو هەزار ساڵ مرۆڤ لەو بڕوایەدا بوو، کە ڕۆژ و هەموو هەسارەکانی ئاسمان بە دەوریدا دەسووڕێنەوە. پاپا، کاردیناڵەکان، میرەکان، زاناکان، کەشتییەوانەکان، بازرگانەکان، ژنە ماسیگرەکان و منداڵانی خوێندنگەکان لەو بڕوایەدا بوون، بە بێجووڵە لەنێو ئەو گۆیە کریستاڵییەدا دانیشتوونە. بەڵام ئەندریا، ئێستا دەچینە دەرەوە، زۆر بە خێراییش. چونکە سەردەمی کۆن بەسەرچوو و

سەردەمێکی نوێ داهاتووە. هەروەکو بڵێی سەد ساڵە مرۆڤ چاوەڕوانی شتێک بێ.

شارەکان تەسکن، هەروەها کەللەسەرەکانیش. پووچباوەڕیی و تاعوون. بەڵام ئێستا دەوترێ: لەبەرئەوەی ئاوهایە، وا نامێنێتەوە. چونکە هاوڕێکەم، هەموو شتێک دەجووڵێتەوە.

من پێم خۆشە بڵێم، کە لەگەڵ کەشتییەکاندا دەستی پێ کرد. لەوەتەی مرۆڤ بیر دەکاتەوە کەشتییەکان تەنیا بە درێژاییی کەنارەکان دەجووڵان، بەڵام لەپڕ کەنارەکانیان بەجێ هێشت و بە سەر هەموو دەریاکاندا ڕۆیشتن.

لەسەر کیشوەرە کۆنەکەمان دەنگۆیەک هاتە ئاراوە: کیشوەری نوێ هەیە. لەوەتەی کەشتییەکانیشمان سەفەریان بۆ دەکەن، لەسەر کیشوەرە دەم بەخەندەکان دەوترێ: ئەو دەریا مەزنەی لێی دەترسایین ئاوێکی بچووکە. زەوقێکی گەورە سەری هەڵداوە، لە هۆکارەکانی هەموو شتێک بکۆڵرێتەوە: بۆ بەرد بەر دەبێتەوە، کاتێ مرۆڤ دەستی لێ بەردەدا چۆن بەرز دەبێتەوە، کاتێ مرۆڤ هەڵی دەدا. هەموو ڕۆژ نییە شتێکی تازە نەدۆزرێتەوە. تەنانەت سەد ساڵییەکان هێشتا دەیەڵن لاوەکان بە گوێیاندا بقیژێنن، چی تازە دۆزراوەتەوە.

زۆر شت دۆزراوەتەوە، بەڵام زۆر شتی زیاتر هەیە، کە هێشتا دەتوانرێ بدۆزرێنەوە. بەو جۆرە کاری تر بۆ وەچە نوێیەکان هەیە.

لە (سیەنا)، لە گەنجیمدا، چەند شاگرد بەنایەکم بینی، پاش مشتومڕێکی پێنج دەقیقەیی نەزمێکی بە سوودتری تەناف جێی

نەریتێکی هەزارساڵەی گابەردپاڵنانی گرتبووەوە. ئەمجا زانیم: سەردەمی کۆن بە سەرچووە و سەردەمی نوێ هاتووە. بەمزووانە مرۆڤ لەبارەی نشینگەی خۆیەوە شت دەزانێ، لەبارەی ئەو هەسارەیەی کە لە سەری دەژی. ئیتر ئەو شتانەی لە کتێبە کۆنەکاندا نووسراون بۆی بەس نین.

چونکە ئەو شوێنەی هەزار ساڵ ئیمانی تێدا نیشتەجێ بوو، ئێستا گومانی تێدا جێگیرە. هەموو دنیا دەڵێ: بەڵێ ئەمە لە کتێبەکاندا نووسراوە، بەڵام بهێڵن ئێستا با بە چاوی خۆمان ببینین. ئەو ڕاستییەی لە هەموویان زیاتر چەپڵەی بۆ لێ دەدرا ئێستا دەستی ئافەرین بە شانیدا دەدرێ؛ ئەوەی مرۆڤ هەرگیز گومانی لێنەدەکرد، ئێستا گومانی لێ دەکات.

بەهۆی ئەمەوە تەوژمی بایەک هاتووەتە ئاراوە، کە تەنانەت پاڵتۆی زێڕباوی میر و کەشیشە بە دەستەڵاتەکان دەشەکێنێتەوە، بەجۆرێکی قاچوقولی قەڵەو و لاقی ڕەق و وشکیان لە ژێریانەوە دەردەکەون، لاقگەلێکی ڕەق وشکی وەکو لاقەکانی ئێمە. وەکو ئاشکرا بووە ئاسمانەکان خاڵین. ئەم شتە دەبێتە مایەی پێکەنینێکی باش.

بەڵام ئاوی زەوی ستوونە نوێیەکانی ڕستن دەئاژوێ و، لە کارگەکانی کەشتی دروستکردن، لە خانووەکانی تەناف و چارۆکەی کەشتی دروستکردنا لە نەزمێکی نوێدا لە هەمان کاتدا پێنجسەد دەست دەهەژێن.

من پێشبینی ئەوە دەکەم، کە هەر لەم سەردەمەی ئێمەدا لە بازاڕەکان باسی ئەستێرەناسی بکرێ. تەنانەت کوڕی ژنەماسیگرەکانیش دەچنە قوتابخانە. چونکە ئەم مرۆڤە تینووی

نوێگەرییەی شارەکانمان پێیان خۆشە، کە ئەستێرەناسییەکی نوێ ئێستا وا دەکا زەوییش بجووڵێ. هەموو کات وتراوە، کە هەسارەکان بە گومەزێکی کریستاڵییەوە نووساون، تا نەکەونە خوارێ. ئێستا پرکێشیمان کرد و دەیەڵێن لە بۆشاییدا بخوولێنەوە، بەبێ ئەوەی بە شتێکەوە چەسپابن و بە خێراییەکی زۆر، هەروەکو کەشتییەکانمان، بەبێ ئەوەی شتێک هەبێ خۆیانی پێوە بگرن و بە خێرایی ڕێ دەکەن.

زەویش بە شادمانییەوە بە دەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە و ژنی ماسیگرەکان، بازرگانەکان، میر و سەرکەشیشەکان و تەنانەت پاپا خۆی لەگەڵیدا دەخولێنەوە.

بەڵام ئەمشەو گەردوون لەپڕ چەقی خۆی لە دەست دا و سبەینێ چەندان چەقی لە ژمارە نەهاتووی هەیە. بەجۆرێکی کە ئێستا هەموو کەسێک وەکو چەق تەماشای دەکرێ و کەسیش وەکو چەق تەماشا ناکرێ. چونکە لەپڕ پانتایی فراوانە.

کەشتییەکانمان سەفەری دوور دەکەن، هەسارەکانمان لە پانتاییدا بۆ دوور دەڕۆن و دێنەوە، تەنانەت لە شەترەنجدا قەڵاکان لەم دواییەدا بە سەر هەموو خانەکاندا دەڕۆن.

وەکو شاعیرەکە دەڵێ: «ئاه سپێدەی بەیانی دەستپێکردن...»

**ئەندریا:**

«ئاه سپێدەی بەیانی دەستپێکردن!

ئەی نەسیمی با، کە

لە کەناری دەریا نوێیەکانەوە هەڵدەکا!»

دەبێ شیرەکەتان بخۆنەوە، چونکە ئێستا یەکسەر خەڵکی دێن.

**گالیلای:**

لەم نێوەندەدا لەوە تێگەیشتی کە دوێنێ پێم وتی؟

**ئەندریا:**

چی؟ خولاندنەوەکەی کیپەرنیکوس؟

**گالیلای:**

بەڵێ.

**ئەندریا:**

نەخێر. بۆچی دەتانەوێ من لەوە تێ بگەم؟ زۆر قورسە و منیش لە ئۆکتۆبەردا دەبمە یازدە ساڵ.

**گالیلای:**

من بەتایبەت دەمەوێ تۆ لەو شتە تێ بگەی. بۆ ئەوەی مرۆڤ تێی بگا، من کار دەکەم و کتێبی گران دەکڕم، لە جیاتی ئەوەی پارەی شیرفرۆشەکە بدەم.

**ئەندریا:**

بەڵام خۆ من دەبینم، ئێواران هەتاوەکە لە شوێنێکی تر وەستاوە وەکو لە بەیانیان. دە کەواتە جێگیر نییە! هەرگیزاو هەرگیز.

**گالیلای:**

تۆ دەبینی! چی دەبینی! هیچ نابینی. تۆ تەنیا چاوت زەق دەکەیتەوە. چاو زەقکردنەوە بینین نییە.

(سێپای دەستشۆرە ئاسنینەکە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دادەنێ). ئەمە هەتاوە. دانیشە. (ئەندریا لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ. گالیلای لە پشتییەوە دەوەستێ). کوا خۆر لە کوێیە،

له ڕاسته یان له چەپ؟

**ئەندریا:**

چەپ.

**گالیلای:**

ئەی چۆن دێته لای ڕاستەوە؟

**ئەندریا:**

بێگومان ئەگەر ئێوه بەرەو لای ڕاست هەڵی گرن.

**گالیلای:**

تەنیا ئاوها؟ (ئەندریا به کورسییەکەوە هەڵدەگرێ و نیو بازنه دەیخولێنێتەوە). ئێستا هەتاو له کوێیه؟

**ئەندریا:**

ڕاست.

**گالیلای:**

ئەی جووڵایەوە؟

**ئەندریا:**

نەء.

**گالیلای:**

چی جووڵایەوە.

**ئەندریا:**

من.

**گالیلای:**

(نەڕاندی): هەڵەیه! گەمژە! کورسییەکە!

**ئەندریا:**

بەڵام منیش لەگەڵیدا!

**گالیلای:**

بێگومان. کورسییەکە زەوییە. تۆ لە سەری دانیشتووی.

**سارتی خان:**

(هاتووەتە ژوورەوە بۆ ئەوەی جێخەوەکەی چاک کا. پێشوتر تەماشای دەکرد): جەنابی گالیلای، چی لە کوڕەکەم دەکەی؟

**گالیلای:**

سارتی، فێری بینینی دەکەم.

**سارتی خان:**

بەوەی بە ژوورەکەدا بیگێڕی؟

**ئەندریا:**

دایە لێ گەڕێ. تۆ لەمە تێ ناگەی.

**سارتی خان:**

ئاوها؟ بەڵام تۆ تێی دەگەی، وا نییە؟ کوڕێکی لاو کە دەیەوێ فێر بێ. جلی زۆر جوانی لە بەرەو نامەیەکی پشتگیریی لەگەڵ خۆی هێناوە. (نامەکەی دەداتێ). ئەندریای کوڕم وا لێ دەکەی، کە بانگەشەی ئەوە بکا، دوو جار دوو پێنجە. هەموو ئەو شتانەی کە ئێوە پێی دەڵێن تێکەڵ و پێکەڵ دەکا. دوێنێ ئێوارە بۆی سەلماندم، کە زەوی بە دەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە. قەناعەتی بەو شتە هێناوە کە بەڕێزێکی کیپەرنیکۆس ناو ئەوەی حسێب کردووە.

**ئەندریا:**

کیپەرنیکۆس حسێبی نەکردووە، جەنابی گالیلای؟ ئێوە خۆتان پێی بڵێن!

**سارتی خان:**

چی، بەڕاستی ئێوە شتێکی وا بێ مانای پێ دەڵێن؟ بیر لەوە بکەنەوە کە ئەو بچێتە قوتابخانە و چەنە بدا و پیاوە ڕوحانییەکان بێنە گیانی من، لەبەرئەوەی شتی مولحیدانە دەڵێ. جەنابی گالیلای، دەبێ شەرمتان بە خۆتان بێ.

**گالیلای:**

(بە دەم بەرچایی خواردنەوە): بەهۆی تۆژینەوەکانمانەوە، سارتی خان، پاش شەڕەقسەی توندوتیژ، ئەندریا و من، شتگەلێکمان دۆزیوەتەوە، کە ناتوانین لەوە زیاتر لە دنیای بشارینەوە. سەردەمێکی نوێ دەستی پێ کردووە، سەردەمێکی مەزن، کە ژیان تێیدا لەزەتە.

**سارتی خان:**

ئاوها، جەنابی گالیلای هیوادارم ئێمە بتوانین لە سەردەمی نوێدا پارەی شیر فرۆشەکەیش بدەین. (ئاماژە بۆ نامەی پشتگیرییەکە دەکا): تەنیا یەک چاکەیەکم لەگەڵ بکەن و جارێکی تر ئەو نامەیە مەنێرنەوە. من بیر لە حیسێبی شیرەکە دەکەمەوە. (دەڕوا).

**گالیلای:**

(بە پیکەنینەوە): بیەڵن بەلای کەمەوە شیرەکەم بخۆمەوە! (بە ئەندریا): واتە دوێنێ لە چەند شتێک تێ گەیشتین.

**ئەندریا:**

من تەنیا ئەوەم پێ گوت، بۆ ئەوەی سەری سور بمێنێ. بەڵام ڕاست نییە. ئێوە نیشتۆکەکەتان بە منەوە تەنیا بەلادا بە دەوری خۆتاندا خولاندەوە و نەک ئاوەها. (دەست بەرەو پێشەوە دەجووڵێنێ). ئەگینا بە دەما دەکەوتمە خوارێ، ئەمە حەقیقەتە. بۆچی نیشتۆکەکەتان بەرەو پێشەوە نەخولاندەوە؟ چونکە ئەمجا دەسەلما، کە من بەهەمان شێوە لەسەر زەویش دەکەوتمە خوارەوە، ئەگەر ئاوا بسووڕێتەوە. ئەمەیە مەسەلەکە.

**گالیلای:**

خۆ من هەرچۆنێک بێ بۆم سەلماندی...

**ئەندریا:**

بەڵام ئەمشەو دۆزیمەوە، کە من بەڵێ، ئەگەر زەوی ئاوا بسووڕێتەوە، شەو سەربەرەوخوار دەکەوتم و ئەمە حەقیقەتە.

**گالیلای:**

(سێوێک لەسەر مێزەکە هەڵدەگرێ): واتە ئەمە زەوییە.

**ئەندریا:**

جەنابی گالیلای، تەنیا بەم نموونانەوە مەیە پێشەوە. بەمە هەردەم بۆت دەلوێ.

**گالیلای:**

(سێوەکە دادەنێتەوە): باشە.

**ئەندریا:**

مرۆڤ هەموو کات بە نموونە بۆی دەلوێ، ئەگەر مرۆڤ ژیر بێ. تەنیا من ناتوانم دایکم لە نیشتۆکێکدا ڕابکێشم، وەکو ئێوە من

ڕادەکێشن. دەبینن، ئەمە چەند نموونەیەکی خراپە. ئەی چی دەبێ، ئەگەر سێوەکە زەوی بێ؟ ئەمجا هیچ نابێ.

**گالیلای:**

(پێدەکەنێ). خۆ تۆ ناتەوێ بیزانی.

**ئەندریا:**

سێوەکە هەڵگرنەوە. بۆچی شەو سەر بەرەو خوار نابمەوە؟

**گالیلای:**

ئێرە زەوییە و تۆ لێرە وەستاوی. (چیلکەدارێک لە زۆپاکە دەردەهێنێ و بە سێوەکەیدا دەکا). ئێستا زەوی دەسووڕێتەوە.

**ئەندریا:**

ئێستا من سەرم لە خوارەوەیە.

**گالیلای:**

بۆچی؟ باش سەیر کە! سەرەکە لە کوێیە؟

**ئەندریا:**

(لەسەر سێوەکە پێشانی دەدا): لێرەیە. لە خوارەوە.

**گالیلای:**

چی؟ (بەرەو دواوە دەیخولێنێتەوە): ئەی لە هەمان شوێن نییە؟ پێیەکان لە خوارەوە نەماون؟ تۆ وەستاوی، کاتێ من دەیخولێنمەوە، ئاوها؟ (چیلکە دارەکە دەردەهێنێ و دەیخولێنێتەوە).

**ئەندریا:**

نەخێر. ئەی بۆچی من بەهیچ شێوەیەک هەست بە خولانەوەکە ناکەم؟

**گالیلای:**

لەبەرئەوەی تۆ لەگـەڵیـدا دەخـولێـیـتـەوە! تۆ و ئەو هـەوایەی لە سـەرەوەتەوەیە و هـەموو ئەو شـتانەی کە بە سـەر ئەو گۆیەوەن.

**ئەندریا:**

ئەی بۆچی وا دەردەکەوێ، وەکو هەتاوەکە ڕابکا؟

**گالیلای:**

(جـارێکی تر سـێوەکە بە چیلـکە دارەکەوە دەخـولێنێـتـەوە): واتە تۆ لە ژێر خـۆتدا زەوی دەبینـی، ئەو وەکـو خـۆی دەمـێنـێـتـەوە، هـەمـوو کات لە خـوارەوەیە و بۆ تۆ وا دەردەکەوێ کە ناجـووڵێ. بەڵام ئێسـتا سـەیری سـەرەوەی خۆت بکە. ئێسـتا چراکـە بەسـەر سـەرتەوەیـە، بەڵام ئێـسـتـا، ئێـسـتـا واتـە لە سـەرەوە، بەسـەرسـەرتەوە، چی ڕوو دەدا، کاتێ من بیسـووڕێنمەوە؟

**ئەندریا:**

(لەگەڵیدا دەسووڕێتەوە): زۆرپاکە.

**گالیلای:**

ئەی چراکە لە کوێیە؟

**ئەندریا:**

لە خوارەوە.

**گالیلای:**

ئاوها!

**ئەندریا:**

ئەمە باشـە، ئەوجا ئەو سـەری لەمـە سـوڕ دەمێنـێ.

(لودۆڤیکۆ مارسیلی، کوڕێکی گەنجی دەوڵەمەندە، دێتە ژووریٚ).

**گالیلای:**

ئێرە وەکو سەرە ڕێگە وایە.

**لودۆڤیکۆ:**

بەڕێز بەیانیتان باش. من ناوم لودۆڤیکۆ مارسیلییە.

**گالیلای:**

(نامەی پشتگیرییەکەی دەخوێنێتەوە): ئێوە لە هۆڵەنداوە هاتوون؟

**لودۆڤیکۆ:**

جەنابی گالیلای، لەوێ زۆر شتم لە بارەی ئێوەوە بیستووە.

**گالیلای:**

کەس و کارەکەت لە کامپانیا شتومەکیان هەیە؟

**لودۆڤیکۆ:**

دایکم حەزی کرد، کە من کەمێک دەوروبەر بگەڕێم، چی لە دنیادا ڕوو دەدا و هەتا دوایی.

**گالیلای:**

لە هۆڵەندا بیستتان، کە من بۆ نموونە لە ئیتاڵیا چی لە دەوروبەری من ڕوو دەدا؟

**لودۆڤیکۆ:**

دایکم حەزیش دەکا، تەماشای زانستەکانیش بکەم...

**گالیلای:**

وانەی تایبەتی: مانگی بە دە سکودی.

**لودۆڤیکۆ:**

زۆر باشە، گەورەم.

**گالیلای:**

ئارەزووەکانت چین؟

**لودۆڤیکۆ:**

ئەسپ.

**گالیلای:**

ئاوها.

**لودۆڤیکۆ:**

جەنابی گالیلای، من مێشکی زانستم پێوە نییە.

**گالیلای:**

ئاوها. لەم بارودۆخەدا مانگی دەکاتە پازدە سکودی.

**لودۆڤیکۆ:**

زۆر باشە، جەنابی گالیلای.

**گالیلای:**

دەبێ بەیانی زوو بەئێوە دەست پێ بکەم؟ ئەندریا ئەمە بە زیانی تۆ دەکەوێتەوە. چونکە تۆ دەبێ دەست هەڵگری. تێ دەگەی، خۆ تۆ پارە نادەی.

**ئەندریا:**

من یەکسەر دەڕۆم. دەتوانم سێوەکە لەگەڵ خۆم ببەم؟

**گالیلای:**

بەڵێ.

(ئەندریا دەڕواتە دەرەوە)

**لودۆڤیکۆ:**

دەبێ لەگەڵمدا حەوسەڵەتان زۆر بێ. بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەرئەوەی لە زانستدا هەردەم بەجۆرێکی ترە وەکو عەقڵی تەندروستی مرۆڤ دەیڵێ. بۆ نموونە ئەم بۆڕییە سەیروسەمەرەیەی لە ئەمستردام دەیفرۆشن. من بەتەواوی پشکنیم. بەرگێکی چەرمی سەوز و دوو زەرەبینی هەیە، یەکێکی ئاوها (ئاماژەی زەرەبینێکی چاڵ دەکا)، یەکێکی ئاوها (ئاماژە بۆ زەرەبینێکی قۆقز دەکا). بیستوومە، یەکێکیان شت گەورە دەکاتەوە و یەکێکیان شت بچووک دەکاتەوە. هەموو مرۆڤێکی ژیر وا بیر دەکاتەوە، کە یەکتر تەواو دەکەن. هەڵەیە. لەم شتەوە مرۆڤ هەموو شتێک پێنجار گەورەتر دەبینێ. ئەمە زانستەکەی ئێوەیە.

**گالیلای:**

ئەوە چی شتێکە پێنج جار گەورەتر دەبێتەوە؟

**لودۆڤیکۆ:**

نووکی بورجی کڵێسا، کۆتر؛ هەموو شتێکی کە دوور بێ.

**گالیلای:**

ئێوە خۆتان نووکی بورجی کڵێساتان بە گەورەکراوەیی بینیوە؟

**لودۆڤیکۆ:**

بەڵێ بەڕێز.

**گالیلای:**

بۆڕییەکە دوو زەرەبینی هەبوو؟

(لەسەر کاغەزێک وێنەیەک دەکێشێ)

بەم جۆرە بوو؟

(لودۆڤیکۆ سەر دەلەقێنێ)

دۆزینەوەکە چەند کۆنە؟

**لودۆڤیکۆ:**

لەو بڕوایەدام کاتێ هۆڵەندام بەجێ هێشت لە چەند ڕۆژێک زیاتر نەبوو، بەهەرحاڵ ماوەیەکی زۆر نەبوو کەوتبووە بازاڕ.

**گالیلای:**

(بە کەمێک دلۆڤانییەوە)

ئەی لەبەر چی دەبێ فیزیا بێ؟ بۆچی دەبێ ئەسپ بەخێوکردن نەبێ.

(سارتی خان دێتە ژوورەوە، گالیلای هەستی پێ ناکا)

**لودۆڤیکۆ:**

دایکم دەڵێ، کەمێک زانست پێویستە. هەموو دنیا لەم سەردەمەدا شەرابەکەی بە زانستەوە دەخواتەوە، دەزانن.

**گالیلای:**

دەتوانی بەهەمان شێوە زمانێکی مردوو یان ئاینناسیی هەڵبژێری. ئەمە ئاسانترە.

(سارتی خان دەبینێ)

باشە، بەیانی سێشەمە وەرە.

(لودۆڤیکۆ دەڕوا)

وا سەیرم مەکە. خۆ من وەرم گرت.

**سارتی خان:**

لەبەرئەوەی تۆ لە کاتێکی باشدا منت بینی. کارگێڕی سامانی دانیشگا لە دەرەوە چاوەڕوانە.

**گالیلای:**

بیهێنە ژوورەوە، ئەو گرینگە. لەوانەیە ٥٠٠ سکودی بە چاوەوە بێ. ئەوسا پێویستیم بە قوتابی نامێنێ.

(سارتی خان کارگێڕ دەهێنێتە ژوورێ. گالیلای بەتەواوی خۆی لەبەر کردووە، ژمارە لەسەر پارچە کاغەزێک دەنووسێ)

بەیانیت باش، نیو سکودیم بە قەرز بدەرێ.

(ئەو پارە ئاسنەی کە کارگێڕەکە لە کیسەکەی دەری دەهێنێ دەیداتە سارتی)

سارتی، ئەندریا بنێرە بۆ لای چاویلکەسازەکە بۆ ئەوەی دوو زەرەبین بهێنێ؛ ئەمانە ئەندازەکانن.

(ساتی بە پارچە کاغەزەکەوە دەڕوا)

**کارگێڕ:**

من لەبەر داواکارییەکەتان بۆ بەرزکردنەوەی مووچەکەتان بۆ ١٠٠٠ سکودی هاتووم. بە داخەوە من ناتوانم لە دانیشگا پشتگیریی لێ بکەم. خۆتان دەزانن، ڕشتەکانی بیرکاریی خەڵکێکی زۆر لە زانکۆ کۆ ناکەنەوە. بیرکاریی وەکو بڵێی هونەرێکە نانی پێ پەیدا ناکرێ. وەکو ئەوەی کۆمار لە هەموو شتێک زیاتر قەدری نەزانێ. نە وەکو فەلسەفە پێویستە، نە وەکو ئایینناسیی سوودگەیێنە، بەڵام لەزەتێکی بێکۆتایی دەداتە شارەزاکان.

**گالیلای:**

(بەسەر کاغەزەکانییەوە)

ئازیزم، من ٥٠٠ سکودی بەشم ناکات.

**کارگێڕ:**

بەڵام، جەنابی گالیلای، ئێوە دوو جار دوو سەعات دەرس دەڵێنەوە. ناوبانگی ناوازەتان بڕێکی زۆر قوتابیتان بۆ کۆ دەکاتەوە، کە دەتوانن بۆ وانە تایبەتییەکانتان پارەتان بدەنێ. قوتابیی تایبەتیت نییە؟

**گالیلای:**

بەڕێز، من قوتابیم زۆر زۆرە! من دەرس دەڵێمەوە و دەرس دەڵێمەوە، ئەی خۆم کەی شت فێر بم؟ عەبدی خوا، من وەکو بەڕێزەکانی ڕشتەی فەلسەفە ژیر نیم، من گەمژەم. من هەر هیچ تێ ناگەم. واتە من ناچارم کەلێنە زانستییەکانم پڕ بکەمەوە. ئەی کەی ئەمە بکەم؟ کەی تۆژینەوە بکەم؟ بەڕێز، زانستەکەم هێشتا زانخوازە! لەبارەی کێشە هەرە گەورەکان جگە لە گریمانە هیچی ترمان نییە. بەڵام ئێمە داوای بەڵگە لە خۆمان دەکەین. بەڵام چۆن هەنگاوی زیاتر بنێم، ئەگەر من، بۆ ئەوەی بتوانم بژێوی خۆم پەیدا بکەم، ناچار بم هەر گەوجێک بتوانێ پارە بدا فێری بکەم کە هاوتەرییەکان لە بێکۆتاییدا یەکتر دەبڕن؟

**کارگێڕ:**

بە تەواوی لە بیرتان نەچێ، کە ڕەنگ بێ کۆمار بە قەدەر ئەوەندە پارە نەدات وەکو هەندێ میر دەیدات، بەڵام ئازادیی

تۆژینەوە مەیسەر دەکات. ئێمە لە پادوا تەنانەت ڕێ بە پرۆتەستانتەکان دەدەین گوێ لە دەرس بگرن! پلەی دوکتۆریشیان دەدەینێ. ئێمە جەنابی کرێمۆنیمان نەک هەر تەنیا ڕادەستی دادگەی لێکۆڵینەوە نەکرد، کاتێ بۆ ئێمەیان سەلماند، جەنابی گالیلای، کە ئەو گوزارشتی نائاینی دەکا، بگرە ڕێگەمان بە زیادکردنی مووچەکەی دا. هەتا هۆڵەندا دەزانرێ، ڤینیتسیا کۆمارێکە، کە دادگەی لێکۆڵینەوە مافی قسەکردنی نییە. ئەمەیش تا ئاستێک بە بەهایە بۆ ئێوە، کە ئێوە هەسارەناسن، واتە لە ڕشتەیەکدا کار دەکەن، ماوەیەکە تیۆری کڵێسا بەچاوی ڕێزی شایانەوە سەیری ناکرێ.

**گالیلای:**

لێرەوە جەنابی جۆردانۆ برونۆتان ڕادەستی ڕۆما کرد. لەبەرئەوەی تیۆری کۆپەرنیکۆسی بڵاو دەکردەوە.

**کارگێڕ:**

نەک لەبەرئەوەی تیۆری کۆپەرنیکۆسی بڵاو دەکردەوە کە لەگەڵ ئەوەشدا تیۆرییەکی هەڵەیە، بگرە لەبەرئەوەی ڤینیسیایی نەبوو و لێرەش لەسەر هیچ کارێک دانەمەزرابوو. ئەوجا پێویست بەوە ناکا ئێوە خۆتان لەو سووتێنراوە هەڵقورتێنن. لە پاڵ ئەمەیشدا، لەگەڵ هەموو ئازادییەکدا مایەی ئامۆژگارییە، ناوێکی بەو جۆرە، کە بەجەختەوە نەفرەتی کڵێسای بە سەرەوەیە لە هیچ جێگەیەک بهێنرێ، لێرەشدا نا، بەڵێ، تەنانەت لێرەشدا نا.

**گالیلای:**

پاراستنی بیروڕای ئازاد بۆ ئێوە بازرگانییەکی زۆر باشە، وا

نییە؟ بەوەی ئێوە هەردەم ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە شوێنێکی تر دادگەی لێکۆڵینەوە سەروەرە و خەڵک دەسووتێنێ، لێرە فێرکاری باشی هەرزانتان دەست دەکەوێ. ئێوە قەرەبووی پاراستن لە دادگەی لێکۆڵینەوە بەوە دەکەنەوە، کە خراپترین مووچە دەدەن.

**کارگێڕ:**

ناحەقییە! ناحەقییە! چی قازانجتان پێ دەگەیەنێ، کاتێکی زۆرتان بۆ تۆژینەوە هەبێ، ئەگەر هەر قەشەیەکی نەزانی دادگەی لێکۆڵینەوە بتوانێ سووک و ئاسان بیرۆکەکانتان لێ قەدەخە بکا؟ بەڕێز گالیلای، هیچ گوڵێک بێ دڕک نییە، هیچ میرێک بێ قەشە نییە.

**گالیلای:**

ئەی ئازادیی تۆژینەوە بەبێ کاتی تەرخانکراو بۆ تۆژینەوە چی سوودی هەیە؟ چی بە سەر ئەنجامەکان دێت؟ لەوانەیە جارێک ئەم لێکۆڵینەوانە لەبارەی یاساکانی کەوتنە خوارەوەی تەنەکان (ئاماژە بۆ کۆمەڵێک دەستنووس دەکا) پێشانی نێردرداوەکانی میری بدەی و لێیان بپرسن، ئاخۆ بایی ئەوە نین چەند سکودییەک زیاتریان پێ بدرێ.

**کارگێڕ:**

بەڕێز گالیلای، بێ کۆتا بە نرخترە.

**گالیلای:**

بەڕێز، نەک بێ کۆتا بە نرخترە، بگرە بایی ئەوەیە ٥٠٠ سکودی زیاتری پێ بدرێ.

**کارگێڕ:**

تەنیا شتێک بایی سکودییە، کە سکودی بهێنێ. ئەگەر پارەتان دەوێ، دەبێ شتێکی تر پێشان بدەن. ئێوە دەتوانن بۆ ئەو زانستەی کە دەیفرۆشن، تەنیا داوای ئەوەندە بکەن، کە ئەو کەسەی لێتان دەکڕێ، دەستی دەکەوێ. بۆ نموونە ئەو فەلسەفەیەی جەنابی کۆلۆمبە لە فلۆرەنسا دەیفرۆشی، بەلای کەمەوە ۱۰۰۰۰ سکودی لە ساڵێکدا بۆ میر دەهێنێ. بێگومان یاساکانی کەوتنی تەنەکانتان هەنگامەیان نایەوە. لە پاریس و پراگ چەپڵەتان بۆ لێ دەدەن. بەڵام ئەو بەڕێزانەی چەپڵە لێ دەدەن ئەو پارەیە بە دانیشگای پادوا نادەن کە ئێوە لە سەری دەکەون. بەڕێز گالیلۆ بەدبەختییەکەی ئێوە ڕشتەکەتانە.

**گالیلای:**

تێ دەگەم: بازرگانیی ئازاد، تۆژینەوەی ئازاد. بازرگانیی ئازاد بە تۆژینەوەوە، وا نییە؟

**کارگێڕ:**

بەڵام بەڕێز گالیلای! ئەمە چی بۆچوونێکە! مۆڵەتم پێ بدەن بڵێم، کە من بە تەواوی لە سەرنجە گەمەئامێزەکانتان تێ ناگەم. بازرگانیی گەشەکردووی کۆمارم قێزەون نایەتە بەرچاو. لەوەش کەمتر حەز دەکەم وەکو کارگێڕی چەند ساڵەی زانکۆ بەم جۆرە ڕێم بدەن بە تۆنی هیچوپووچ باسی تۆژینەوە بکەم. (لە کاتێکدا گالیلای نیگای بە تاسە دەگرێتە مێزی کارکردنەکەی) بیر لە بارودۆخی دەوروبەر بکەنەوە! بیر لەو کۆیلەتییە بکەنەوە کە لە هەندێ شوێن زانستەکان لەژێر قامچییەکەیاندا دەناڵێنن! لەوێ لە بەرگی چەرمی کتێب قامچی دروست کراوە. لەوێ پێویست

بەوە ناکا مرۆڤ بزانێ بەرد چۆن دەکەوێتە خوارەوە، بگرە ئەرەستۆ چی لە بارەیەوە دەنووسێ. مرۆڤ چاوی تەنیا بۆ خوێندنەوەیە، یاسای کەوتنە خوارەوەی نوێی بۆ چییە، ئەگەر تەنیا یاساکانی کڕنووش گرینگ بن؟ ئەو خۆشنوودییە بێ کۆتاییەی ڕووبەڕوو بکەنەوە کە کۆمارەکەمان بیرۆکەکانتان هەرچی چەندە بوێرانەش بن، وەردەگرێ! لێرە دەتوانن توێژینەوە بکەن! لێرە دەتوانن کار بکەن! کەس چاودێریت ناکا، کەس ناتانچەوسێنێتەوە! بازرگانەکانمان کە دەزانن، چی کەتانێک لە کێشمەکێشی کێبەرکێکەری لەگەڵ فلۆرەنسەدا دەگەیەنێ، بە بایەخەوە بۆ "فیزیایەکی باشتر" گوێ لە بانگەوازەکەتان دەگرن، ئەی فیزیا چەند قەرزارباری داوایە بۆ تەونی باشتر! هاووڵاتییە نایابەکانمان بایەخ بە توێژینەوەکانتان دەدەن، سەردانتان دەکەن، سەیری دۆزینەوەکانتان دەکەن کاتێ بۆیان نمایش دەکەن، خەڵکگەلێک کە کاتەکەیان بە نرخە. بەڕێز گالیلای بە سووکی سەیری بازرگانیی مەکەن. کەس لێرە بەوە ڕازی نابێ، کارەکەت بە کەمترین شێوەش بشێوینرێ، کە خەڵکی ناشارەزا کۆسپتان بۆ دروست بکەن، بەڕێز گالیلای دانی پێدا بنێن، ئێوە دەتوانن لێرە کار بکەن.

**گالیلای:**

(بە نائومێدییەوە):

بەڵێ.

**کارگێڕ:**

ئەوەی پێوەندی بە مادەشەوە هەیە: جارێکی تر شتێکی جوانی وەکو بازنەی ڕێژەپێوانە بەناوبانگەکەتانمان بۆ بکەن، کە مرۆڤ

(بە پەنجەکانی دەژمێرێ) بەبێ هیچ زانیارییەکی بیرکاریی دەتوانێ هێڵی پێ بکێشێ، سووی سەرمایەی پێ بژمێردێ، نەخشەی بناخەی زەوی بە پێوانەی بچووککراوە یان گەورەکراوەوە بەرهەم بهێنێتەوە و دەتوانێ قورسیی گوللەتۆپی پێ دیاری بکا.

**گالیلای:**

قسەی هیچ.

**کارگێڕ:**

شتێک کە بەرزترین پیاوانی سەرسام کرد و سەرنجی ڕاکێشاون و پارەی کردووە ئێوە بە قسەی هیچ ناوی دەبەن. وەکو بیستوومە تەنانەت جەنەراڵ ستێفانۆ گریتی دەتوانێ بەم ئامرازە ڕەگی ژمارە دەربهێنێ.

**گالیلای:**

بە ڕاستیی پەرجووە. لەگەڵ ئەوەشدا پرویلی، ئێوە واتان لێ کردم بیر بکەمەوە. پرویلی، لەوانەیە شتێکی لەو بابەتەی ناوبراوم بۆ ئێوە هەبێ.

(کاغەزی هێڵکارییەکە هەڵدەگرێ).

**کارگێڕ:**

ئاوها؟ بەڵێ ئەمە چارەسەرەکەیە. (هەڵدەستێتە سەر پێ). بەڕێز گالیلای ئێمە دەزانین ئێوە پیاوێکی مەزنن. پیاوێکی مەزن، بەلام پیاوێکی ناڕازی، ئەگەر مۆڵەت هەبێ من وا بڵێم.

**گالیلای:**

بەڵێ، من ناڕازیم، ئەمەش ئەوەیە، کە ئێوە هێشتا پارەم دەدەنێ

ئەگەر عەقڵتان هەبێ! چونکە من لە خۆم نارازیم. بەڵام لە جیاتی ئەوە ئێوە مشوری ئەوە دەخۆن کە دەبێ لە ئێوە رازی بم. من دانی پێدا دەنێم، کە لەزەتی لێ دەبینم، بۆ ئێوەی ئاغایانی ڤینیسیایی لە جبەخانە بەناوبانگەکانتاندا، لە کارخانەی کەشتی و تۆپهاوێژتاندا پیاوەتی خۆمتان پێشان بدەم. بەڵام کاتم بۆ ناهێڵنەوە، بەدوای وردەکارییەکانی بیرکردنەوەکانم بکەوم، کە بۆ بواری زانستەکەم پاڵم پێوە دەنێن، ئێوە دەمی ئەو گایە دەبەستنەوە کە گێرە دەکا. من تەمەنم ٤٦ ساڵە و هیچ دەستکەتێکم نەبووە رازیم بکا.

**کارگێڕ:**

نامەوێ لەوە زیاتر وەڕەست بکەم.

**گالیلای:**

سوپاس.

(کارگێڕ دەڕوا).

(گالیلای چەند چرکەساتێک بە تەنیا دەمێنێتەوە و دەست بە کار دەکا. ئەمجا ئەندریا بە ڕاکردن دێت).

**گالیلای:**

(بە دەم کارکردنەوە): بۆچی سێوەکەت نەخوارد؟

**ئەندریا:**

بۆ ئەوەی پێشانی بدەم، کە دەسوورێتەوە.

**گالیلای:**

ئەندریا، دەبێ شتێکت پێ بڵێم، لەلای خەڵکی باسی بیرۆکەکانمان مەکە.

**ئەندریا:**

بۆچی باسی نەکەم.

**گالیلای:**

دەستەڵاتدارەکان قەدەخەیان کردووە.

**ئەندریا:**

بەڵام خۆ ئەوە ڕاستییە.

**گالیلای:**

بەڵام قەدەخەی دەکەن. لەم حاڵەتەدا شتێکی تریشی دەچێتە سەر. ئێمەی فیزیاناس هەموو کاتێک ناتوانین ئەوە بسەلمێنین، کە بە ڕاستی دەزانین. هەتا ئێستا هێشتا تیۆری کۆپەرنیکوسیش نەسەلمێنراوە. تەنیا گریمانەیەکە. عەدەسەکانم بدەرێ.

**ئەندریا:**

نیو سکودۆکە بەشی نەکرد. دەبوو پاڵتۆکەم وەکو بارمتە لەوێ بەجێ بهێڵم.

**گالیلای:**

زستان بەبێ پاڵتۆ چی دەکەی؟

(پشوو. گالیلای عەدەسەکان لەسەر پەڕەی هێڵکارییەکان ڕیز دەکا).

**ئەندریا:**

گریمانە چییە؟

**گالیلای:**

ئەمە ئەوەیە، کە مرۆڤ شتێک وەکو ئەگەر وەرگرێ، بەڵام

ڕاسـتـیی لەلا نەبێ. فـێلیـچـە لە خـوارەوە لە بـەردەم دووکـانی سـەبەتـەچنەکەدا، منداڵەکەی ناوەتە بەر مـەمکیـیـەوە و شـیـری دەداتێ، نەوەکو منداڵەکە شیـر بەو بدا، ئەمە ئەوەندە گریمانەیە، هەتا مـرۆڤ بۆ ئەوێ نەچێ و نـەیبـینێ و نـەتوانێ بیـسـەلمێنێ. ئێمـە لە ئاستی هـەسارەکاندا وەکو کرمی بەرچاو لێڵ واین، کە زۆر کـەم دەبینین. تیـۆرییـە کۆنەکـان، کـە هـەزاران سـاڵ جێگەی بڕوا بوون، بـەتەواوی خـەریکە دادەڕووخـێن؛ ئەم سـاخـتـمـانە زەبەلاحـانە لەو سـتـوونانەی کە دەبێ ڕایان گرن داریان کـەمـتـر پێـوەیە. گـەلێک یاسـا زۆر کـەم شت ڕوون دەکـەنەوە، هـاوکـات گریمانە نوێیـەکە یاسـای زۆر کـەمـی هـەیە، بەڵام زۆر شت ڕوون دەکاتەوە.

**ئەندریا:**

بەڵام ئێوە هەموو شتێکتان بۆ من سەلماند.

**گالیلای:**

تەنیـا ئەوەی کـە لەوانەیە وا بێ. تۆ تێ دەگـەی، کـە گریمانەکـە زۆر جوانە و هیچ شتێک دژی ناوترێ.

**ئەندریا:**

بەڕیز گالیلای، منیش دەمەوێ ببمە فیزیاناس.

**گالیلای:**

باوەڕ دەکـەم، بەهـۆی ئەو پرسـیـارە زۆرانـەی کـە لـەم بوارەی ئێـمـەدا دەبێ ڕوون بکرێنەوە. (چووە بۆ لای پەنجـەرەکـە و لە عـەدەسـەکەوە سـەیر دەکا. تـا ڕادەیەک بە بایەخـەوە). ئەندریا، وەرە سەیر کە.

**ئەندریا:**

حەزرەتی مریەم، هەموو شتێک نزیک دەبێتەوە. زەنگەکەی سەر بورجەکە زۆر نزیکە. تەنانەت دەتوانم پیتە مسینەکان ببینم: ستایشی خوا.

**گالیلای:**

ئەمە ٥٠٠ سکودی بە چاوەوەیە.

٢

(گاليلای داهێنانێکی نوێ دەداتە کۆماری ڤینیسیا دەکا)

هەموو شتێکی کە پیاوی گەورە دەیکا گەورە نییە

گالیلایش حەزی لە خواردنی باش بوو.

ئێستا گوێ لە ڕاستیی لەبارەی دووربین بگرن و

لەبەرئەوە تووڕە مەبن.

(جبەخانە گەورەکەی ڤینیتسیا لەسەر لەنگەرگاکە. ئەندامانی ئەنجوومەن، لە پێشی پێشەوە دۆق. لە تەنیشتەوە ساگرێدۆی هاوڕێی گالیلای و ڤیرجینیا گالیلای پازدە ساڵ سەرینێکی مەخمەڵی بە دەستەوەیە، دووربینێکی نزیکە ٦٠سم–ی درێژی لە کیفێکی چەرمی سووری بریقەداردا بەسەر سەرینەکەوەیە. گالیلای بە سەر سەکۆیەکەوەیە. سێپێیەک بۆ دووربینەکە لە پشتەوەی گالیلایەوەیە، فێدەرزۆنی عەدەسە سافکارەکە سەرپەرشتی دەکا).

**گالیلای:**

خاوەن شکۆ، پیاوماقولان! وەکو مامۆستای بیرکاری لە دانیشگاکەتان لە پادوا و بەڕێوەبەری جبەخانە گەورەکەتان لە ڤینیسیا هەموو کات بە ئەرکی خۆمم زانیوە، نەک تەنیا ئەرکی بەرزی وانەوتنەوە ڕاپەڕێنم، بگرە لە ڕێی دۆزینەوەی بە سوودەوە سوودی ناوازە بۆ کۆماری ڤینیسیا بخوڵقێنم. بە ئاسوودەییەکی قووڵ و ملکەچیی قەرزاربارانەوە دەتوانم ئەمڕۆ

ئامـێـرێکی بە تەواوەتی تـازەتان نمایش بکەم و بدەمــە دەست، دووربینەکــەم یـان تەلـەسکۆبـەکــەم، لە جـبــەخـــانە گــەورە و ناودارەکـەتـان بە ڕەچاوکـردنـی بەرزترین بنـەمـاگـە زانسـتـی و مـەسـیـحـیـیـەکـان دروست کـراوە و بـەروبوومـی تۆژینـەوەی بە سـەبری حـەڤـدە سـاڵەی بەندەی دەسـتـەنـەزەرتان. (گـالـیـلای سـەکۆکـە بەجێ دەهێڵێ و لە تەنیشت سـاگرێدۆوە ڕادەوەسـتێ. چەپڵە. گالیلای دادەچەمێتەوە).

**گالیلای:**

(بەدەنگی نزم بە ساگرێدۆ): کات بە فیڕۆدانە.

**ساگرێدۆ:**

(بەدەنگی نزم): زەلام، توانای ئەوەت دەبێ پـارەی قـەسـابەکـەت بدەی.

**گالیلای:**

بەڵێ، ئەمە پارەیان بۆ دەهێنێ. (جارێکی تر دادەچەمتەوە).

**کارگێڕ:**

(دەچێتە سـەر سەکۆکەکە): بەڕێزان، پیاوماقوڵان! جـارێکی تر پەڕەیەکـی پڕ لە شکۆ لە کـتـێـبی گـەورەی هونەرەکـان بە پیـتـی ڤـینیسـیـایی پـڕ دەکرێتـەوە. (چەپڵـەی بە شکۆ). زانایەکی کـە ناوبانگی لە دنیـادا هەیە دووربینێکی زۆر بە ڕەواجتـان دەداتێ، تەنیـا بە ئێـوە، دەتوانـن دروسـتـی بکەن و بەو جـۆرەی بتـانەوێ بیـخـەنـە بازاڕەوە. (چەپڵەیـەکی گەرمـتـر). بۆشـتـان دەرکـەوتووە، کە ئێمە بەهۆی ئەم ئامێرەوە لە شـەڕدا کەشتییەکانی دوژمن بە ژمارە و جۆر دوو سـەعـات زووتر دەناسینەوە وەکو لەوەی ئەوان

کەشتییەکانی ئێمە بناسنەوە، بەجۆرێکی ئێمە، کە بە هێزیانمان زانی، بتوانین بڕیاری ڕاونانیان، شەڕ لەگەڵداکردنیان یان هەڵاتن بدەین؟ (چەپڵەیەکی زۆر توند). ئێستا، بەڕێز، جەنابی پیاوماقوڵان، جەنابی گالیلای داوا لە ئێوە دەکەم، ئەم ئامێری داهێنانەی ئەو، ئەم گەواهییەی بەهرەیەی لە دەستی کچە نەشمیلەکەی وەرگرێ.

(مۆسیقا. ڤیرجینیا دێتە پێشەوە، دادەچەمێتەوە، دووربینەکە دەداتە دەستی کارگێڕەوە، ئەویش دەیداتە دەستی فێدەرزۆنییەوە. فێدەرۆنی دەیخاتە سەر سێپایەکە و ڕێکی دەخا. دۆق و پیاوماقوڵانی ئەنجوومەن دەچنە سەر سەکۆکە و لە دووربینەکەوە سەیر دەکەن).

**گالیلای:**

(بەدەنگی نزم): ناتوانم پەیمانت پێ بدەم، کە تەحەمولی ئەم کەرنەڤاڵە دەکەم یان نا. لێرە لەو بڕوایەدان شتێکی بێ مانای بە سوودیان دەست دەکەوێ، بەڵام ئەمە زۆر لەوە زیاترە. دوێنێ شەو ڕووی دووربینەکەم کردە مانگ.

**ساگرێدۆ:**

چیت بینی؟

**گالیلای:**

مانگ خۆی تیشک ناداتەوە.

**ساگرێدۆ:**

چی؟

**پیاوماقوڵان:**

جەنابی گالیلای دەتوانم قەڵاکەی سانتا ڕۆزیتا ببینم. لەناو ئەو کەشتییە کە لەوێدایە نانی نیوەڕۆ دەخۆن. ماسی سوورەوەکراو. من ئارەزووی خواردن دەکەم.

**گالیلای:**

من پێت دەڵێم، ھەسارەناسیی ھەزار ساڵە ڕاوەستاوە، لەبەرئەوەی دووربینیان نەبوو.

**پیاوماقوڵێک:**

بەڕێز گالیلای!

**ساگرێدۆ:**

لەگەڵ تۆیانە.

**پیاوماقوڵێک:**

مرۆڤ بەم شتە زۆر باش دەبینێ. دەبێ بە خانمەکانم بڵێم، کە نابێ لەمەودوا خۆیان لە سەربان بشۆن.

**گالیلای:**

دەزانی ھێڵی کاکێشان لە چی پێک دێت؟

**ساگرێدۆ:**

نەخێر.

**گالیلای:**

من دەیزانم.

**پیاوماقوڵێک:**

بەڕێز گالیلای مرۆڤ دەتوانێ بۆ شتێکی وا داوای ١٠ سکودی بکا.

(گالیلای دادەچەمێتەوە).

**ڤیرجینیا:**

(لودۆڤــیکۆ بـۆ لای باوکـی دەهێنێ): بـابە، لـودۆڤــیکۆ دەیەوێ پیرۆزباییت لێ بکا.

**لودۆڤیکۆ:**

(بە شـەرمـەوە): بەڕێز، پیرۆزباییت لێ دەکەم.

**گالیلای:**

عەدەسەکەم باشتر نەکردووە.

**لودۆڤیکۆ:**

بەڵێ، بەڕێز. من بینیم کـیـفـەکـەیت سـوور کردووە، لـە هۆڵەندا سەوز بوو.

**گالیلای:**

(ڕوو دەکاتە ساگرێدۆ): من تەنانەت لە خـۆم دەپرسم، ئاخـۆ من ناتوانم تیۆرییەک بسەلمێنم.

**ساگرێدۆ:**

ئاگەداری خۆت بە.

**کارگێر:**

گالیلای، ٥٠٠ سکودییەکەت مسۆگەرە.

**گالیلای:**

(بـەبێ ئـەوەی گـــوێـی بـداتێ): بێـگـومــــان مـن لـە هـەمــــوو ئەنجامگیرییەکی خێرا زۆر بەدگومانم.

(دۆقـەکـە، پیـاوێکی قـەڵەوی خـاکـەرا، خـۆی لە گـالیـلای نزیک

کردووەتەوە و هەوڵ دەدا بە شکۆیەکی زۆر ناشیـیانەوە قسـە لەگەڵ گالیلای بکا).

**کارگێڕ:**

بەڕێز گالیلای، خاوەن شکۆ، دۆق.

(دۆقەکە تەوقە لەگەڵ گالیلای دەکا).

**گالیلای:**

ڕاستە، (٥٠٠)ەکە! خاوەن شکۆ، بەدڵتانە؟

**دۆق:**

بۆ نەگبەتی لە کۆماردا هەردەم بۆ کارگێڕەکانی شار پێویستمان بە بیانوویەکە بۆ ئەوەی بتوانین شتێک بە زاناکانمان بدەین.

**کارگێڕ:**

جەنابی گالیلای لەلایەکی ترەوە، هاندەر چی بەسەر دێ؟

**دۆق:**

(بە زەردەخەنەوە): ئەو بیانووەمان پێویستە.

(دۆق و کارگێڕ گالیلای دەبەن بۆ لای پیاوماقولانی ئەنجوومەن، کە دەوری گالیلای دەدەن. ڤیرجینیا و لودۆڤیکۆ بە کاوەخۆ دوور دەکەونەوە).

**ڤیرجینیا:**

باش کارەکەم کرد.

**لودۆڤیکۆ:**

من بە باشی دەزانم.

**ڤیرجینیا:**

چیتە؟

**لودۆڤیکۆ:**

هیچ نییە. ڕەنگە بە کیفێکی سەوزیشەوە هەر باش بێ.

**ڤیرجینیا:**

من لەو بڕوایەدام هەموو لە بابە ڕازین.

**لودۆڤیکۆ:**

منیش لەو بڕوایەدام، خەریکە دەست پێ دەکەم شتێک لە زانست تێ بگەم.

## ٣

له ١٠ی ژانیـوەری ١٦١٠ بەهـۆی دووربینـەوە گـالیـلای له ئاسـمـان دیاردەگـەلیک دەبینێـتـەوە، کـه سـیـسـتـەمی کـۆپەرنیکۆس دەسـەلمێنن. هاوڕێکەی لـه ئەنجـامـه شـیـاوەکـانی تۆژێنەوەکـانـی گـالیـلای ئاگـەدار کـردووەتەوە، گـالیـلای ئاوەزی مـرۆڤ وەکو گـەواهیـدەری باوەڕەکـەی سـەیر دەکا.

شەشسەد و دە، دەی ژانیوەر:

گالیلۆ گالیلای بینی کە هیچ ئاسمانێک بوونی نییە.

(ژووری لێکۆڵینەوەی گالیلای له پادوا. شـەوە. گالیـلای و ساگرێدۆ، به پاڵتۆی ئەستوور خۆیان داپۆشیوە، چاویان به دووربینەکەوەیە).

**ساگرێدۆ:**

(ئەو کاتەی به دووربینەکه سـەیر دەکا، بەدەنگی بەرز): کـەناری داسولکەی مانگ ڕێک نییە، گرنج گرنج و ناڕێکە. لەسـەر بەشە تاریکەکەی، له نزیکی قـەراغـە درەوشـاوەکەی، خـاڵی ڕەونەقدار هـەن. یەک لـه دوای یەک دەردەکـەون. لەم خـاڵانەوە تیـشـک دەڕژێ، هەردەم به سـەر ڕووبەری تردا زیاد دەکەن، کـه لەگـەڵ بەشە گەورەترە ڕەونەقدارەکەدا دەڕژێنە ناو یەکەوە.

**گالیلای:**

چۆن ئەم خاڵە ڕەونەقدارانە ڕوون دەکەیتەوە؟

**ساگرێدۆ:**

ئەمە مەحاڵە.

**گالیلای:**

بەڵێ. ئەوانە شاخن.

**ساگرێدۆ:**

بەسەر هەسارەیەکەوە؟

**گالیلای:**

شاخی مەزنن. لووتکەکەنیان خۆری هەڵهاتوو زێڕکەفت دەکا، لە کاتێکدا بە چواردەوردا شەو بە سەر بنارەکانەوەیە. تۆ دەبینی تیشک لە بەرزترین لووتکەکانەوە بۆ پێدەشتەکان بەرەو خوار دەکشێ.

**ساگرێدۆ:**

بەڵام ئەمە دژوازیی هەموو هەسارەناسییەکانی دوو هەزار ساڵ دەکا.

**گالیلای:**

ڕاستە. ئەوەی تۆ دەیبینی جگە لە من کەسی تر نەیبنیوە. تۆ دووەم کەسی.

**ساگرێدۆ:**

بەڵام مانگ ناتوانێ زەوییەک بێ بە شاخ و پێدەشتەوە، هەروەکو چۆن زەوی ناتوانێ هەسارە بێ.

**گالیلای:**

مانگ دەتوانێ زەوییەک بێ بە شاخ و پێدەشتەوە، زەویش دەتوانێ هەسارە بێ. تەنێکی ئاسایی ئاسمان، یەکێک لە

هـەزاران. جـــارێکی تر بـە دووربینەکـــە ســـەیر کـــە. بـەشـــە تاریکبووەکەی مانگ زۆر تاریک دەبینی؟

**ساگرێدۆ:**

نەخێر، ئێستـا کـە ئاگەدارم، تیشکێکی کـزی خـۆڵەمێشی بـە سەرەوە دەبینم.

**گالیلای:**

ئەوە دەبێ چی تیشکێک بێت؟

**ساگرێدۆ:**

؟

**گالیلای:**

ئەوە هیی زەوییە.

**ساگرێدۆ:**

قـسـەی هیچ. زەوی بە چیـا و دارسـتـان و ئاوەکـانیـیـەوە چۆن دەتوانێ بدرەوشێتەوە، تەنێکی سارد؟

**گالیلای:**

بەو جـۆرەی مـانگ تیـشـک دەداتەوە. لەبەرئەوەی هـەتاو هـەردوو هـەسـارەکـە ڕووناک دەکـاتەوە، لـەبەرئەوەیە تیـشـک دەدەنەوە. مـانگ بـۆ ئێمـە چۆنـە، ئێمـە بۆ مـانگ ئاوهـاین. ئەویش جـارێک ئێـمـە وەکـو دەمـە داس، جـارێک وەکـو نیـوەبازنە، جـارێک پڕ و جارێکیش نامانبینێ.

**ساگرێدۆ:**

ئەگەر وابێ جیاوازیی لە نێوان مانگ و زەویدا نییە؟

**گالیلای:**

بەوە ناچێ.

**ساگرێدۆ:**

هێشتا دە ساڵ بە سەردا سووتاندنی مرۆڤێک لە ڕۆما تێ نەپەڕیوە. ناوی جۆردانۆ برونۆ بووو ئەویش بانگەشەی ئەمەی دەکرد.

**گالیلای:**

بێگومان. ئێمەش دەیبینین. چاوت بخەرە سەر دووربینەکە، ساگرێدۆ. ئەوەی تۆ دەیبینی ئەوەیە، کە جیاوازیی لە نێوان ئاسمان و زەویدا نییە. ئەمڕۆ ١٠ی ژانیوەری ١٦١٠یە. مرۆڤایەتی لە یاداشتنامەکەیدا دەنووسێ: ئاسمان نەما.

**ساگرێدۆ:**

ئەمە سامناکە.

**گالیلای:**

من شتێکی تریشم دۆزیوەتەوە. لەوانەیە سەرسوڕهێنەرتر بێ.

**سارتی:**

(دێتە ژوورەوە): کارگێڕەکە.

(کارگێڕ بە هەڵەداوان دێتە ژووری).

**کارگێڕ:**

ببوورن، لە کاتێکی ئەوەندە درەنگدا هاتووم. من زۆر قەرزاربارتان دەبم، ئەگەر بمتوانیبا بە تەنیا قسەتان لەگەڵ بکەم.

**گالیلای:**

بەڕێز پریولی، جەنابی ساگرێدۆ دەتوانێ گوێی لە هەموو ئەو شتانە بێ کە من دەتوانم گوێم لێیان بێ.

**کارگێڕ:**

بەڵام لەوانەیە پێتان خۆش نەبێ، ئەگەر ئەو بەڕێزە گوێی لێ بێ چی ڕووی داوە. بەداخەوە شتێکە بەهیچ جۆرێک جێگەی بڕوا نییە.

**گالیلای:**

جەنابی ساگرێدۆ ڕاهاتووە، لە ئامادەییی مندا شتی بڕوانەکردەنی تووش بێ، دەزانن.

**کارگێڕ:**

دەترسێم، دەترسێم. (ئاماژە بۆ دووربینەکە دەکا). ئەمە شتە بەناوبانگەکەیە. دەتوانن ئەو شتە فڕێ بدەن. بە کار نایەت، هەر بەکاری هیچ نایەت.

**ساگرێدۆ:**

(کە بە پەشۆکاوییەوە دەهات و دەچوو): لەبەر چی؟

**کارگێڕ:**

ئاخۆ ئێوە دەزانن، ئەم دۆزینەوەیەی ئێوە، کە ئێوە وەکو بەروبوومی کاری تۆژینەوەی حەڤدە ساڵ ناودێرتان کرد، مرۆڤ دەتوانێ بە چەند سکودییەک لە هەموو گۆشەیەکی شەقامەکانیی ئیتاڵیادا بیکڕێ؟ لە هۆڵەندا دروست کراوە؟ لەم چرکەساتەدا کەشتییەکی بارهەڵگر ٥٠٠ دووربین لە لەنگەرگا دادەگرێ.

**گالیلای:**

بە ڕاستیی؟

**کارگێڕ:**

بەڕێز من لە ئارامیتان تێ ناگەم.

**ساگرێدۆ:**

ئێوە لە ڕاستیدا خەمی چیتانە؟ با بۆتان بگێڕمەوە، کە گالیلای بەهۆی ئەم ئامێرەوە لەم ڕۆژانەدا دۆزینەوەی شۆڕشگێڕانەی لەمەڕ جیهانی هەسارەکاندا کردووە.

**گالیلای:**

(بە پێکەنینەوە):

پریولی دەتوانن پێی سەیر کەن.

**کارگێڕ:**

دەبێ بۆتانی بگێڕمەوە، ئەو دۆزینەوەیە بۆ من بەسە کە کردم، کە وەکو ئەو پیاوەی بۆ ئەم شتە پڕوپووچە وام کرد مووچەکەی جەنابی گالیلای دووقات بکرێ. زۆر بە ڕێکەوتە، کە پیاوماقوڵانی ئەنجوومەن، بەو بڕوایەی، کە لەم ئامێرەدا شتێک بۆ کۆمار مەیسەر بکەن، کە تەنیا لێرە دەتوانرێ دروست بکرێ، نەک بە یەکەم نیگا لەسەر گۆشەی شەقامی داهاتوو، حەوت قات گەورە دەکاتەوە، سەوداگەرێکی ئاساییان بینیوە، کە ئەم دووربینەت بە بابۆڵەیەک پێ دەفرۆشێ.

(گالیلای دەداتە قاقای پێکەنین).

**ساگرێدۆ:**

بەڕێز پریولی ئازیز، لەوانەیە من نەتوانم بەهای ئەم ئامێرە بۆ

بازرگانیی هەڵسەنگێنم، بەڵام بەهاکەی بۆ فەلسەفە هێندە بێ ئەندازەیە، کە...

**کارگێڕ:**

بۆ فەلسەفە! بەڕێز گالیلای کە مەتماتیکزانە چ سەروکاری بە فەلەسەفەوە هەیە؟ بەڕێز گالیلای، لە کاتی خۆیدا پەمپێکی زۆر نایابی ئاوت بۆ شار دۆزییەوە و دەزگای ئاوڕشێنکردنەکە کار دەکا. کوتاڵچنەکان بەهەمان شێوە ستایشی مەکینەکەت دەکەن، چۆن توانیم چاوەڕوانی شتێکی وا بم؟

**گالیلای:**

پریولی، ئەوەندە پەلەت نەبێ. ڕێگەکانی دەریا هێشتا زۆر دوورن، نائەمین و گرانن. جۆرە سەعاتێکی جێی بڕوامان لە ئاسمان نوقستانە. ڕێنوێنییەک بۆ کەشتییەوانەکان. من هۆکارم بۆ ئەو گریمانەیەی لە ئارادایە، کە بە دووربین هەندێ هەسارە، کە زۆر بەڕێکوپێکی دەجوڵێنەوە، بە ڕوونیی دەتوانرێ ببینرێن. پریولی، نەخشە نوێیەکانی هەسارەکان دەتوانن ملیۆنان سکودی لە کیسی کەشتییەوانیی بهێڵنەوە،

**کارگێڕ:**

لەوە گەڕێن. من زۆر گوێم لە ئێوە گرت. لە جیاتی سوپاس بۆ میهرەبانیم منت کردە گاڵتەجاڕی شار. من لە یادەوەریدا درێژە بە ژیانم دەدەم وەکو ئەو کارگێڕەی، کە بە دووربینێکی بێ بەها فریوی خوارد. هەموو هۆیەکتان هەیە بۆ پێکەنین. ٥٠٠ سکودییەکەی خۆتان وەرگرت. بەڵام من دەتوانم پێتان بڵێم و ئەوە پیاوێکی سەرڕاستە کە پێتان دەڵێ: قێز لەم جیهانە

دەکەمەوە! (دەڕوا، دەرگەکە لە دوای خۆیەوە بە توندی پێوە دەدا).

**گالیلای:**

لە تووڕەییدا ڕوحی سووک دەبێ. گوێت لێ بوو: قێز لە جیهانێک دەکاتەوە کە مرۆڤ نەتوانێ بازرگانیی تێدا بکا.

**ساگرێدۆ:**

لەبارەی ئەم ئامێرە هۆڵەندییانە هیچت دەزانی؟

**گالیلای:**

بێگومان، بە بیستن. بەڵام من بۆ ئەم دەستەقوچاوانەی ئەنجوومەن یەکێکی دووقات باشترم دروست کردووە. چۆن دەتوانم لەگەڵ جێبەجێکەری فەرمانی دادگەدا لە ژوورێکدا کار بکەم؟ ڤیرجینیاش بەمزووانە بە ڕاستیی جیازیی پێویستە، ڤیرجینیا زرنگ نییە. ئەمجا، من بە خۆشحاڵییەوە کتێب دەکڕم، نەک تەنیا لەبارەی فیزیا و حەزیشیم لە خواردنی باشە. کاتێک خواردنی باش دەخۆم زۆرترین بیرۆکەم بۆ دێت. سەردەمێکی بۆگەنە! بە قەد گالیسکەوانێکیان نەدامێ کە بۆشکە شەرابیان بۆ دەگوێزێتەوە. چوار باوەشە داری سووتاندنیان بۆ دوو موحازەرەی بیرکاریی. من ئێستا ٥٠٠ سکودیم لێپچڕاندن، بەڵام هێشتا هەر قەرزدارم، هەندێک لە قەرزەکان بیستساڵ کۆنن. ئەگەر پێنج ساڵ خۆم بۆ تۆژینەوە تەرخان بکردایە، هەموو ئەو شتانەم دەسەلماند! من شتێکی تریشت پێشان دەدەم.

**ساگرێدۆ:**

(دەسڵەمێتەوە بچێتە لای دووربینەکەوە): گالیلای، هەست

بەجۆرە شتێکی وەکو ترس دەکەم.

**گالیلای:**

ئێستا من تەمێکی بریقەداری وەک شیر سپی ڕێی کاکێشانت پێشان دەدەم. پێم بڵێ لە چی پێک هاتووە.

**ساگرێدۆ:**

ئەوانە هەسارەن، لە ژمارە نایەن.

**گالیلای:**

تەنیا بەدەوری شێوە هەسارەی ئۆریۆنەوە ٥٠٠ هەسارەی سەقامگیر هەن. ئەمانە جیهانە زۆرەکانن، ژمارە زۆرەکانی تری هەسارە دوورەکان، ئەوانەی پیاوە سووتێنراوەکە باسیانی کردووە. ئەو نەیانیبینیبوو، ئەو چاوەڕوانیان بوو.

**ساگرێدۆ:**

بەڵام هەتا ئەگەر زەوی هەسارە بێ، هێشتا ڕێگەیەکی زۆر دوورە بۆ بانگەشەکانی کۆپەنیکۆس، بەوەی زەوی بەدەوری خۆردا دەسووڕێتەوە. ئاسمان هەسارەی پێوە نییە، هەتا یەکێکی تر بە دەوریدا بسووڕێتەوە. بەڵام مانگ هەموو کات بە دەوری زەویدا دەسووڕێتەوە.

**گالیلای:**

ساگرێدۆ، من پرسیار لە خۆم دەکەم. لە پێرێوە پرسیار لە خۆم دەکەم. ئەوە هەسارەی موشتەرییە. (دووربینەکە دادەمەزرێنێ). چوار هەسارەی بچووک لە نزیکییەوەن، کە مرۆڤ تەنیا بە دووربینەکە دەیانبینێ. دووشەمە بینییانم، بەڵام شوێنەکەیانم زۆر تێبینی نەکرد. دوێنێ جارێکی تر بە دوایاندا گەڕام.

دەمتوانی سوێند بخۆم، هەرچواریان شوێنەکەیان گۆڕیبوو. من تیبینییانم کرد. جارێکی تر بەجۆرێکی تر وەستاون. ئەمە چییە؟ من چوارم بینی. (بەدەم جوڵانەوەوە). تۆ وەرە سەیر کە.

**ساگرێدۆ:**

من سێ دانە دەبینم.

**گالیلای:**

چوارەمیان لە کوێیە؟ ئەمانە خشتەکانن. دەبێ ئەوە حسێب بکەین، چۆن جووڵاونەتەوە.

(بەجۆشوخرۆشەوە دەست بە کار دەکەن. سەر شانۆکە تاریک دەبێ، بەڵام مرۆڤ هێشتا لە ئاسۆدا موشتەری و هەسارە یاوەرەکانی دەبینێ. کە جارێکی تر شانۆ ڕووناک دەبێتەوە، گالیلای و ساگرێدۆ هێشتا هەر دانیشتوونە و پاڵتۆ زستانییەکانیان لە بەردایە).

**گالیلای:**

سەلمێنراوە. دەبێ چوارەمیان چووبێتە ژێر موشتەرییەوە، کە مرۆڤ نایبینێ، ئەوا هەسارەیەکت هەیە، کە هەسارەیەکی تر بە دەوریدا دەسووڕێتەوە.

**ساگرێدۆ:**

بەڵام ئەو توێژاڵە کریستاڵییە چییە کە بە موشتەرییەوە نوساوە؟

**گالیلای:**

بەڵێ، ئێستا لە کوێیە؟ چۆن موشتەری دەبێ سەقامگیر بێ، ئەگەر هەسارەکانی تر بە دەوریدا بسووڕێنەوە؟ ئاسمان پشتی نییە، لە گەردووندا وەستان نییە! ئەوە هەتاوێکی ترە.

**ساگرێدۆ:**

هێمن بەرەوە، تۆ خێرا بیر دەکەیتەوە.

**گالیلای:**

چی، خێرا! زەلام، شپرزە بە! ئەوەی تۆ دەیبینی، هێشتا کەس نەیبینیوە. قسەی ئەوان ڕاست بوو!

**ساگرێدۆ:**

کێ؟ کۆپەرنیکۆسییەکان؟

**گالیلای:**

ئەوانەی تریش! هەمــوو جــیــهــان دژیان بوو، کــەچی ئەوان ڕاستیان کرد. ئەمە بۆ ئەندریا باشە! (بە پەشۆکاوییەوە بەرەو دەرگەکە ڕادەکا و بۆ دەرەوە بانگ دەکا): سارتی خان! سارتی خان!

**ساگرێدۆ:**

گالیلای، دەبێ خۆت هێور بکەیتەوە.

**گالیلای:**

ساگرێدۆ، تۆ دەبێ شپرزە بی! سارتی خان!

**ساگرێدۆ:**

(دووربینەکــە وەردەســووڕێنێ): واز لەو دێنی وەکو شــێت بە دەوری خۆتدا هاوار بکەی؟

**گالیلای:**

واز لەوە دێنی وەکو ماسی وشکەوەکراو ڕاوەستی، لە کاتێکدا ڕاستیی دۆزرابێتەوە.

**ساگرێدۆ:**

وەکو ماسی وشکەوەکراو ڕانەوەستاوم، بگرە هەڵدەلەرزم، لەوانەیە ڕاستیی بێ.

**گالیلای:**

چی؟

**ساگرێدۆ:**

شێت بوویتە؟ ئەوەت لە بیر چووەتەوە، چیت بە سەردێ ئەگەر ئەمە ڕاست بێ کە تۆ دەیبینی و لە هەموو بازاڕەکاندا هاوار بکەی: کە زەوی هەسارەیە و چەقی گەردوون نییە؟

**گالیلای:**

بەڵێ، کە هەموو ئەو گەردوونە گەورەیە بە هەسارەکانییەوە بەدەوری ئەم زەوییە بچووکەدا ناسووڕێتەوە، وەکو هەموو کەسێک بیری لێ دەکاتەوە.

**ساگرێدۆ:**

واتە ئەمانە تەنیا هەسارەن! ئەی خوا لە کوێیە؟

**گالیلای:**

مەبەستت لەمە چییە؟

**ساگرێدۆ:**

خوا! خوا لە کوێیە؟

**گالیلای:**

(بە تووڕەییییەوە): لەوێ نییە! هەروەکو چۆن لەسەر زەویش نادۆزرێتەوە، ئەگەر لەوێ بوونەوەر هەبێ و لێرە بە دوایدا بگەڕێن.

**ساگرێدۆ:**

ئەی کەواتە خوا لە کوێیە؟

**گالیلای:**

بۆچی من ئاینزانم؟ من ماتماتیکزانم.

**ساگرێدۆ:**

پێش هەموو شتێک تۆ مرۆڤی. لێت دەپرسم، لە سیستەمی جیهانی تۆدا خوا لە کوێیە؟

**گالیلای:**

لە ناخماندایە، یان لە هیچ شوێنێک نییە.

**ساگرێدۆ:**

(بە قیژەوە): وەکو سووتێنراوەکە گوتی؟

**گالیلای:**

وەکو سووتێنراوەکە گوتی.

**ساگرێدۆ:**

لەبەرئەوە سووتێنرا! هێشتا دە ساڵی بە سەردا نەچووە.

**گالیلای:**

لەبەرئەوەی نەیتوانی هیچ شتێک بسەلمێنێ. لەبەرئەوەی تەنیا بانگاشەی دەکرد. سارتی خان!

**ساگرێدۆ:**

گالیلای، من تۆم هەموو کات وەکو پیاوێکی ژیر ناسیوە. حەڤدە ساڵ لە پادوا و سێ ساڵ لە پیزا بە حەوسەڵەوە سیستەمی پتۆلێمیت فێری سەدان خوێندکار کردووە، ئەوەی کڵێسا بەیانی

کردووه و نووسین سەلماندوویەتی، کە بنەمای کڵێسایە. تۆ وەکو کۆپەرنیکۆس بە هەڵەت دەزانی، بەڵام خەڵکیشت فێر دەکرد.

**گالیلای:**

لەبەرئەوەی نەمتوانیبوو هیچ بسەلمێنم.

**ساگرێدۆ:**

(بە گومانەوە): ئەی تۆ لەو بڕوایەدای ئەمە هیچ جیاوازییەک دروست بکا؟

**گالیلای:**

هەموو جیاوازییەک! ساگریدۆ، سەیری ئێرە بکە! من بڕوام بە مرۆڤ هەیە، ئەمە واتە، من بڕوام بە عەقڵی هەیە! بەبێ ئەم باوەڕە ئەو وزەیەم تێدا نابێ، بەیانی لەناو پێخەفەکەم قیت ببمەوە.

**ساگرێدۆ:**

دە دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم: من بڕوام بە مرۆڤ نییە. چل ساڵ لەنێو مرۆڤدا فێریان کردم، کە بۆ عەقڵ کراوە نین. کلکی سووری هەسارەیەکیان پێشان بدە، ترسێکی سڕکەریان بخەرە بەر، لە ماڵەکانی خۆیان هەڵدێن و لاقی خۆیان دەشکێنن. بەڵام ڕستەیەکی مەنتیقییان پێ بڵێ و بە حەوت هۆ بیسەلمێنە، ئەوا سووک و سانا پێت پێ دەکەنن.

**گالیلای:**

ئەمە زۆر هەڵەیە و بوختانە. من تێ ناگەم، کە تۆ چۆن بڕوا بە شتێکی وا دەکەیت و دەتوانی زانستت خۆش بوێ. بەڵگە ناتوانێ تەنیا مردووەکان بجووڵێنێ.

**ساگرێدۆ:**

تۆ چۆن دەتوانی فرِوفێڵی داماوانەیان لەگەڵ عەقڵدا لێ بگۆڕێ.

**گالیلای:**

من باسی فرِوفێڵیان ناکەم. من دەزانم، ئەوان کەر دەکەن بە ئەسپ، کە بیانەوێ بیفرۆشن، ئەسپیش دەکە بە کەر، کە بیانەوێ بیکرِن. ئەمە فرِوفێڵەکەیانە. ئەو پیرێژنە، کە ئێوارەی پێش ڕۆژی سەفەر بە دەستی ڕەقەوە مشتێ کای زیادە دەخاتە بەردەم هێسترەکە، ئەو کەشتییەوانەی، کە لە کاتی کرِینی زەخیرەدا بیر لە زریان و کشوماتیی دەریا دەکاتەوە، ئەو منداڵەی تەپلەکەی دەکاتەوە، ئەگەر بۆی سەلمێنرابێ، لەوانەیە باران بباریێ، ئەمانە هەموو ئومێدی منن، ئەمانە هەموو بەڵگە قبووڵ دەکەن. بەڵێ، من بروام بە توندوتیژیی نەرمی مەنتیق بەسەر مرۆڤدا هەیە. ناتوانن بەردەوام بەرهەڵستیی بکەن. هیچ مرۆڤێک ناتوانێ ماوەیەکی درێژ تەماشا بکا، وەکو من (بەردێک لە دەستی دەخاتە خوارەوە) بەردێک دەخەمە خوارەوە و لەگەڵیدا بڵێم: ناکەوێتە خوارەوە. ئەمە لە توانای هیچ مرۆڤێکدا نییە. ئەو فریوەی پێش بەڵگە دەکەوێ گەورەیە. زۆر کەس دەکەونە داوییەوە، بە درێژاییی کات هەموو دەکەونە داوییەوە. بیرکردنەوە یەکێکە لە لەزەتە گەورەکانی ڕەگەزی مرۆڤ.

**سارتی خان:**

(دێتە ژوورەوە): بەڕێز گالیلای، هیچتان پێویستە؟

**گالیلای:**

(جارێکی تر چووەتەوە لای دووربینەکەیەوە و شت دەنووسێ،

زۆر میهرەبانانە): بەڵێ، ئەندریام پێویستە.

**سارتی خان:**

ئەندریا؟ لە نوێنەکەیدایە و نووستووە.

**گالیلای:**

ناتوانن بێداری بکەنەوە؟

**سارتی خان:**

ئەندریاتان بۆ چییە؟

**گالیلای:**

دەمەوێ شتێکی پێ پێشان دەم کە دڵی پێی خۆش دەبێ. دەبێ شتێک ببینێ، لەوەتەی زەوی هەیە جگە لە ئێمە هیچ مرۆڤێکی تر هەتا ئێستا نەیبینیوە.

**سارتی خان:**

جارێکی تریش شتێک بە دووربینەکەتان؟

**گالیلای:**

سارتی خان، شتێک بە دووربینەکەم.

**سارتی خان:**

لەبەر خاتری ئەوە دەبێ لە نیوەشەودا بێداری بکەمەوە؟ شێت بوونە؟ ئەو پێویستی بە خەوی شەوە. بیر لەوە ناکەمەوە بێداری بکەمەوە.

**گالیلای:**

دڵنیای؟

**سارتی خان:**

دڵنیام.

**گالیلای:**

سارتی خان، لەوانەیە ئێوە بتوانن یارمەتیم بدەن. ببین، پرسیارێک سەری هەڵداوە، کە ئێمە ناتوانین لەبارەی پێک بێین، لەوانەیە لەبەرئەوە بێ، کە ئێمە کتێبی زۆرمان خوێندووەتەوە. پرسیارێکە لەبارەی ئاسمانەوە، پرسیارێکە پێوەندی بە هەسارەکانەوە هەیە. پرسیارەکە ئەوەیە: گریمانەی ئەوە دەکرێ، گەورە بە دەوری بچووکدا دەسوورێتەوە، یان بچووک بە دەوری گەورەدا دەسوورێتەوە؟

**سارتی خان:**

(بە بەدگومانییەوە): مرۆڤ لەگەڵ ئێوە بە ئاسانی سەر دەرناکا، بەڕێز گالیلای. ئەمە پرسیارێکی جیدییە، یان دەتانەوێ جارێکی تر گاڵتەم پێ بکەن؟

**گالیلای:**

پرسیارێکی جیدییە.

**سارتی خان:**

وەڵامەکەی ئاسانە. من خواردنتان بۆ دادەنێم، یان ئێوە خواردن بۆ من دادەنێن؟

**گالیلای:**

ئێوە خواردن بۆ من دادەنێن. دوێنێ خواردنەکە سووتابوو.

**سارتی خان:**

ئەی لەبەر چی سووتابوو؟ لەبەرئەوەی لە گەرمەی چێشتلێناندا دەبوو پێڵاوەکانتان بۆ بهێنم، یان لەوانەیە پێڵاوەکانم بۆ نەهێنابن؟

**گالیلای:**

لەوانەیە.

**سارتی خان:**

ئێوەن کە خوێندووتانە و دەتوانن پارە بدەن.

**گالیلای:**

دەبینم. دەبینم، ئەوە سەخت نییە. بەیانیت باش، سارتی خان.

(سارتی خان بە دڵخۆشییەوە دەڕوا).

گوایە ئەو خەڵکە لە ڕاستیی تێ ناگەن؟ لە ئاسمان دەیقۆزنەوە!

(زەنگی نوێژی بەیانی لێ دەدرێ. ڤـێـرجـینیـا دێتــە ژوورەوە، پاڵتۆی لە بەردایە، مۆمدانێکی بە دەستەوەیە).

**ڤیرجینیا:**

بابە بەیانیت باش.

**گالیلای:**

بۆچی بێداری؟

**ڤیرجینیا:**

لەگەڵ سارتی خان دەچم بۆ نوێژی بەیانی، لودۆڤیکۆش دەچێت بۆ ئەوێ. بابە، شەو چۆن بوو؟

**گالیلای:**

ڕووناک بوو.

**ڤیرجینیا:**

دەتوانم بە دووربینەکە سەیر کەم؟

**گالیلای:**

بۆچی؟ (ڤیرجینیا وەڵامی پێ نییە). ئەمە گەمە نییە.

**ڤیرجینیا:**

نەخێر، بابە.

**گالیلای:**

دووربینەکـە بێ ئومـێـدییـە، بەم زووە لـە هەمــوو شــوێنێک دەبیـیـسـتی. بە ٣ سکودی لـە کـۆڵان دەفرۆشـرێ و لە هـۆڵەندا دۆزراوەتەوە.

**ڤیرجینیا:**

هیچی نوێت لە ئاسمان پێی نەبینی؟

**گالیلای:**

بۆ تـۆ نـابـێ. تـەنیـــــا چـەنـد پـەڵـەیـەکی لـێڵ بـە لای چـەپی هەسارەیەکی گەورەوە، هەرچی چۆنێ بووە دەبێ سـەرنج بۆ لای ئەو هەسارەیە ڕابکێشم. (بەسـەر سـەری کچەکەیەوە قسـە بۆ سـاگـرێدۆ دەکـا): لەوانـەیە بە ناوی گـەورە دۆقی فلۆرەنسـاوە ناویان بنێم هەسارەی مێدیچییەکان. (جارێکی تر ڕوو دەکاتە ڤیرجینیا): ڤیرجینیا لەوانەیە بە لاتەوە گرینگ بێ، کە لەوانەیە بۆ فلۆرەنسا بگوازینەوە. نامەیەکم بۆ ئەوێ ناردووە، بزانم ئاخۆ دۆقی گەورە وەکو ماتماتیکزانی دەربار پێویستی پێم دەبێ.

**ڤیرجینیا:**

(بە دڵخۆشییەوە): لە کۆشک؟

**ساگرێدۆ:**

گالیلای!

**گالیلای:**

ئازیزەکەم، من پێویستە خۆم بۆ کار تەرخان بکەم. من پێویستم

به بەڵگەیە. من پێویستم بە مەنجەڵە گۆشتە. لەم فەرمانگەیەدا پێویست بەوە ناکا خوێندکاری تایبەتی فێری سیستەمی پتۆلەمیۆس بکەم، بگرە کات، کات، کات، کات! کاتم هەبێ کار لە بەڵگەکانمدا بکەم، چونکە ئەوەی ئێستا هەمە بەشم ناکات. ئەمە هیچ نییە، پارچەکارێکی داماوانەیە! بەمە ناتوانم خۆم بخەمە بەردەمی هەموو دنیا. ئەمە تاقە بەڵگەیەکیش نییە، کە تەنێکی ئاسمانی بە دەوری هەتاودا دەخولێتەوە. بەڵام من دەبێ بەڵگەی بۆ بهێنمەوە، بەڵگە بۆ هەموو کەسێک، هەر لە سارتی خانەوە هەتا پاپا بۆ سەرەوە، تەنیا خەمی من ئەوەیە کە کۆشک وەرم نەگرێ.

**ڤیرجینیا:**

بە دڵنیاییەوە تۆ وەردەگرن، بابە، بە هەسارە نوێکان و هەموو شتەکانەوە.

**گالیلای:**

تۆ بڕۆ بۆ نوێژەکەت.

(ڤیرجینیا دەڕوا)

من کەمجار نامە بۆ کەسایەتییە گەورەکان دەنووسم. (نامەیەک دەداتە دەستی ساگرێدۆ). لەو بڕوایەدای کارێکی باشم کردووە؟

**ساگرێدۆ:**

(کۆتاییی نامەکە دەخوێنێتەوە کە گالیلای دایە دەستییەوە): "تاسەم بۆ هیچ شتێک وەکو ئەوە گەورە نییە، کە نزیکتان بم، ئەو هەتاوە هەڵهاتووەی ئەم چاخە ڕووناک دەکاتەوە." گەورە دۆقی فلۆرەنسا تەمەنی نۆ ساڵە.

**گالیلای:**

وایە. دەبینم، تۆ نامــەکــەم ملکەچانە دەبینی؟ من لە خــۆم دەپرسم، ئاخۆ باش ملکەچانەیە، ئەوەندە فەرمیی نییە، وەکو دڵسـۆزیی ڕاستـەقـینەم کـەم بێ. یەکێک دەتوانێ نامـەیەکی دوورەپەرێز بنووسێ، کە ئەو شـەرفـەی پێ ڕەوا بێ ئەرەستۆ بسـەلمێنێ، نەوەک من. پیـاوێکی وەکـو من تەنیـا دەتوانێ بە سکەخشکێ بگاتە شوێنگەیەکی شایەن. تۆ دەزانی، من ڕقم لە خەڵکگەلێکە، کە لە توانای مێشکیاندا نییە گەدەیان پڕ بکا.

(سارتی خان و ڤیرجینیا بە لای پیاوەکاندا تێ دەپەڕن بۆ نوێژ دەچن).

**ساگرێدۆ:**

گالیلای، مەچۆ بۆ فلۆرەنسا.

**گالیلای:**

بۆچی نەڕۆم؟

**ساگرێدۆ:**

لەبەرئەوەی قەشەکان لەوێ حوکمیان بەدەستە.

**گالیلای:**

لە دەرباری فلۆرەنسادا زاناکان ناوبانگیان هەیە.

**ساگرێدۆ:**

نۆکەرن.

**گالیلای:**

من گـوێیـان دەگـرم و بۆ لای دووربینەکـە ڕایان دەکـێـشم.

قەشەکانیش مرۆڤن، ساگرێدۆ. ئەوانیش بە بەڵگە فریو دەخۆن. لە بیرت نەچێ، کۆپەرنیکۆس داوای کرد، بڕوا بە ژمارەکانی بکەن، بەڵام من تەنیا داوا دەکەم، بڕوا بە چاوی خۆیان بکەن. ئەگەر ڕاستیی لاوازە بەرگریی لە خۆی بکا، دەبێ بکەوێتە پەلاماردان. من گوێیان دەگرم و زۆریان لێ دەکەم بەم دووربینە سەیر بکەن.

**ساگرێدۆ:**

گالیلای، تۆ لەسەر ڕێگەیەکی دژوار دەبینم. ئەمە شەوی نەگبەتییە، کە مرۆڤ ڕاستیی ببینێ. ساتێکی بەرشەوارە کەوتنە، کە بڕوای بە عەقڵی مرۆڤ هەبێ. لەبارەی کێ دەوترێ کە بە چاوی کراوەوە ڕێ دەکا؟ ئەوەی خۆی دەفەوتێنێ. چۆن دەستەڵاتدارەکان دەیەڵن بە ئازادیی بێ و بچێ، کە ڕاستیی بزانێ، هەتا ئەگەر ئەو ڕاستییە لەبارەی هەسارە هەرە دوورەکانیشەوە بێ! لەو بڕوایەدای، پاپا گوێ لە ڕاستییەکەی تۆ دەگرێ، کە تۆ بڵێی، ئەو بە هەڵەدا چووە و گوێی لێ نییە کە بە هەڵەدا چووە؟ لەو بڕوایەدای ئەو لە یاداشتنامەیەکدا دەنووسێ: ١٠ی ژانیوەری ١٦١٠ ئاسمان نەماوە؟ چۆن دەتەوێ کۆمار بەجێ بهێڵی، ڕاستیت لە گیرفاندا، دووربینێک بە دەستەوە بکەویتە داوی میر و قەشەکانەوە؟ چەندە لە زانستەکەتدا بەدگومانی، لە هەموو شتێکدا وەکو منداڵ خۆشباوەڕی، کە بەوە بچێت دنەدانیان ئاسان بکا. تۆ بڕوات بە ئەرەستۆ نییە، بەڵام بڕوات بە گەورە دۆقی فلۆرەنسا هەیە. کاتێ پێشووتر لەسەر دووربینەکە بینیمیت و تۆ هەسارە

نوێکانت بینی، وام بۆ دەرکەوت وەکو لەسەر داری گڕدار بتبینم و کاتێک تۆ وتت، تۆ بڕوات بە بەڵگە هەیە، بۆنی بۆکڕووزم کرد. من زانستم خۆش دەوێ، هاوڕێم، بەڵام تۆم زیاتر خۆش دەوێ، گالیلای مەڕۆ بۆ فلۆرەنسا.

**گالیلای:**

ئەگەر وەرم بگرن دەڕۆم.

(لەسەر پەردەیەک دوا لاپەڕەی نامەکە دەردەکەوێ):

ئەگەر من ئەو ئەستێرانەی کە دۆزیومنەتەوە ناوی بڵندی ڕەگەزی مێدیچیان لێ بنێم، ئەوا من هۆشیارم بەوەی، کە ئەمە بۆ مەزنیی خواوەندەکان و پاڵەوانەکان بەسە بۆ بەرزکردنەوەیان بۆ ئاسمانی هەسارە، بەڵام لەم حاڵەتەدا بەپێچەوانەوە ناوی بڵندی مێدیچی یادەوەرییەکی جاویدانی بۆ هەسارەکان مسۆگەر دەکا. بەڵام من خۆم وەکو یەکێک لە خزمەتکارە دڵسۆز و ملکەچە زۆرەکان بیری ئێوە دەخەمەوە، کە بە شەرەفێکی گەورەی دەزانێ کە وەکو بەندەی ئێوە لەدایک بووە.

تاسەم بۆ هیچ شتێک وەکو ئەوە گەورە نییە، کە نزیکتان بم، لەو هەتاوە هەڵهاتووەی ئەم چاخە ڕووناک دەکاتەوە.

گالیلۆ گالیلای

٤

گالیلای کۆماری ڤینیسیای بە کۆشکی فلۆرەنسا گۆڕیوەتەوە. دۆزینەوەکانی لە ڕێی دووربینەکەیەوە لە جیهانی زاناکانی ئەوێدا ڕووبەڕووی بەرهەڵستیی دەبنەوە و بڕوایان پێ ناکەن.
کۆن دەڵێ: بەو جۆرەی کە هەم، هەر لە ئەزەڵەوە وا بوومە.
نوێ دەڵێ: ئەگەر باش نیت، بڕۆ لێرە.
(ماڵەکەی گالیلای لە فلۆرەنسا. سارتی خان دێتە ژووری کارەکەی گالیلایەوە بۆ خۆئامادەکردن بۆ پێشوازیکردن لە میوان. ئەندریای کوڕی بە دانیشتنەوە نەخشەی هەسارەکان کۆ دەکاتەوە).

**سارتی خان:**

لەوەتەی بەختەوەرانە لەم فلۆرەنسا دڵگیرەداین، داچەمینەوە و زەوی لستنەوە نابڕێتەوە. هەموو شار بە لای ئەم دووربینەدا تێ دەپەڕێ، منیش دەبێ دوای ئەوان زەوی خاوێن بکەمەوە. هیچ سوودێکیشی نییە! ئەگەر ئەم دۆزینەوانە شتێکیان تیا بە سەر بووایە پیاوە ڕوحانییەکان پێشووتر دەیانزانی. چوار ساڵ لەلای مۆنسینیۆرە فیلیپۆ کارم دەکرد و هەرگیز نەمدەتوانی بە تەواوی کتێبخانەکەی لە تەپوتۆز پاک بکەمەوە. هەتا بنمیچەکە کتێبی بە چەرم بەرگگراو و تەنیا شیعرێکیان تێدا نەبوو! مۆنسینیۆرەی داماو کیلۆیەک قورحەی بە پاشەڵەوە بوو لە بەر زۆر دانیشتن بە دیار زانستەوە، دەبێ پیاوێکی وا نەیزانێ؟ ئەم

سـەردانە گەورەیـەی ئەمرۆش دەبێتـە ڕووڕەشـیی، بەجـۆرێکی سبەینێ ڕووم نایەت شـیرفرۆشـەکە ببینم. دەمزانی چی دەڵێم، کـاتێ ئامـۆژگـاریم کرد، لـە پێـشدا خـواردنێکی باشی ئێـوارە بخاتە بەردەم ئەو بەڕێزە، پارچەیەکی باشی گۆشتی مەڕ، پێش ئەوەی بچنە لای دووربینەکە. بەڵام نەخێر! (لاسـاییی گـالیـلای دەکاتەوە). "من شتێکی ترم بۆ ئەوان هـەیە."

(لە دەرگە دەدرێ).

**سارتی خان:**

(سـەیری ئاوێنـەی پەنجـەرەکە دەکـا): خـوای گـەورە، خـۆ ئەوە دۆقی گـەورەیە. گـالیـلایش هـێـشـتـا لـە دانیـشگایـە! (بە سـەر پلیکانـەکـاندا ڕادەکـاتـە خـوارەوە و دەرگـە بۆ دۆقـی گـەورەی تۆسکانـا، کۆزمـۆ دێ مێـدیچی، لەگەڵ مـارشـاڵی دەربار و دوو ژنی دەربـاردا دەکاتەوە).

**کۆزمۆ:**

دەمەوێ بۆڕییەکە ببینم.

**مارشاڵ:**

ڕەنگبێ خـاوەن شکۆیان بتـوانـن سـەبر بگرن، هەتا جـەنـابی گالیلای و بەڕێزەکانی تری دانیشگا دێن. (ڕوو دەکـاتە سـارتی خـان): بـەڕێز گالیـلای ویستی کـە جەنابی هەسـارەناسـەکـان ئەو ئەسـتـێـرانەی تازە دۆزیەنیـەتییـەوە و نـاوی مـیـدیچی لێ ناون بپشکنن.

**کۆزمۆ:**

بڕوایان بەو بۆڕییە نییە، بەهیچ جۆرێک. لە کوێیە؟

**سارتی خان:**

لە سەرەوە، لە ژووری کارکردن.

(کوڕە هەرزەکارەکە سەر دەلەقێنێ، ئاماژەی پلیکانەکان بۆ سەرەوە دەکات، بە سەرلەقاندنێکی سارتی خان بەرەو سەرەوە ڕادەکا).

**مارشاڵ:**

(پیاوێکی زۆر پیرە): خاوەن شکۆ! (بە سارتی خان): مرۆڤ دەبێ لەوێوە بچێتە سەرەوە؟ من تەنیا لەبەرئەوە لەگەڵیان هاتم لەبەرئەوەی مامۆستاکە نەخۆشە.

**سارتی خان:**

هیچ بە سەر ئەو گەنجە بەڕیزەدا نایەت. کوڕەکەم لە سەرەوەیە.

**کۆزمۆ:**

(دەچێتە سەرەوە): ئێوارە باش.

(دوو کوڕەکە لە بەردەم یەکتردا بە نەزاکەت دادەچەمێنەوە. پشوو. ئەمجا ئەندریا دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی خۆی).

**ئەندریا:**

(زۆر هاوشێوەی مامۆستاکەی): ئێرە وەکو سەرە ڕێگە وایە.

**کۆزمۆ:**

سەردانیتان زۆرە؟

**ئەندریا:**

پێیان هەڵدەکەوێ، دەم دادەپچڕێن و هیچیش تێ ناگەن.

**کۆزمۆ:**

تێ دەگەم. ئەمە....؟ (ئاماژە بۆ دووربینەکە دەکا)

**ئەندریا:**

بەڵێ، ئەوەیە. بەڵام دەستت لابە.

**کۆزمۆ:**

ئەی ئەمە چییە؟ (ئاماژە بۆ مۆدێلێکی دارینی سیستەمی پتۆلێمی دەکا).

**ئەندریا:**

ئەوە پتۆلێمییە.

**کۆزمۆ:**

ئەمە پێشانی دەدا چۆن هەتاو دەسووڕێتەوە، وا نییە؟

**ئەندریا:**

بەڵێ، ئەوان وا دەڵێن.

**کۆزمۆ:**

(لەسەر کورسییەک دادەنیشێ، مۆدێلەکە دەخاتە باوەشی): مامۆستاکەم هەڵامەتی تووش بووە. لەبەرئەوە توانیم زووتر دەرچم. ئێرە خۆشە.

**ئەندریا:**

(پەشۆکاو، لۆژلۆژ و بەبێ ڕا دێت و دەچێ، بە بەدگومانییەوە سەیری کوڕە گەنجەکە دەکا، ناتوانێ لەوە زیاتر بەرهەڵستیی فریوەکە بکا، مۆدێلێکی دارینی تر لە پشتی نەخشەکانەوە دەردەهێنێ، پلانێکی سیستەمی کۆپەرنیکۆسە): بەڵام بێگومان لە ڕاستیدا وایە.

**کۆزمۆ:**

چی وایە؟

**ئەندریا:**

(دەست بۆ مـۆدێلەکەی باوەشی کـۆزمـۆ ڕادەکێـشێ): دەوترێ، ئەمــە وایە و وایە (دەست بـۆ مـۆدێلەکــەی خـۆی ڕادەکـێـشێ). زەوی بە دەوری هەتاودا دەسووڕێتەوە، تێ دەگەن؟

**کۆزمۆ:**

بە ڕاستی لەو بڕوایە دای؟

**ئەندریا:**

بەڵێ، ئەمە سەلمێندراوە.

**کۆزمۆ:**

بە ڕاستیی؟ –من دەمەوێ بزانم، بۆچی نەیانهێشت بچم بۆ لای پیرەمێردەکە. دوێنێ هێشتا شێوی دەخوارد.

**ئەندریا:**

بەوە دەچێ بڕوا نەکەن، وایە؟

**کۆزمۆ:**

بەڵێ، بێگومان.

**ئەندریا:**

(لە پڕ ئاماژە بۆ مۆدێلەکەی باوەشی کۆزمۆ دەکا) بێنە، تۆ هەتا لەمەش تێ ناگەی.

**کۆزمۆ:**

خۆ تۆ دوو دانەت پێویست نییە.

**ئەندریا:**

دە بێنە. ئەمە گەمەی منداڵ و مەزم نییە.

**کۆزمۆ:**

مـن هیـچ دژی ئەوە نـیم بتـــدەمێ، بـەڵام تۆ دەبـێ کـــەمـــێک بـە نەزاکەت بی، دەزانی.

**ئەندریا:**

تۆ گـەمـژەی، بە نەزاکـەت یان بێ نەزاکـەت، بێنە، ئەگـینا حـاڵت شڕ دەبێ.

**کۆزمۆ:**

دەستت لابە، گوێت لێیە.

(دەست بـەشـــەڕەدەست دەکـــەن و هـەر زوو لەســـەر زەوییـــەکـە دەکەونە تەپاوتل).

**ئەندریا:**

من پێشـانت دەدەم چۆن مـامـەڵە لەگـەڵ مۆدێل دەکەی، خـۆت بدە بە دەستەوە.

**کۆزمۆ:**

ئێستا بووە دوو لەتەوە. تۆ دەستم با دەدەی.

**ئەندریا:**

دەبینین، کـێ لەسـەر حـەقـە و کـێ ناحـەقـە. بڵـێ دەسـووڕێتـەوە، ئەگینا کەشک دەدەم بە سەرتدا.

**کۆزمۆ:**

هـەرگیز. ئای، بێدەماغ! من ئەدەبت فێر دەکەم.

**ئەندریا:**

بێدەماغ؟ من بێدەماغم؟

(بە بێدەنگیی شەڕەدەست دەکەن.

له خــوارەوە گــالیــلای و چەند پرۆفــیــســۆرێک دێنە ژوورەوە. فێدەرزۆنی لە دواوەیانە).

**مارشاڵ:**

بەڕێزانم، نەخۆشییەکی سووک نەیهێشت جەنابی مامۆستاکەی خــاوەن شکۆی، بەڕێز ســوری یاوەریی خــاوەن شکۆی بۆ ئێـرە بکا.

**ئاینزانەکە:**

هیواداریین شتێکی خراپ نەبێ.

**مارشاڵ:**

بەهیچ شێوەیەک.

**گالیلای:**

(بێئومێدانە): خاوەن شکۆ لێرە نییە؟

**مارشاڵ:**

خــاوەن شکۆ لە ســەرەوەیە. فــەرمــوو بەڕێزان، با دووا نەکــەون. دەربــار هــێندە بە پــەرۆشـــــە، بۆ ئــەوەی ڕای زانکۆی پایــەبــەرز لەبارەی ئامێرە ناوازەکەی گالیلای و هەسارە نایابە نوێیەکان بناسێ.

(دەچنە سەرەوە.

کوڕەکان ئێستا بە بێدەنگی پاڵکەوتوون. لە خوارەوە گوێیان لە دەنگەدەنگ بووبوو.)

**کۆزیمۆ:**

گەیشتن. بیەڵە هەستمەوە.

(بە پەلە هەڵدەستنەوە).

**پیاوەکان:**

(لە کاتی چوونە سەرەوەدا): نەخێر، نەخێر، هەموو شتێک لە جێی خۆیدایە. بەشی پزیشکیی دەڵێ مەحاڵە نەخۆشییەکانی کۆنەشار تاعوون بن. لەم پلەی گەرمییەدا دەبێ هالاوی ژەهری زەوی بیبەستێ. خراپترین شت لەم حاڵەتانەدا ترسە. هیچ شتێکی تر نییە جگە لەو شەپۆلە بەرسەرماکەوتنە باوە. هەموو گومانێک مەحاڵە. هەموو شتێک لە جێی خۆیدایە.

(سلاوکردن لە سەرەوە).

**گالیلای:**

خاوەن شکۆ، من بەختەوەرم، بە ئامادەیی خاوەن شکۆتان مۆڵەتم بدەنێ نوێکارییەکان بە بەڕێزانی دانیشگاکەتان بناسێنم.

(کۆزمۆ زۆر بەڕێزەوە بە هەموو لایەکدا دادەچەمێتەوە، لە بەردەم ئەندریاشدا).

**ئایزانەکە:**

(مۆدێلە شکاوەکەی پتۆلەیمی بە شکاویی لەسەر زەوییەکە دەبینێ): بەوە دەچێ شتێک لێرە بووبێتە دوو کەرتەوە.

(کۆزمۆ خێرا دادەچەمێتەوە و بەڕێزەوە مۆدێلەکە دەداتە دەستی ئەندریا. لەو سەروبەندەدا گالیلای بە دزییەوە مۆدێلەکەی تر لا دەبا).

**گالیلای:**

(چاوی بە دووربینەکەوەیە): وەکو خاوەن شکۆتان بێگومان دەزانن، ماوەیەکە ئێمەی هەسارەناس لە حیسابەکانماندا

تووشی کێشەی گەورە بووینە. ئێمە سیستەمێکی زۆر کۆنی بۆ بەکار دەهێنین، کە لەگەڵ فەلسەفەدا هاوئاهەنگە، بەڵام بەداخەوە بەوە دەچێ لەگەڵ شتە ڕاستەکاندا هاوئاهەنگ نەبێ. بەپێی ئەم سیستەمە کۆنە، واتە سیستەمەکەی پتۆلێمیۆس، بزووتنەوەی هەسارەکان زۆر ئاڵۆز گریمانە دەکرێن. گوایە هەسارەی کاروانکوژە بۆ نموونە بەو شێوەیە دەجووڵێتەوە. (لەسەر تەختەیەک ڕێگەی ئێپیزیکلی هەسارەی ڤێنووس بە گریمانەی پتۆلیمیۆس دەکێشێ). بەڵام تەنانەت گریمانەی بزووتی ئاوەها سەختیش بکەین، لە تواناماندا نییە شوێنی هەسارەکان بەتەواوی حسێب بکەین. لەو شوێنانە نایانبینینەوە، کە لە ڕاستیدا دەبێ هەبن. ئەوە بزووتی هەسارەکانیشی دێتە سەر، کە سیستەمی پتۆلێمیۆس هیچ ڕوونکردنەوەیەکی بۆی نییە. بۆ من وا دەردەکەوێ بزووتی لەو جۆرە چەند هەسارەیەکی بچووکی دەوری کاکێشان بەجێی بهێنن کە من لەم دواییەدا دۆزیومنەتەوە. بەڕێزیان حەز دەکەن، بە سەردانێکی هەسارە گەڕۆکەکانی کاروانکوژە دەست پێ بکەین، هەسارەکانی میدیچی.

**ئەندریا:**

(دەست بۆ کورسییەکەی بەردەم دووربینەکە ڕادەکێشێ): فەرموو، لێرە دانیشە.

**فەیلەسووفەکە:**

سوپاس کوڕم. دەترسێم هەموو شتەکە ئاوها سووک و ئاسان نەبێ. بەڕێز گالیلای، پێش ئەوەی دووربینە بەناوبانگەکەتان

بەکار بهێنین، حەز دەکەین بۆ خۆشیی داوای مشتومڕێک بکەین. بابەت: ئایا هەسارەی لەو جۆرە دەبێ لە ئارادا بن؟

**ماتماتیکزانەکە:**

مشتومڕێکی فەرمی.

**گالیلای:**

من وام زانی، سووک و سانا لە دووربینەکەوە سەیر دەکەن و قەناعەت دەهێنن؟

**ئەندریا:**

فەرموو، لێرە.

**ماتماتیکزانەکە:**

بێگومان، بێگومان. – بێگومان ئەوە دەزانن، کە بەپێی بۆچوونی کۆنەکان مەحاڵە ئەو ئەستێرانە بە دەوری چەقێکدا جگە لە چەقی زەوی بخولێنەوە، نە ئەو ئەستێرانەش کە لە ئاسماندا پشتیان نییە؟

**گالیلای:**

بەڵێ.

**فەیلەسووفەکە:**

هەروەها، جگە لە شیمانەی ئەو ئەستێرانە، کە بەوە دەچێ ماتماتیکزانەکە (لە بەردەم ماتماتیکزانەکەدا دادەچەمێتەوە) گومانی لێ بکا، من بە هەموو خاکەرایییەک وەکو فەیلەسووف ئەو پرسیارە دەخەمە ڕوو: ئاخۆ ئەو ئەستێرانە پێویستن؟ گەردوونی خواوەندی ئەرەستۆ....

**گالیلای:**

بۆچی بە زمانی ئاسایی بەردەوام نەبین؟ جەنابی فێدەرزۆنی هاوکارم لە لاتینی تێناگا.

**فەیلەسووفەکە:**

ئەوەندە گرینگە لێمان تێ بگا؟

**گالیلای:**

بەڵێ.

**فەیلەسووفەکە:**

ببوورە، من وام زانی زەڕەبینتاشەکەتە.

**ئەندریا:**

جەنابی فێدەرزۆنی زەڕەبینتاش و زاناشە.

**فەیلەسووفەکە:**

سوپاس ڕۆڵە. ئەگەر جەنابی فێدەزۆنی سوور بێ لەسەر ئەوە...

**گالیلای:**

من سوورم لەسەری.

**فەیلەسووفەکە:**

باسەکە ڕەونەقی خۆی لە دەست دەدا، بەڵام ئەمە ماڵی ئێوەیە. وێنەی جیهانی خواوەندانەی ئەرەستۆ بە خولگە مۆسیقاژەنینە زاهیدییەکەی و گومبەزە کریسالییەکانییەوە و ڕەوتە بازنەییەکانی تەنە ئاسمانییەکانی و گۆشەی لاری ڕێگەی خۆر و نهێنییەکانی خشتەی هەسارە گەڕۆکەکان و کەتەلۆگی بە هەسارە دەوڵەمەندی نیوە گۆی باشوور و دارشتەی گۆی

ڕووناکی ئاسمان ساختمانی ڕێسا و جوانییەکی وەهایە، کە ئێمە دەبێ سڵ لەوە بکەینەوە ئەو هارمۆنیایە بشێوێنین.

**گالیلای:**

چی دەبێ، ئەگەر خاوەن شکۆیان ئێستا لە ڕێی ئەم دووربینەوە چ هەسارە مەحاڵەکان و چ هەسارە ناپێویستەکان ببینن؟

**ماتماتیکزانەکە:**

لەوانەیە مرۆڤ هەوڵ بدا وەڵام بداتەوە، کە دووربینەکەت، شتێک پێشان دەدا کە نابێ هەبێ، دەبێ دووربینێک بێت زۆر جێی متمانە نەبێ، وا نییە؟

**گالیلای:**

مەبەستت لەمە چییە؟

**ماتماتیکزانەکە:**

زۆر بە سوودتر دەبوو، بەڕێز گالیلای، ئەگەر ئەو هۆیانەمان پێ بڵێی کە بۆ ئەو شیمانەیە پاڵتان دەنێن، کە لە بەرزترین مەودای ئاسمانی نەگۆڕدا هەسارە دەتوانێ لە بۆشاییدا بجووڵێتەوە.

**فەیلەسووفەکە:**

هۆگەل، بەڕێز گالیلای، هۆگەل!

**گالیلای:**

هۆیەکان؟ نیگایەک بۆ سەر هەسارەکان خۆیان و تێبینییەکانم دیاردەکە پێشان دەدەن؟ گەورەم، خەریکە مشتومڕەکە بێ مانا دەبێ.

**ماتماتیکزانەکە:**

ئەگەر مرۆڤ دڵنیا بووایە، کە لەوە زیاتر هەڵناچی، دەیتوانی

بلّێ، کە ئەو شتەی لە دووربینەکەتاندایە و ئەوەی لە ئاسماندایە دوو شتی جیاوازن.

**فەیلەسووفەکە:**

لەمە بە ئەدەبتر گوزارشتی لێ ناکرێ.

**فێدەرزۆنی:**

وا بیر دەکەنەوە کە ئێمە هەسارەکانی میدیچیمان لەسەر زەڕەبینەکە کێشاوە.

**گالیلای:**

تانەی ئەوەم لێ دەدەن کە فڕوفێڵ دەکەم؟

**فەیلەسووفەکە:**

بەڵام ئێمە چۆن دەتوانین ئەوە بکەین؟ بە ئامادەییی خاوەن شکۆ.

**ماتماتیکزانەکە:**

ئامێرەکەت، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ، منداڵەکەت، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ جگەرگۆشەکەت، بێگومان زۆر بە سەلیقە کراوە، گومانی تێدا نییە.

**فەیلەسووفەکە:**

بەڕێز گالیلای، هەروەها ئێمە زۆر دڵنیاین، کە نە ئێوە و نە هیچ کەسێکی تر پڕکێشیی ئەوە دەکا، هەسارەگەلێک بە ناوی پڕشکۆی ماڵباتی فەرمانڕەواوە ناو بنێ، ئەگەر بوونیان لە سەرووی هەموو گومانێکەوە نەبووایە.

(هەموو زۆر لە بەردەم دۆقی گەورەدا دادەچەمێنەوە).

**کۆسمۆ:**

(بە دوای ژنەکانی دەربار‌دا دەگەڕێ) بۆ هەسارەکانم هیچ خەوشێکیان هەیە؟

**ژنە بەتەمەنەکە:**

(بە دۆقی گەورە): هەموو شتێک لە جێی خۆیدایە بە هەسارەکانی خاوەن شکۆتانەوە. ئەم بەڕێزانە تەنیا لە خۆیان دەپرسن، ئاخۆ بە ڕاستی، بە ڕاستی هەن.

(پشوو).

**ژنە گەنجەکە:**

گوایە مرۆڤ دەتوانێ بەم ئامێرە هەموو چەرخەیەک بە گالیسکە گەورەکەوە ببینێ.

**فێدەرزۆنی:**

هەموو شتێکیش بە کەڵەگاکەوە.

**گالیلای:**

ئاخۆ بەڕێزەکان دەیانەوێ بە دووربینەکە سەیر کەن یان نا؟

**فەیلەسووفەکە:**

بێگومان، بێگومان.

**ماتماتیکزانەکە:**

بێگومان.

(پشوو. لە پڕ ئەندریا وەردەچەرخێتەوە و بە ڕەقیی بە ناو ژوورەکە دەڕوا. دایکی دەیگرێتەوە).

**سارتی خان:**

چیتە؟

**ئەندریا:**

ئەمانە گەمژەن. (خۆی ڕادەپسکێنێ و ڕادەکا).

**فەیلەسووفەکە:**

منداڵێکی بەستەزمانە.

**مارشاڵ:**

خاوەن شکۆ، گەورەکانم، دەتوانم بیرتانی بخەمەوە، کە ئاهەنگی سەمای کۆشک سێ چارەکە سەعاتی تر دەست پێ دەکا.

**ماتماتیکزانەکە:**

بۆچی ئەم هەموو ئاگەدارییە؟ زوو بێ یان درەنگ دەبێ جەنابی گالیلای ڕاستییەکان قبووڵ بکا. هەسارەکانی ڤێنووس توێژاڵی گەردوون دەسمن. ئەمە زۆر ئاسانە.

**فێدەرزۆنی:**

سەرتان سوڕ دەمێنێ: بەڵام توێژاڵی گەردوون بوونی نییە.

**فەیلەسووفەکە:**

قوربان، هەموو کتێبێکی قوتابخانە پێتان دەڵێ، کە هەیە.

**فێدەرزۆنی:**

دە کتێبی قوتابخانەکان بهێنن.

**فەیلەسووفەکە:**

خاوەن شکۆ، هاوکارە بەڕێزەکانم و من بەلای کەمەوە پشت بە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی وەکو ئەرەستۆی بەهەشتیی خۆی دەبەستین.

**گالیلای:**

(ملکەچانە): گەورەکانم، بڕوابوون بە سەرچاوەی باوەڕپێکراوی ئەرەستۆ شتێکە و، ڕاستیگەلێک، کە مرۆڤ دەتوانێ بە دەست بیانگرێ شتێکی ترە. ئێوە دەڵێن، بە پێی ئەرەستۆ لەوێ لە سەرەوە تویژاڵێکی کریستاڵی هەیە و نابێ هەندێ جوولانەوە ڕوو بدەن، لەبەرئەوەی دەبێ هەسارەکان تویژاڵەکە بسمن. بەلام چی دەبێ، ئەگەر بتوانن ئەم جوولانەوانەتان بۆ دەربکەوێ؟ لەوانەیە ئەمە پێتان بڵێ، کە ئەم تویژاڵە کریستاڵییانە هەر نین؟ گەورەکانم، بە هەموو ملکەچییەکەوە تکاتان لێ دەکەم، متمانەتان بە چاوی خۆتان هەبێ.

**ماتماتیکزانەکە:**

گالیلای ئازیزم، هەرچی چەندە لەوانەیە کۆنەخواز بێمە بەرچاوتان، بەلام من ئەرەستۆ دەخوێنمەوە و دەتوانم دڵنیاتان بکەمەوە، کە من متمانەم بە چاوی خۆم هەیە.

**گالیلای:**

من ڕاهاتووم وای ببینم، کە بەڕێزەکانی هەموو ڕشتەکان لە بەرامبەر سەرجەمی ڕاستییەکاندا چاویان دابخەن و وا پێشان بدەن کە هیچ ڕووی نەداوە. من تێبینییەکانم پێشان دەدەم، زەردەخەنەم بۆ دەکرێ، من دووربینەکەم دەخەمە بەردەست، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ قەناعەت بکا، ئەوان ئیقتباسی ئەرەستۆم بۆ دەهێننەوە. ئەو پیاوە دووربینی نەبوو.

**ماتماتیکزانەکە:**

ڕاستە نەیبوو، ڕاستە نەیبوو.

**فەیلەسووفەکە:**

(بەفیزەوە): ئەگەر لێرەدا مەبەست ئەوە بێ لە نرخی ئەرەستۆ کەم بکرێتەوە، ئەرەستۆی سەرچاوەی بەڵگە، کە نەک سەرجەمی زانستی کلاسیک، بگرە پیاوە بەرزەکانی کڵێسا دانیان پێیدا ناوە، بە هەرحاڵ بۆ من وا دەردەکەوێ درێژەپێدانی مشتومڕەکە بێ سوود بێ. من مشتومڕی نابابەتی ڕەت دەکەمەوە. بڕایەوە.

**گالیلای:**

ڕاستیی منداڵی سەردەمەکەیەتی، نەوەکو سەرچاوەی بەڵگە. نەزانیمان بێ کۆتاییە. با میلیمەترێکی سێجای لێ لاببەین! بۆچ دەمانەوێ هێشتا ئەوەندە عاقڵ بین، ئەگەر بتوانین کەمێکی بچووک کەمتر گەمژە بین؟ من ئەو بەختەوەرییە وێنانەکراوەم هەبوو، ئامێرێکی نوێم چنگ بکەوێ، کە مرۆڤ دەتوانێ خاڵۆکەیەکی گەردوون، تۆسقاڵێک، زۆر نا، نزیکتری پێ ببینێ. بەکاری دەهێنی.

**فەیلەسووفەکە:**

خاوەن شکۆ، خوشک و برایان، من تەنیا لە خۆم دەپرسم، ئەم شتانە بەرەو کوێمان دەبەن.

**گالیلای:**

من دەڵێم وەکو زانا نابێ لە خۆمان بپرسین، ڕاستی بۆ کوێمان دەبا.

**فەیلەسووفەکە:**

(شێتگیرانە): بەڕێز گالیلای، ڕاستیی لەوانەیە بۆ هەموو شتێکمان ببا.

**گالیلای:**

خاوەن شکۆ. لەم شەوانەدا لە هەموو ئیتاڵیا ڕووی دووربینەکان دەکرێنە ئاسمان. مانگەکانی کاکێشان شیر هەرزان ناکەن. بەڵام هەرگیز نەبینراون، بەڵام هەن. پیاوی سەر جادە ئەنجامگیریی ئەوە دەکا، لەوانەیە شتی زۆر لەوە زیاتر هەبن، تەنیا ئەگەر چاوی بکاتەوە! ئێوە گەواهینامەیەک قەرزارن! ئەوە جولانەوەی چەند هەسارەیەکی دوور نین، کە ئیتاڵیا ئاگەدار دەکاتەوە، بگرە ئەو هەواڵەیە، کە زانستی بەناوبانگی چەسپاومان باریان لێژ بووە و هەموو کەسێکیش دەزانێ، کە لەوانە زۆر هەن. گەورەکانم، وا مەکەن بەرگریی لە زانستی شلوێ بکەین!

**فێدەرزۆنی:**

ئێوە وەکو مامۆستا دەبێ مشوری تێکدانی بخۆن.

**فەیلەسووفەکە:**

حەزم دەکرد، هاوکارەکەت لە مشتومڕێکی زانستیدا ئامۆژگاریی نەخستایەتە ڕوو.

**گالیلای:**

خاوەن شکۆ! کارەکەم لە جبەخانە گەورەکەی ڤینیسیادا ڕۆژانە لەگەڵ هێڵکار و، بەننا و ئامێرکاردا کۆی دەکردمەوە. ئەو خەڵکە هەندێ ڕێی نوێیان فێر کردم. بەبێ خوێندنەوە متمانە بە گەواهی پێنج هەستەکەیان دەکەن، زۆرجار بەبێ ترس، ئەم گەواهییە بۆ کوێیان دەبا...

**فەیلەسووفەکە:**

ئۆهۆ!

**گالیلای:**

هەر وەکو دەریاوانەکانمان، کە پێش سەد ساڵ کەنارەکانمانیان بەجێ هێشت، بەبێ ئەوەی بزانن بە چ کەنارێکی تر دەگەن، هەر نەشیاندەزانی دەگەن. بەوە دەچێ ئەمڕۆ مرۆڤ، بۆ ئەوەی زانخوازیی بەرز بدۆزێتەوە، کە ناوبانگی ڕاستەقینەی یۆنانی کۆنی لێ پێک هاتبوو، دەبێ بچێ بۆ کارگەی کەشتی.

**فەیلەسووفەکە:**

دوای ئەو هەمـوو شـتـەی گـوێمـان لێ بوو، لەوە زیاتر گـومـان ناکەم، کە جەنابی گالیلای لە کارگەی کەشتیی خەڵک بدۆزێتەوە پێی سەرسام بن.

**مارشاڵ:**

خاوەن شکۆ، بۆ مەترسیم بۆم دەردەکەوێ، کە گفتوگۆ ناوازە بە سوودەکەتان کەمێک بەرفراوان بووەوە. خاوەن شکۆ دەبێ پێش ئاهەنگەکە کەمێک ئیسراحەت بکا.

(بە ئاماژەیەک گەورە دۆق لەبەر گالیلایدا دەچەمێتەوە. دەربار لەوەدایە خێرا بڕوا).

**سارتی خان:**

(ڕێ لە گەورە دۆق دەگرێ قاپێک شیرینیی دەخاتە بەردەم): خاوەن شکۆ، چۆرەکێک؟

(ژنە بەتەمەنترەکەی دەربار گەورە دۆق دەباتە دەرەوە).

**گالیلای:**

(بە دوایاندا ڕادەکا): بەڵام بەڕێزیان تەنیا دەبێ بە ڕاستی بەو ئامێرە تەماشا بکەن.

**مارشاڵ:**

خاوەن شکۆ ئەوە لە دەست خۆی نادا لەبارەی بانگەشەکانتان ڕای گەورەترین هەسارەناسی زیندوومان بپرسێ، واتە جەنابی قەشە کریستۆفەر کلاڤیوس، هەسارەناسی سەرەکی لە ئامۆژگای پاپایی لە ڕۆما.

٥

گالیلای لە تاعوونیش ناترسێ و درێژە بە توێژینەوەکانی دەدا.

ئـ

(بەیانی زووە، گالیلای بە سەر یاداشتنامەکانییەوە و چاوی بە دووربینەکەوەیە. ڤیرجینیا بە جانتایەکی سەفەرەوە دێتە ژوورەوە).

**گالیلای:**

ڤیرجینیا! چێ ڕووی داوە؟

**ڤیرجینیا:**

کلێساکە داخراوە، دەبوو یەکسەر بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە. لە ئارجێتری پێنج حاڵەتی تاعوون هەیە.

**گالیلای:**

(بانگ دەکا): سارتی.

**ڤیرجینیا:**

کۆڵانی بازاڕیش لە شەوەوە داخراوە. گوایە لە کۆنەشار دوو کەس مردوونە و سێ کەس لە نەخۆشخانە لە سەرەمەرگدان.

**گالیلای:**

جارێکی تر هەموو شتێکیان هەتا دوا چرکە شاردەوە.

**سارتی خان:**

(دێتە ژوورەوە): لێرە چی دەکەی؟

**ڤیرجینیا:**

تاعوون.

**سارتی خان:**

خوای گەورە. جانتا دەپێچمەوە. (دادەنیشێ).

**گالیلای:**

هیچ مەپێچنەوە. ڤیرجینیا و ئەندریا لەگەڵ خۆتان ببەن! من تیبینییەکانم دەهێنم. (بە پەلە ڕادەکا و لەسەر مێزەکەی بە پەلەپرووزێ کاغەز کۆ دەکاتەوە.

ئەندریا بە ڕاکردن دێت، سارتی خان پاڵتۆیەکی لەبەر دەکا و هەندێ پێخەف و خواردن لەگەڵ خۆی دەبا.

نۆکەرێکی دۆقی گەورە دێتە ژوورێ).

**نۆکەر:**

خاوەن شکۆ لەبەرئەو نەخۆشییەی تەشەنەی کردووە بە ئاراستەی بۆلۆنیا شاری بەجێ هێشتووە. بەڵام لەسەر ئەوە پێی دادەگرت، کە شیمانەی ئەوە بخرێتە بەردەم جەنابی گالیلای ئەویش خۆی بگەیەنێتە شوێنێکی ئەمین. گالیسکەکە دوو دەقەی تر دەگاتە بەردەم دەرگە.

**سارتی خان:**

(بە ڤیرجینیا و ئەندریا): ئێوە هەر ئێستا بچنە دەرێ، ئەمە لەگەڵ خۆتان بەرن.

**ئەندریا:**

بەڵام بۆچی؟ ئەگەر پێم نەڵێی بۆچی، ناڕۆم.

**سارتی خان:**

ڕۆڵەکەم، تاعوونە.

**ڤیرجینیا:**

چاوەڕێی باوە دەکەین.

**سارتی خان:**

بەڕێز گالیلای تەواو بووی؟

**گالیلای:**

(دووربینەکە بە پەردەی سەر مێزەکە دەپێچێتەوە): ڤیرجینیا و ئەندریا بخە ناو گالیسکەکەوە. من ئێستا دێم.

**ڤیرجینیا:**

نەخێر، ئێمە بەبێ تۆ ناڕۆین. تۆ کە ئێستا دەست بەپێچانەوەی کتێبەکانت بکەی هەرگیز تەواو نابی.

**سارتی خان:**

گالیسکەکە هات.

**گالیلای:**

ڤیرجینیا، عاقڵ بە، ئەگەر سوار نەبن، گالیسکەکە دەڕوا. تاعوون شتێکی هەروا ئاسان نییە.

**ڤیرجینیا:**

(نارەزایی دەردەبڕێ، لە کاتێکدا سارتی خان ئەو و ئەندریا دەباتە دەرەوە): بۆ کتێبەکان یارمەتی بدە، ئەگینا نایەت.

**سارتی خان:**

(لە دەرگەی حەوشەوە بانگ دەکا): بەڕێز گالیلای!

گالیسکەوانەکە نایەوێ چاوەڕێکا.

**گالیلای:**

ســارتـی خــان، من لەو بڕوایەدا نیم کــە من دەبـێ ئێـرە بـەجێ بهـێـڵم، لێـرە هـەمـوو شـتـێک بـە ســەر یەکـدا دراوە، دەزانن یاداشـتـەکـانی سێ مـانگ، ئەگـەر شـەوێک، دوو شـەوی تر لە سەریان بەردەوام نەبم دەبێ فڕێیان دەم. ئەم پەتایەش لە هەموو شوێنێکە.

**سارتی خان:**

بەڕێز گالیلای! یەکسەر لەگەڵمان وەرە! تۆ شێت بووی.

**گالیلای:**

دەبێ لەگەڵ ڤیرجینیا و ئەندریادا بڕۆن. من دواییتر دێم.

**سارتی خان:**

دوای سەعاتێکی تر کەس لێرەوە دەرناچێ. دەبێ بێی! (گوێ دەگرێ). وا دەردەچێ! دەبێ ڕای گرم. (گالیسکەکە دەردەچێ). (گـالیـلای دێت و دەچێ. ســارتی خــان بەبێ بوخــچــەکــەی دەگەڕێتەوە، ڕەنگی پەڕیوە).

**گالیلای:**

بۆ وا لێـرە ڕاوەسـتـاوی؟ گـالیسکەکە بە منداڵەکـانەوە دەڕوا و بەجێتان دەهێڵێ.

**سارتی خان:**

ڕۆیشتن. دەبوو ڤـیـرجـینیـا تـوند بگرن. لە بۆلۆنیا مـشـووری منداڵەکان دەخۆن. بەڵام کێ خواردن بۆ ئێوە ئامادە بکا؟

**گالیلای:**

تۆ شـێتی. لەبەر چێشتلێنان لە شـار دەمـێنیتـەوە!... (دەست دەداتە یاداشـتـەکانی). سـارتی خـان، لەو بڕوایـەدا نەبن کـە من شـێـتم. من ناتوانم واز لە سـەرنجدانەکـانم بهێنـم. من دوژمنی بەهێزم هەیە و دەبێ بەڵگە بۆ هەندێ بانگاشە کۆ بکەمەوە.

**سارتی خان:**

پێـویست ناکـا داوای لێـبـووردن بکەی. بەڵام ئەوەی تـۆ دەیکەی ئاقڵانە نییە.

ب

لە بەردەم مـاڵەکـەی گـالیلۆدا لـە فلۆرەنسـا. گـالیـلای دێتـە دەرەوە و بەرەوخوار سـەیری جادەکە دەکا. دوو ڕاهیبە لەوێوە تێ دەپەڕن.

**گالیلای:**

(قسـەیان لەگەڵ دەکـا): خـوشکینە، دەتوانن پێم بڵێن، لە کوێ دەتوانم شـیـر بکڕم؟ ئەمـڕۆ ژنـە شـیـرفـرۆشـەکـە نەهـاتووە و کارەکەرەکەم ڕۆیشتووە.

**یەکێک لە ڕاهیبەکان:**

تەنیا دووکانەکانی خوارەوەی شار هێشتا کراونەتەوە.

**ڕاهیبەکەی تر:**

لێـرەوە هـاتیـتـە دەرەوە؟ (گـالیـلای سـەر دەلەقـێنێ). ئەمـە ئەو کۆڵانەیە.

(هەردوو ڕاهیبەکە بە هێما نیشانەی خـاچ دەکەن، لەژێر لێوەوە سـڵاوی ئینگلیـزی دەکـەن و ڕادەکـەن. پیـاوێک بەوێدا تێ دەپەڕێ).

**گالیلای:**

(قسه لەگەڵ پیاوەکە دەکا): ئێوە ئەو نانەوایە نین کە نانە سپییەکەمان بۆ دەهێنێ؟ (پیاوەکە سەر دەلەقێنێ). کارەکەرەکەمت نەبینیوە؟ دەبێ دوێنێ ئێوارێ ڕۆیشتبێ. لەمڕۆ بەیانییەوە لە ماڵ نەماوە. (پیاوەکە سەر ڕادەوەشێنێ. لە بەرامبەر پەنجەرەیەک دەکرێتەوە و ژنێک سەیری دەرەوە دەکا).

**ژنەکە:**

(بە دەم قیژە و هاوارەوە): ڕاکەن! لەلای ئەوانە تاعوونی لێیە! (پیاوەکە ترسی لێ دەنیشێ و ڕادەکا).

**گالیلای:**

هیچ لەبارەی کارەکەرەکەم دەزانن؟

**ژنەکە:**

کارەکەرەکەت لە سەرەوە لەسەر جادەکە کەوت. دەبێ زانیبێتی. لەبەرئەوە ڕۆشت. بە تەنگ دڵ و هەستی خەڵکەوە نایەن! (بە توندی پەنجەرەکە پێوە دەدا. منداڵ لە جادەکە سەربەرەوخوار دێن. گالیلای دەبینن و بە قیژەوە ڕادەکەن. گالیلای وەردەسووڕێتەوە، دوو سەربازی پڕچەک دێن).

**سەربازەکان:**

یەکسەر بگەڕێرەوە بۆ ماڵەکەت! (بە نێزە درێژەکانیانەوە گالیلۆ پاڵ دەنێنە ژوورەوە، لە پشتییەوە دەروازەکە توند دادەخەن و قایمی دەکەن).

**گالیلای:**

(لە پەنجەرەوە): دەتوانن پێم بڵێن ژنەکە چی بەسەر هاتووە؟

**سەربازەکان:**

فڕێ دەدرێنە سەر چیمەنەکان.

**ژنەکە:**

(جارێکی تر لە پەنجەرەکەوە دەردەکەوێتەوە): هەموو کۆڵانەکەی پشتەوە تووش بووە. بۆ دای ناخەن؟

(سەربازەکان پەتێک بە سەر جادەکەدا ڕادەکێشن).

بەڵام ئاوها کەس ناتوانێ بێتەماڵەکەی ئێمەشەوە! ئێ خۆ پێویست ناکا لێرەشەوە دایخەن. ئێرە هەموو ساغ و سەلامەتن. ڕاوەستن! ڕاوەستن! گوێبگرن! مێردەکەم هێشتا لە شارە، ناتوانێ ئیتر بۆ لای ئێمە بێتەوە! ئاژەڵینە، ئاژەڵینە! (لە ژوورەوە بەرهەنیسک و هاواری دەبیسترێ. سەربازەکان دەڕۆن.

لە پەنجەرەیەکی ترەوە پیرەژنێک دەردەکەوێ).

**گالیلای:**

لەو پشتەوە ئاگر کەوتووەتەوە.

**پیرەژنەکە:**

ئەگەر گومانی تاعوون بکەن نایکوژێننەوە. هەموو کەسێک تەنیا بیر لە تاعوون دەکاتەوە.

**گالیلای:**

خۆیانیش بە تاعوون دەچن! ئەمە هەموو سیستەمی حکوومەتیانە. وەکو لقی دەردەداری دارهەنجیرێکی بێ بەر دەمانبڕنەوە.

**پیرەژنەکە:**

نابێ وا بڵێن. تەنیا ئەوەیە ئەوان نازانن چی بکەن.

**گالیلای:**

بە تەنیا لە ماڵەوەن؟

**پیرەژنەکە:**

بەڵێ، کوڕەکەم کاغەزێکی بۆ ناردووم. سوپاس بۆ خوا دوێنی ئێوارە بیستی کە لەو پشتەوە یەکێک مردووە، ئیتر نەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە. ئەمشەو لەم دەوروبەرە حەوت حالەتی تاعوون ڕووی داوە.

**گالیلای:**

من سەرکۆنەی خۆم دەکەم، کە کارەکەرەکەم لە کاتی خۆیدا نەنارد. کارێکی پێوستم هەبوو، بەڵام ئەو هیچ هۆیەکی نەبوو لێرە بمێنێتەوە.

**پیرەژنەکە:**

ئێمەش ناتوانین ئێرە بەجێ بهێڵین؟ کێ دەمانگرێتە خۆی؟ پیویست ناکا سەرکۆنەی خۆتان بکەن. من بینیم. ئەمڕۆ بەیانی ڕۆیشت، نزیکەی سەعات حەوت. نەخۆش بوو، چونکە کاتێ منی بینی لە دەرگەکە دەردەچم و نان دەبەمە ژوورەوە، لێم دوور کەوتەوە. نەیویست ماڵەکەتان لە سەر داخەن. بەڵام هەموو شتێک دەدۆزنەوە.

(دەنگی تەق و هوڕی دەبیسترێ).

**گالیلای:**

ئەوە چییە؟

**پیرەژنەکە:**

هەوڵ دەدەن بە تەق و هوڕ هەورەکـــان بڕەوێننەوە، کـــە تۆوی تاعوونیان پێیە.

(گالیلای دەداتە قاقای پێکەنین).

**پیرەژنەکە:**

ئێوە هێشتا دەتوانن پێ بکەنن.

(پیاوێک بە جادەکەدا سەربەرەوخوار دێ و دەبینێ جادەکە بە پەتێک داخراوە).

**گالیلای:**

هۆو، ئێوە! ئێرە داخراوە، لە ماڵەکەشدا هیچ شتێک نییە تا بیخۆین.

(پیاوەکە ڕادەکا).

بەڵام ئێوە ناتوانن لێرە یەکێک لە برساندا بکوژن! هۆو! هۆو!

**پیرەژنەکە:**

لەوانەیە شتێک بهێنن. ئەگینا دەتوانم دۆلکەیەک شیرتان لە بەردەرگەکە بۆ دابنێم، بەڵام بە شەو، ئەگەر ناترسن.

**گالیلای:**

هۆو! هۆو! خۆ دەبێ گوێیان لێمان بێ.

(لەپڕ ئەندریا بە دیار پەتەکەوەیە. بەوە دەچێ گریابێ).

ئەندریا! چۆن گەیشتیتە ئێرە؟

**ئەندریا:**

من بەیانی زوو لێرە بووم. لە دەرگەم دا، بەڵام ئێوە نەتانکردەوە.

خەڵکی پێیان وتم کە...

**گالیلای:**

بە گالیسکەکە نەڕۆیشتی؟

**ئەندریا:**

بەڵام لە ڕێگە توانیم باز بدەمە خوارەوە، ڤیرجینیا ڕۆیشت. ناتوانم بێمە ژوورەوە؟

**پیرەژنەکە:**

نەخێر، ناتوانی. دەبێ بچی بۆ لای ئورزولاییەکان[١]. لەوانەیە دایکیشت لەوێ بێ.

**ئەندریا:**

لەوێ بووم. بەڵام نەیانهێشت بچم بۆ لای. زۆر نەخۆشە.

**گالیلای:**

ئەوەندە بەپێ ڕێت کرد؟ خۆ سێ ڕۆژە تۆ بەڕێوەی.

**ئەندریا:**

ئەوەندە کاتەم ویست، لێم زویر مەبن. تەنانەت نەیانتوانی بیشمگرن.

**گالیلای:**

(بەدەنگێکی کەساسەوە): ئیتر مەگری. دەبینی، من لەم نێوەندەدا زۆر شتم دۆزییەوە. بۆتی بگێڕمەوە؟ (ئەندریا بە دەم بەرهەنیسکەوە سەری دەلەقێنێ). باش گوێ بگرە، ئەگینا تێ ناگەی. لە بیرتە کاتێ من هەسارەی ڤینۆسم پێشان دای؟ گوێ

---

(١) دەستەی ڕاهیبەی کاتۆلیکی ڕۆمییە بۆ خزمەتی تەندروستی و وانەوتنەوە.

لەو دەنگەدەنگە مەگرە، ئەوە هیچ نییە. بە بیرت دێتەوە؟ دەزانی من چیم بینی؟ وەکو مانگ وایە! وەکو نیوە گۆ و وەکو دەمەداس بینیم. چی دەڵێی؟ بە گۆیەک و ڕووناکییەک دەتوانم هەموو شتێکت پێ پێشان دەم. ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ، کە ئەم هەسارەیەش تیشکی خۆی نییە. بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، بە بازنەیەکی ئاسان، ئەمە نایاب نییە؟

**ئەندریا:**

(بە دەم بەرهەنسکەوە): بێگومان، ئەمەش ڕاستییە.

**گالیلای:**

(بەدەنگی نزم): من دایکتم گل نەدایەوە.

(ئەندریا بێدەنگە)

بەڵام بێگومان، ئەگەر من نەمامایەتەوە ئەمە هەرگیز ڕووی نەدەدا.

**ئەندریا:**

دەبێ ئێستا بڕوات پێ بکەن؟

**گالیلای:**

من ئێستا هەموو بەڵگەکانم لەلایە. دەزانی، کە ئەمە لێرە بەسەرچێ دەچم بۆ ڕۆما و پێشانیان دەدەم.

(لەسەر جادەکە دوو پیاوی دەمامکدار شیشی درێژ و سەتڵیان بە دەستەوەیە بەرەوخوار دەبنەوە. بە سەری شیشەکان لە پەنجەرەکانەوە نان دەدەنە گالیلای و پیرەژنەکە).

**پیرەژنەکە:**

ئەوێ ژنێک و سێ منداڵی لێیە. شتێکیش بخەنە ئەوێوە.

**گالیلای:**

بەڵام هیچ شتێکم نییە تا بیخۆمەوە. ماڵەکە ئاوی تێدا نییە.

(هەردووکیان شان هەڵدەتەکێنن). بەیانیش دێن؟

**یەکێک لە پیاوەکان:**

(بەدەنگێکی خنکاوەوە، لەبەرئەوەی پەرۆیەک بە دەمیوەیەتی):

کێ ئەمڕۆ دەزانێ سبەی چی دەبێ؟

**گالیلای:**

ئەگەر هاتن، دەتوانن کتێبێکم بۆ بهێنن کە بۆ کارەکەم پێویستمە؟

**پیاوەکە:**

(بەدەنگێکی کپەوە پێ دەکەنێ): وەکو کتێب ئێستا ئەوەندە گرینگ بێ. دەبێ بەختەوەر بی، کە نانت دەدرێتێ.

**گالیلای:**

بەڵام ئەو کوڕە لاوەی ئەوێ، قوتابییەکەم، لەوێ دەبێ و ناوەکەیتان دەداتێ. نەخشەی کاتی سووڕانەوەی هەسارەی موشتەرییە، ئەندریا، من ئەو کتێبەم چاپ کرد، دەتوانی لە قوتابخانە پەیدای کەی؟

(پیاوەکان ڕۆیشتوونە).

**ئەندریا:**

بە دڵنیاییەوە، جەنابی گالیلای، من دەیهێنم. (دەڕوا).

(گالیلایش دوور دەکەوێتەوە. لە بەرامبەرەوە پیرەژنەکە دێتە دەرەوە و دۆلکەیەک شیر لە بەردەم ماڵەکەی گالیلای دادەنێ).

## ٦

١٦١٦: دانیـــشگای ڕۆمـــایی، ئامـــۆژگـــای تـۆژینـەوەی فـــاتیکان، دۆزینەوەکانی گالیلای دەسەلمێنێ.

جیهان زۆرجار ئەمەی نەبینیوە

کە مامۆستاکان خۆیان بچن بخوێنن.

کالڤیوس، بەندەی خوا

حەقی دا بە گالیلای.

(هۆڵی کۆلێجی ڕۆمایی لە ڕۆما. شـەوە. کۆمـەڵێکی گەورە لـە قەشـەی بەرز و، ڕەبـەن، زانا. لەلایەکـەوە گـالیـلای. لـە سـەریشـەوە ئاهونگی شـەوق و شـادیی دەگێڕن. پێش ئەوەی دیمەنەکە دەست پێ بکا، قاقـای پێکەنینی زۆر بەرز دەبیسترێ).

**سەرقەشەیەکی قەڵەو:**

(لەبەر پێکەنین دەستی بە ورگییەوە گرتووە): ئاخ گەمژەیی! داخ گەمژەیی! من دەمـەوێ، کە یەکێک ڕستـەیەکم پێ بڵـێ، کە بڕوای پێ نەکرابێ.

**زانایەک:**

عالی مـەقام، بـۆ نموونە، کە ئێوە ڕقێکی واتان لە ژەمـەخـواردن دەبێتەوە، کە ناتوانن بە سـەریدا زاڵ بن.

**سەرقەشەیەکی قەڵەو:**

لەو بـڕوایەدان، لەو بڕوایـەدان. تەنیـا بڕوا بە شـتی مـەنتـیـقی

ناکرێ. گومـان لەوە دەکـرێ شـەیتـان هەیە. بەڵام گـوایە زەوی وەکـو هـەڵمــاتی ناو ئاوەڕۆگـە دەخـولێـتــەوە بڕوا بەوە دەکـرێ. خاکەراییی پیرۆز.

**قەشەیەک:**

(دەست بە قـەشمـەریی پێکردن دەکا): سـەرم گێژ دەخـوا. زەوی خێرا دەسووڕێتەوە. پرۆفیسۆر ڕێم پێ بدەن، دەست بە ئێوەوە بگرم. (خۆی وا پێشـان دەدا کە لەتر دەدا، خـۆی بە زانایەکەوە دەگرێ).

**زانا:**

(لەگەڵ ئەو دەسـت بە ڕابوارن دەکا): بەڵێ، زەوی ئەمـرۆ دیسـان زۆر مەستە، ئەم پیرەژنە. (خۆی بە یەکێکی ترەوە ڕادەگرێ).

**قەشە:**

ڕاوەستێ، ڕاوەستێ! دەکەوینە خوارەوە! پیت دەڵێم، ڕاوەستێ!

**زانای دووەم:**

هەسـارەی ڤینۆس زۆر خـوار وەسـتـاوە. من تەنیا نیـوەی گـەڵ و قنگی دەبینم، فریام کـەون! (گرووپێک قەشـە کۆ دەبنەوە، بە دەم پێکەنینەوە وا پـێشـان دەدەن، وەکـو خـەریک بێ لە کـەشـتـیـیـەکی ناو زریان بکەونە خوارەوە).

**قەشەی دووەم:**

بەس ئێمە نەکەوینە سـەر مـانگ! براینە، گـوایە مـانگ لووتکەی زۆر تیژی هەیە.

**زانای یەکەم:**

دە کەواتە پێتی لێ توند کە.

**قەشەی یەکەم:**

سەیری خوارەوەش مەکەن. من بەوە سەرم سوورِ دەخوا.

**سەرقەشە قەڵەوەکە:**

(بە دەستی ئەنقەست بەدەنگی بەرز بە ئاراستەی گالیلای):

مەحاڵە، سەرەسوورکێ لە کۆلێجی رۆمانی!

(پێکەنێکی زۆر.

لە دەرگەکەی دواوە دوو هەسارەناسی کۆلێج دێنە ژوورێ.

بێدەنگیی زاڵ دەبێ).

**قەشەیەک:**

ئێوە هێشتا هەر دەکۆڵنەوە؟ ئەمە ئابرِووچوونە!

**هەسارەناسی یەکەم:**

(بە توورِەیییەوە): نا ئێمە نا!

**هەسارەناسی دووەم:**

ئەمە بۆ کوێمان دەبا؟ من لە کلاڤیوس تێ ناگەم... ئەگەر هەموو ئەو شتانەی لەم پەنجا ساڵەی دواییدا بانگەشەی بۆ کراوە بە راست وەرگرێ. لە ساڵی ١٥٧٢دا لە بەرزترین تەبەقەدا، واتە هەشتەم تەبەقە، تەبەقەی هەسارە سەقامگیرەکان، هەسارەیەکی نوێ دەدرەوشێتەوە، لە هەموو هەسارەکانی دەوروبەری بە شەوقتر و گەورەترە، پێش ئەوەی ساڵ و نیوێک بەسەرچێ، جارێکی تر دیار نامێنێ و دەبێتە قوربانیی فەوتان. ئاخۆ مرۆڤ دەبێ بپرسێ: جاویدانیی و نەگۆرِانی ئاسمان چی بەسەرهاتووە.

**فەیلەسووفەکە:**

ئەگەر ڕێگەیان پێ بدرێ، سەرلەبەری ئاسمانی ئەستێرەکان پارچە پارچە دەکەن.

**هەسارەناسی یەکەم:**

بەڵێ، مرۆڤ بە کوێ دەگا! پێنج ساڵ دواتر تیخۆ براهەی دانیمارکی خولگەی هەسارەیەکی گەڕۆک دیاری دەکا. لە سەرووی مانگەوە دەستی پێ کرد و هەموو دیوارەکانی گۆی توێژاڵەکانی یەک لە دوای یەک بڕی، هەڵگری مادی تەنی جولاوەی ئاسمان! تووشی بەرهەڵستیی نابێ، تیشکەکەی ناشکێتەوە. دەبێ مرۆڤ بپرسێ: تەبەقەکان لە کوێن؟

**فەیلەسووفەکە:**

ئەمە مەحاڵە! کریستۆفەر کلاڤیوس، گەورەترین هەسارەناسی ئیتاڵیا و کڵێسا هەر چۆن دەتوانێ لە شتێکی ئاوها بکۆڵێتەوە.

**قەشە قەڵەوەکە:**

ئەمە ئابڕووچوونە!

**هەسارەناسی یەکەم:**

بەڵام لێی دەکۆڵێتەوە! لە ژوورەوە دانیشتووە و چاوی ناوە بەو دووربینە شەیتانییەوە.

**هەسارەناسی دووەم:**

بەرهەڵستیی سەرەتاکان بکەن! هەموو شتێک بەوە دەستی پێ کرد، کە ئێمە زۆر شت، درێژیی ساڵی هەتاویی، زانیارییەکانی ڕۆژگیران و مانگگیران، شوێنگەی تەنەکانی ئاسمان لە سەرەتای دنیاوە بە گوێرەی خشتەکانی کۆپەرنیکۆس حسێب

بکەین، ئەویش کافر بوو.

**قەشەیەک:**

من دەپرسم: کامیان باشترە، مانگگیران سێ ڕۆژ دواتر ببینم وەکو لە ڕۆژژمێردا هاتووە یان فریادڕەسیی جاویدانی هەرگیز نەبینم؟

**ڕەبەنێکی زۆر لاواز:**

(بە ئینجیلێکی کراوەوە دێتە پێشەوە، کوێرباوەڕانە پەنجەی لە شوێنێک گیر کردووە): لێرە لە ئینجیلدا چی نووسراوە؟ "هەتاو لە گیبیۆندا ئارام بگرە و مانگ تۆیش لە پێدەشتی ئاجالۆندا!" چۆن هەتاو دەتوانێ ئارام بێ، ئەگەر بسووڕێتەوە، وەکو ئەم کافرانە بانگاشەی دەکەن؟ ئینجیل درۆ دەکا؟

**هەسارەناسی یەکەم:**

نەخێر، لەبەرئەوە ئێمە دەڕۆین.

**هەسارەناسی یەکەم:**

هەندێ دیاردە هەن کە کۆسپ بۆ ئێمەی هەسارەناس دروست دەکەن، بەڵام ئایا مرۆڤ دەبێ لە هەموو شتێک تێ بگا؟

(هەردوو هەسارەناسەکە دەڕۆن).

**ڕەبەنە زۆر لاوازەکە:**

ئەوان نیشتمانی مرۆڤ لەگەڵ هەسارەیەکی گەڕۆکدا هاوشێوە دەکەن. مرۆڤ، ئاژەڵ، ڕووەک و گڵ دەخەنە سەر عەرەبانەیەک و لە بازنەیەکدا لە ئاسمانی خاڵیدا دەیخولێننەوە. بە ڕای ئەوان بێ زەوی و ئاسمان نەماوە. زەوی نەماوە لەبەرئەوەی هەسارەیەکی ئاسمانە، ئاسمانیش نەماوە لەبەرئەوەی لە خاک

پێک دێت. جیاوازیی له نێوان سەرەوەو خوارەوە نەماوە، له نێوان ئەو شتەی جاویدانە و ئەو شتەی بەسەر دەچێ. ئێمە دەزانین لەناو دەچین. ئەوان ئێستا پێمان دەڵێن کە ئاسمانیش لەناو دەچێ. ڕۆژ، مانگ و هەسارەکان و ئێمە لەسەر زەوی دەژین. وا وتراوە و وا نووسراوە؛ بەڵام ئێستا دەوترێ کە زەویش هەسارەیە. تەنیا هەسارە هەیە! ئەو ڕۆژە دەبینین، کە دەڵێن: مرۆڤ و ئاژەڵیش نییە، مرۆڤ خۆی ئاژەڵە، تەنیا ئاژەڵ هەیە.

**زانای یەکەم:**

(بە گالیلای): بەڕێز گالیلای، شتێکتان لێ کەوتە خوارەوە.

**گالیلای:**

(پێشووتر بەردەکەی لە گیرفانی دەرهێناوە، یاری پێ کردووە و لە دواییدا خستییە سەر زەوییەکە، بەوەی خۆی دادەچەمێنێتەوە بۆ ئەوەی هەڵی بگرێتەوە): بۆ سەرەوە، خاوەن مەقام، لێم کەوتە سەرەوە.

**قەشە قەڵەوەکە:**

(وەردەچەرخێتەوە): مرۆڤێکی بێچاوورووە.

(کاردیناڵێکی زۆر پیر دێتە ژوورەوە، ڕەبەنێک چووەتە ژێر باڵی. بە ڕێزەوە جێی بۆ دەکەنەوە).

**کاردیناڵە زۆر پیرەکە:**

هێشتا هەر لە ژوورەوەن؟ بە ڕاستی ناتوانن بەم شتە بچووکەوە خێراتر لێ ببنەوە؟ ئەم کلاڤویسە دەبێ لە هەسارەناسییەکەی تێ بگا! بیستوومە، کە جەنابی گالیلای مرۆڤ لە چەقی

گەردوونەوە دەخاتە کەنارەوە. بەمە بێ ئەو بە ئاشکرا دوژمنی مرۆڤە! وەکو دەژمنی مرۆڤ دەبێ مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. مرۆڤ تاجی خوڵقاندنە، هەموو منداڵێک ئەمە دەزانێ، گەورەترین و ئازیزترین خوڵقاندنی خوایە. چۆنی توانی، کارێکی وا پەرجۆ، کۆششێکی ئاوها لەسەر هەسارەیەکی بچووکی، دووری هەردەم لە گەڕاندا دانێ؟ ئاخۆ جگەرگۆشەکەی بۆ شوێنێکی وا دەنێرێ؟ چۆن دەبێ خەڵک هەبێ، هێندە بەدڕەوشت، بەوانە بڕوا دەکەن کە کۆیلەی خشتەکانیانن! چی بوونەوەرێکی خوا ئەمە قبووڵ دەکا؟

**قەشە قەڵەوەکە:**

(بەدەنگی کەمێک بەرز): ئەو بەرێزە خۆی ئامادەیە.

**کاردیناڵە زۆر پیرەکە:**

(بە گالیلای): ئەوە ئێوەن؟ دەزانن، من زۆر باش نابینم، بەڵام دەبینم، ئێوە زۆر بەو مرۆڤە دەچن، کە کاتی خۆی سووتاندمان ناوی چی بوو؟ زۆر بە ئاشکرا بەو دەچن.

**قەشە:**

پایە بڵند نابێ هەڵچێ، دوکتۆرەکە...

**کاردیناڵە زۆر پیرەکە:**

(خۆی لە دەست ڕادەپسکێنێ، بە گالیلای): دەتانەوێ سووکایەتی بە زەوی بکەن، لەگەڵ ئەوەی ئێوە لە سەری دەژین و هەموو شتێکی لی وەردەگرن. ئێوە هێلانەی خۆتان پیس دەکەن! بەڵام من ئەمە قبووڵ ناکەم. (پاڵ بە ڕەبەنەکەوە دەنێ و بە فیزەوە دێت و دەچێ). من بوونەوەرێک نیم لەسەر یەکێک لە هەسارە

بچووکەکان، کە بۆ ماوەیەکی کەم لە شوێنێک دەخولێتەوە. من بەسەر زەوییەکی تۆکمەدا دەڕۆم، بە هەنگاوی دڵنیاوە، زەوی وەستاوە، چەقی گەردوونە، من لە چەقدام، چاوی کردگار لەسەر منە و تەنیا لەسەر منە. خۆری گەورە و هەسارە چەسپاوەکان، کە بە هەشت توێژاڵی کریستاڵییەوە بەندن بە دەورمدا دەسووڕێنەوە، کە خولقێنراون بۆ ئەوەی دەوروبەرم ڕووناک بکەنەوە، بۆ ئەوەی منیش ڕووناک بکەنەوە، بۆ ئەوەی خوا بمبینێ. بەم جۆرە هەموو شتێک ئاشکرا و بێ بەرپەرچدانەوە بەرەو لای من دێن، مرۆڤ، کۆششی خوا، ئەو بوونەوەرەی ناوەڕاست، مرۆڤ وەکو وێنەی کردگار، جاویدان و... (بە لادا دەکەوێ).

**ڕەبەنەکە:**

پایەبڵندیان خۆیان زۆر عەزیت دا!

(لەم چرکەساتەدا دەرگەی پشتەوە دەکرێتەوە، لەپێشی هەسارەناسەکانەوە کالڤیوسی هەسارەناسی گەورە بەبێدەنگی و خێرا دێتە ژوورەوە. بەبێ ئەوەی سەیری ئەملاو ئەولا بکا بەناو هۆڵەکەدا هەنگاو دەنێ، هەر لەدەرگەکەوە قسە بۆ ڕەبەنێک دەکا).

**کلاڤیوس:**

ڕاستە.

(دەڕوا، هەسارەناسەکان بە دوایەوە.

دەرگەکەی پشتەوە کراوەتەوە. بێدەنگییەکی قووڵ باڵی بە سەر دەوروبەردا کێشاوە. کاردیناڵە زۆر پیرەکە دێتەوە سەرخۆی).

**کاردیناڵە زۆر پیرەکە:**

چی بوو؟ بریار درا؟

(هیچ کەسێک ناوێرێ پێی بڵێ).

**ڕەبەنەکە:**

دەبێ پایەبڵندتان ببەینەوە ماڵەوە.

(یارمەتی پیرەمێردەکە دەدەن. هەموو بە شپرزەیی هۆڵەکە بەجێ دەهێڵن).

(ڕەبەنێکی باڵاکورتی ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوەی کلاڤیوس لەلای گالیلای ڕادەوەستێ).

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

(بە دزییەوە): بەڕێز گالیلای، باوکە کلاڤیوس پێش ئەوەی بڕوا وتی: ئێستا لاهوتییەکان دەتوانن ببینن، چۆن بازنەکانی ئاسمان جارێکی تر دەهێننەوە جێی خۆی! ئێوە سەرکەوتن. (دەڕوا).

**گالیلای:**

(هەوڵ دەدا ڕای گرێ): ئەو سەرکەوت! من سەرنەکەوتم، عەقڵ سەرکەوت!

(ڕەبەنە بچکۆلەکە ڕۆیشتووە).

(گالیلایش دەڕوا. لە ئاستانەی دەرگەکەدا تووشی پیاوێکی باڵابەرزی ڕوحانی دەبێ، کاردیناڵی دادگەی ئینکزیتسیۆن. هەسارەناسێک یاوەریی دەکا. گالیلای دادەچەمێتەوە. پێش ئەوەی بڕوا بە چرپە پرسارێک لە پاسەوانی دەرگە دەکا).

**پاسەوانی دەرگە:**

(بە چرپە وەڵام دەداتەوە): پایەبڵند، کاردیناڵ ئینکویزیتۆر[٢].

(هەسارەناسەکە کاردیناڵ ئینکیزیۆر بۆ لای دووربینەکە دەبا).

(٢) دادوەری لێکۆڵینەوەی کڵێسا.

٧

بەڵام ئینکزیتسیۆن تیۆری کۆپەرنیکۆس دەخاتە پێرستی کارە قەدەخەکانی (٥ی ئاداری ١٦١٦)ەوە.

گالیلای لە ڕۆما میوان بوو

لە کۆشکێکی کاردیناڵدا.

خواردن و شەرابیان خستە بەردەم و

تەنیا یەک ویستێکی بچووکی هەبوو.

(ماڵی کاردیناڵ بێلارمین لە ڕۆما. ئاهەنگ دەگێڕن. لە ڕاڕەوەکەدا دوو سکرتێری زانا ئاینییەکان شەترەنج دەکەن و تێبینی و سەرنج لەبارەی میوانەکان دەنووسن، گرووپێکی بچووکی پیاو و ژنی دەمامکدار بە چەپڵەڕێزانەوە پێشوازیی لە گالیلای دەکەن. گالیلای بە یاوەریی ڤیرجینیای کچی و لودۆڤیکۆ مارسیلی مارەبڕییەوە دێن).

**ڤیرجینیا:**

لودۆڤیکۆ، من تەنیا لەگەڵ تۆ سەما دەکەم.

**لودۆڤیکۆ:**

ئەو قولاپی شانە کراوەتەوە.

**گالیلای:**

"ئەم دەسماڵە سووکەی سەر سینە کە پەرێشانە بە لادا،

یار بۆم ڕێک مەخە. هەندێ پەرێشانیی، قووڵتر

نایاب پێشانی من و ئەوانەی تری دەدا.
لەبەر تیشکی مۆمی هۆڵەکەی کە جمەی دێ
دەتوانن بیر لە شوێنە تاریکەکانی باخە
چاوەڕوانەکە بکەنەوە."

**ڤیرجینیا:**

دەست بخەرە سەر دڵم.

**گالیلای:**

(دەستی دەخاتە سەر دڵی): دڵت لێ دەدا.

**ڤیرجینیا:**

دەمەوێ جوان دەرکەوم.

**گالیلای:**

دەبێ جوان دەرکەوی، ئەگینا یەکسەر دیسان گومان دەکەنەوە کە دەسوورێتەوە.

**لودۆڤیکۆ:**

خۆ هەر ناسوورێتەوە. (گالیلای پێ دەکەنێ). ڕۆما تەنیا باسی ئێوە دەکا، بەڕێز، لەم ئێوارەیە بە دواوە باسی کچەکەتان دەکەن.

**گالیلای:**

دەڵێن ئاسانە لە بەهاری ڕۆمادا جوان دەرکەوی. تەنانەت منیش دەبێ بە ئەدۆنیسێکی قەڵەو بچم. (بە سکرتێرەکان): دەبێ لێرە چاوەڕوانی جەنابی کاردیناڵ بم. (بە ڤیرجینیا و لودۆڤیکۆ): بڕۆن و لەزەت ببینن.

(پێش ئەوەی لە پشـــتــەوە بۆ ئاهـەنگەکــە برۆن، جــارێکـی تر ڤیرجینیا بە ڕاکردن دەگەڕێتەوە).

**ڤیرجینیا:**

بابە، ئەمڕۆ لە شەقامی سەرکەتن دەلاکەکە منی پێش چوار ژنی تر خست. یەکسەر ناوی تۆی ناسییەوە. (دەڕوا).

**گالیلای:**

(بە سکرتێرەکانی کە شەترەنج دەکەن): چۆن دەتوانن هێشتا هەر شـەترەنجی کۆن یاری بکەن؟ ئاوها، ئاوها. ئێستا مرۆڤ وا یاری دەکـا، بەجـۆرێکی داشـە گـەورەکـان بـە سـەر هەمـوو خانەکاندا دەڕۆن. قەڵاکە ئاوها (پێشانی دەدا) سەرباز ئاوها شاژن ئاوها- مرۆڤ ئاوها شوێنی هەیە و دەتوانێ پلان دانێ.

**یەکێک لە سکرتێرەکان:**

ئەمە لەگەڵ مووچە کەمەکەماندا ناگونجێ، دەزانن. ئێمە تەنیا دەتوانین ئەم بازانە بدەین. (داشێک بەحاڵ دەجووڵێنێ).

**گالیلای:**

بە پێچەوانەوە، ئازیزم، بەپێچەوانەوە، ئەوەی لە عەیش و نۆشدا بژی، باشـتـرین قـەرەبووی دەکـەنەوە! بەڕێزانم، مـرۆڤ دەبێ لەگەڵ کاتدا هـەنگاو بنێ. نەک بە درێژاییی کەنارەکان، مرۆڤ دەبێ جارێک بێتە خـوارێ. (کـاردیناڵە زۆر پیـرەکـەی دیمەنی پێشوو بەسەر شانۆدا دەپەڕێتەوە، ڕەبەنەکەی یاوەریی دەکا. گـــالیـــلای دەبینـێ، بە لایدا تێ دەپـەڕێ، بـە گـــومـــانـەوە وەردەسـووڕێتـەوە و سـڵاوی لێ دەکا. گـالیـلای دادەنیـشێ. لە ژووری ئاهەنگەکەوە سەرەتای شیعری بەناوبانگی لۆرینسۆی

مێدیچی دەبیسترێ، کە کۆراڵێکی کوڕان دەیڵێ. شیعرەکە لەبارەی فەنابوونە):

"من، ئەو کەسەی مەرگی گوڵی بینی
گەڵاکانی بە ژاکاویی کەوتبوون
لەسەر زەوی سارد ڕەنگی زەرد بووبوو، باش زانیم:
چاونەترسیی لاویی چەند بە فیزە!"

**گالیلای:**

ڕۆما. ئاهەنگێکی گەورە؟

**سکرتێری یەکەم:**

پاش ساڵانی تاعوون ئەمە یەکەم کەرنەڤاڵە. هەموو ماڵباتە گەورەکانی ئیتاڵیا ئەمڕۆ لێرە کۆبوونەتەوە. ئۆرسینییەکان، ڤیلانییەکان، نوکۆلییەکان، سۆلدارینییەکان، کانییەکان، لێکییەکان، ئێستەنزییەکان، کۆلۆمبینییەکان...

**سکرتێری دووەم:**

(قسەکەی پێ دەبڕێ): پایەداران، کاردیناڵ بێلارمین و کاردیناڵ باربەرینی.

(کاردیناڵ بێلارمین و کاردیناڵ باربەرینی دێنە ژوورێ. دەمامکی بەرخێک و دەمامکی کۆترێک بە سەر گۆچانەوە لە بەردەم ڕوویان ڕادەگرن).

**باربەرینی:**

(بە پەنجەی دۆشاومژە ئاماژە بۆ گالیلای دەکا): "ڕۆژ هەڵدێ و ئاوا دەبێ و دەگەڕێتەوە بۆ جێگەکەی خۆی." سالۆمۆ ئەمە دەڵێ، ئەی گالیلای چی دەڵێ؟

**گالیلای:**

کاتێ ئەوەندە بچووک بووم (بە دەست ئامــاژەی ئەنادزەی بچووکیی دەکا)، پایەدار، لە کەشتییەکدا وەستابووم، هاوارم کرد: کەنارەکە دەجوولێتەوە. ئەمڕۆ دەزانم، کەنارەکە وەستابوو، کەشتییەکە دەجوولایەوە.

**باربەرینی:**

عەقڵ، عەقڵ. بێلارمین، مرۆڤ دەبینێ، کە ئاسمانی هەسارەکان دەسوورێتەوە پێویست بەوە ناکات ڕاست بێ، سەیری کەشتی و کەنار بکە. بەڵام ئەوەی ڕاستە ئەوەیە، کە زەوی دەسوورێتەوە، مرۆڤ ناتوانێ بیبینێ! ئەقڵ. بەڵام مانگەکانی موشتەری بۆ هەسارەناسەکانی ئێمە گابەردی ڕەقن. بە داخەوە کەمێک هەسارەناسیم خوێندووەتەوە، بێلارمین. ئەمە وەکو گەڕیی وایە لە مرۆڤ نابێتەوە.

**بێلارمین:**

باربەرینی، با لەگەڵ کاتدا ڕێ بکەین. ئەگەر نەخشەکانی هەسارە، کە پشت بە گریمانەی نوێ دەبەستن، ئاراستەی دەریاگەرەکانمان ئاسانتر دەکەن، با نەخشەکان بەکار بهێنن. تەنیا ئەو تیۆریانە ڕقی ئێمە هەڵدەستێنن، کە بەرامبەر ئینجیل دەوەستنەوە. (بە دەست سڵاو بەرەو هۆڵی ئاهەنگەکە دەکا).

**گالیلای:**

ئینجیل. "بەڵام ئەو کەسەی دانەوێڵە بشارێتەوە بەر نەفرەتی گەل دەکەوێ." ئەمە قسەی سالۆمۆنە.

**باربەرینی:**

"پیاوی حەکیم زانستەکەی دەشارێتەوە." ئەمە پەندی سالۆمۆنە.

**گالیلای:**

"ئەو شوێنەی گای لێ بێ، گەورەکە پیسە. بەڵام هێزی گا قازانجی زۆرە."

**باربەرینی:**

"ئەو کەسەی عەقڵی خۆی ڕام بکا، لەو کەسە باشترە کە شارێک داگیر دەکا."

**گالیلای:**

" هەر کەسێک ڕوحی فەوتابێ، ئێسک و پرووسکی وشک دەکەن." (پشوو). "ئاخۆ حەقیقەت بە دەنگی بەرز هاوار ناکا؟"

**باربەرینی:**

"ئایا مرۆڤ دەتوانێ پێی بخاتە سەر پشکۆی ڕەژوو، بەبێ ئەوەی قاچی بسووتێ؟" بەخێر بێن بۆ ڕۆما، هاوڕێ گالیلای. ئێوە سەرەتاکانی دەزانن؟ مەتەڵەکە بەو جۆرەیە، دەڵەگورگێک، پەنای دوو کوڕی بچووک دەدا و شیریان دەداتێ. لەو کاتەوە دەبێ هەموو منداڵان بۆ شیرەکەی پارە بدەن. بەڵام حەقی ئەمە دەڵەگورگەکە هەموو جۆرە خۆشییەکیان بۆ دەرەخسێنێ، خۆشیی دنیایی و خۆشیی بەهەشتی؛ لە گفتوگۆدا لەگەڵ هاوڕێی زانام بێلارمین لەگەڵ سێ یان چوار خانمی لە دنیادا بەناوبانگ، دەتوانم ئەو خانمانەت پێشان بدەم؟ (گالیلای بۆ پشتەوە ڕێنوێنی دەکا، بۆ ئەوەی هۆڵی ئاهەنگەکەی پێشان بدا. گالیلای بە نارەزاییی دڵ دوای دەکەوێ).

**باربەرینی:**

نەخێر؟ ئەو لەسەر گفتوگۆیەکی جیدی سوورە. باشە. هاورێ گالیلای، ئێوە دڵنیان، کە ئێوەی هەسارەناس ناتانەوێ تەنیا سووک و ئاسان هەسارەناسیی خۆتان خۆشتر بکەن؟ (جارێکی تر دەیباتەوە پێشەوە) ئێوە بە بازنەیی و بە هێلکەیی و خێرایی هاوشێوە و، جووڵانەوەی سادە، بەگوێرەی مێشکتان بیر دەکەنەوە. چی دەبوو، ئەگەر خوا بیویستایە هەسارەکانی بەو جۆرە بئاوژوێ؟ (بە پەنجە لە هەوادا خولگەیەکی زۆر ئاڵۆزکاو بەخێراییی جیاوازەوە دەیکێشێ). ئەمجا حیسابکارییەکانتان چی بەسەردێ؟

**گالیلای:**

پایەدار، ئەگەر خوا دنیای وا خولْقاندبا (خولگەکەی باربارینی دووبارە لە هەوادا دەکێشێتەوە)، ئەوا میشکمانیشی بەو جۆرە دەخولْقاند (هەمان خولگە دووبارە دەکاتەوە)، بەجۆرێکی ئێوە هەمان ئەو خولگانە وەکو ئاسانترین خولگە بناسنەوە. من بڕوام بە ئەقڵ هەیە.

**باربەرینی:**

من ئەقڵ بە پەیپێنەبراو دەزانم. ئەقڵ بێدەنگە. ئەو بە نەزاکەتە، ئێستا ئەگەر بڵێی ئەو ئەوەی من بە پەیپێنەبراو دەزانێ. (پێ دەکەنێ و دەگەڕێتەوە بۆ لای نەردەکە).

**بێلارمین:**

هاوڕێم، ئەقڵ زۆر دوور بڕ ناکا، لە دەوروبەرمان جگە لە خواریی، تاوان و لاوازیی هیچی تر نابینین. حەقیقەت لە کوێدایە؟

**گالیلای:**

(بە تووڕەیی): من بڕوام بە ئەقڵ هەیە.

**باربەرینی:**

(بە سکرتێرەکان): پێویست ناکا بینووسن، ئەمە گفتوگۆیەکی زانستییە لە نێوان هاوڕێیاندا.

**بێلارمین:**

تەنیا تاوێک بیری لێ بکەرەوە، چەند هیلاکیی و بیرکردنەوە لە سەر باوکانی کڵێسا و چەندانی تری دوای ئەوان کەوتووە، (ئەی توخوا قێزەون نییە؟) مانا بە جیهانێکی ئاوەها بدا. بیر لە ڕەقیی ئەوانە بکەرەوە، کە جووتیارەکان لە کێڵگەکانیاندا نیوەڕووت بە سەر بەروبوومەکانیانەوە بەر قامچی دەدەن و بیر لە گەمژەیی ئەم داماوانە بکەرەوە کە وەکو سوپاس قاچیان ماچ دەکەن.

**گالیلای:**

شەرم و شوورەییە! لە کاتی هاتنم بۆ ئێرە بینیم...

**بێلارمین:**

ئێمە لە مانای مانای ئەو ڕووداوانە تێ ناگەین کە ژیان لەوانە زیاتر لە هیچی تر پێک نەهاتووە، هەرچی بەرپرسێتیش بێ دەخرێتە ئەستۆی دەستەڵاتێکی باڵا و مەبەستی ئەو شتەیە وا بێ و دەوترێ ئەو شتانە بەگوێرەی پلانێکی گەورە ڕوو دەدەن. وەکو ئەوەی بەهۆی ئەوەوە ئارامییەکی ڕەها نەیەتە ئاراوە، بەڵام ئێستا ئێوە ئەم بوونەوەرە بەرزە بەوە گوناهبار دەکەن، گوایە بۆی ڕوون نییە، چۆن جیهانی هەسارەکان دەجوڵێتەوە،

ئەوەی ئێوە لەلاتان ڕوونە. ئەمە حەکیمانەیە؟

**گالیلای:**

(دەیەوێ بە دوور و درێژیی بکەوێتە ڕوونکردنەوە): من ڕۆڵەیەکی ئیمانداری کڵێسام...

**باربەرینی:**

لەگەڵ ئەمەدا زۆر دژوارە. دەیەوێ بێگوناهانە گەورەترین خەوشەکانی هەسارەناسیی خوا بسەلمێنێ! چۆن، خوا بە وریاییەکی تەواوەوە هەسارەناسیی نەخوێندووە، پێش ئەوەی کتێبی پیرۆز بنووسێ؟ هاوڕێی ئازیز!

**بێلارمین:**

ئاخۆ بۆ ئێوەش شیاو نییە، کە خالیق لەبارەی ئەو شتەی کە خوڵقاندوویەتی باشتری زانیوە لە بوونەوەرەکەی؟.

**گالیلای:**

بەڵام، بەڕێزانم، پوختەی قسە ئەوەیە کە نەک تەنیا مرۆڤ دەتوانێ بە هەڵە لە جووڵانەوەی ئەستێرکان تێ بگا، بەڵکو لە ئینجیلیش خراپ تێ بگا.

**بێلارمین:**

بەڵام چۆن لە ئینجیل تێ دەگەین، ئەوا ئاینزانەکانی کڵێسای پیرۆز بڕیاری لەسەر دەدەن، وا نییە؟

(گالیلای بێدەنگە).

دەبینن: ئێستا بێدەنگن. (ئاماژەیەک بۆ سکرتێرەکان دەکا).

بەڕێز گالیلای، لایەنی فەرمیی پیرۆز ئەمشەو بڕیاری دا، دۆزەکەی کۆپەرنیکۆس، کە ڕۆژ چەقی جیهانە و سەقامگیرە،

بەڵام زەوی چەقی جیـهـان نییـە و دەبزوێ، گـەوجـانەیە، پووچ و کـفـرە لـە ئیـمـاندا. مـن ئەو ئەرکـەم پێ سـپـێـردراوە، ئێـوە وریا بکەمـــەوە، دەسـتـبـەردای ئەم بیـروڕایەتان بـن. (بە سکرتـێـری یەکەم): ئەوە دووبارە بکەنەوە.

**سکرتێری یەکەم:**

پایەبەرز، کـاردینـاڵ بێـلارمین، بە گـالیلیـۆ گـالیـلای گوت: لایەنی فـەرمیی پیـرۆز ئەمـشـەو بڕیاری دا، دۆزەکەی کـۆپەرنیکۆس، کـە ڕۆژ چەقی جیهانە و سەقامگیرە، بەڵام زەوی چەقی جیهان نییە و دەبزوێ، گەوجـانەیە، پووچ و کفـرە لە ئیمـانـدا. من ئەو ئەرکەم پێ ســـپـــێـــردراوە، ئـێـوە وریا بـکەمـــەوە، دەســتــبـــەردای ئەم بیروڕایەتان بن.

**گالیلای:**

ئەمە چی دەگەیەنێ؟

(لە هۆڵی ئاهەنگەوە کۆپلەیەکی تری شیـعرەکە دەبیسـترێ، کـە کۆراڵێکی کوڕان دەیڵێ:

"وتم کاتی خۆشیی ساڵ زوو بەسەر دەچێ:

گوڵەباخەکە بچنەوە، هێشتا مایسە."

باربەرینی ئاماژە بۆ گالیلای دەکا بێدەنگ بێ، هەتا گۆرانییەکە تەواو دەبێ. گوێ لە گۆرانییەکە دەگرن).

بەڵام حـەقیـقەتەکـان؟ من وا تێ گەیشـتم، کە هـەسـارەناسـەکـانی کۆلێجی ڕۆمایی دانیان بە تێبینییەکانمدا ناوە.

**بێلارمین:**

بە قـووڵترین گوزارشـتی خۆشـحـاڵییـەوە، بەشـێوەیەکی شـایانی

ڕێزی ئێوە بێ.

**گالیلای:**

بەڵام هەسارە گەڕۆکەکانی موشتەری، سووڕی ڤینۆس...

**بێلارمین:**

کـــۆمکاری پیـــرۆز بڕیاری داوە، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەم وردەکارییانە بکا.

**گالیلای:**

ئەمە واتا، هەموو تۆژینەوەیەکی تری زانستی...

**بێلارمین:**

بێگومـان مـسۆگـەرە، بەڕێز گـالیلای. ئـەمـەش بەپێی ڕوانگەی کڵێسا، کە ئێمە ناتوانین بیزانین، بەڵام دەتوانین لێی بتۆژینەوە. (جـارێکی تر سـڵاو لە مـیوانێک لە هۆڵی ئەهەنگەکەدا دەکـا). ئێوە ئازادن، لە شێوەی گریمانەی ماتەماتیکیدا مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕشـتـەیەشـدا بـکەن. زانست جگـەرگـۆشـەی ئازیزی ڕەوا و بەرزی کـڵـێـسـایە، بەڕێز گـالیـلای. کـەس لە ئێـمـە بە جـیـدی گریمانەی ئەوە ناکا، کە ئێوە متمانەتان بە کڵێسا دەشێوێنن.

**گالیلای:**

(بە تووڕەییەوە): متمانە بەوە دەخرێتە کار کە بەکار بهێنرێ.

**باربەرینی:**

بەڵێ؟ (بە سەر شانیدا دەدا، قاقا پێ دەکەنێ. ئەمجا بە توندی تەماشای دەکا و میهرەبانانە پێی دەڵێ): تەڕ و وشک بە یەکەوە مـەسـووتێنـە، هاوڕێ گـالیـلای. ئێـمـەش وا نـاکـەین. ئێـمـە پێویستمان بە ئێوەیە، پتر لەوەی ئێوە پێویستتان بە ئێمە بێ.

**بێلارمین:**

دەڵێی بەسەر ئاگرەوەم، گەورەترین ماتەماتیکزانی ئیتالیا بە سەرۆکی ئەنجوومەنی کۆمکاری پیرۆز بناسێنم، کە ڕێزێکی بێپایانی بۆ ئێوە هەیە.

**باربەرینی:**

(دەستەکەی تری گالیلای دەگرێ): کە جارێکی تر دەبێتەوە بە بەرخەکەی جاران. باشتر وا بوو ئێوەش وەکو دوکتۆری سەلاری بیروڕای قوتابخانە جلتان لەبەر کردبا، هاوڕێی ئازیز. ئەوە دەمامکەکەمە کە ئەمڕۆ کەمێک ڕێی ئازادیم پێ دەدا. لە جلوبەرگێکی ئاوهادا دەتوانن گوێتان لێ بێ لەژێر لێوەوە قسە دەکەم: ئەگەر خوا نەبووایە دەبوو مرۆڤ بیخوڵقێنێ، باشە، با دەمامکەکانمان لا بەین. گالیلای داماو دەمامکی نییە.

(گالیلای دەخەنە نێوان خۆیان و دەیبەن بۆ هۆڵی ئاهەنگ).

**سکرتێری یەکەم:**

دوا ڕستەت نووسیوە؟

**سکرتێری دووەم:**

خەریکم. (بە پەلە دەنووسن). ئەوەت نووسیوە کە دەڵێ، بڕوای بە ئەقڵ هەیە؟

(کاردینالی ئینکیزیتۆر دێتە ژوورەوە).

**ئینکیزیتۆر:**

گفتوگۆ کرا؟

**سکرتێری یەکەم:**

(لە خۆیەوە): لە پێشدا جەنابی گالیلای لەگەڵ کچەکەیدا هات.

ئەمـــڕۆ نیـــشـــان کـــرا بۆ جـــەنـابی... (ئینکیــزیتــۆر دەست ڕادەوەشێنێ). ئەمجا جەنابی گالیلای وانەی شەترەنجی نوێی پێ وتین، کە بەپێچەوانەی هەموو ڕێسایەکی یارییەوە داشەکان بە سەر هەموو خانەکاندا دەجوولێنرێنەوە.

**ئینکیزیتۆر:**

(دەستی ڕادەوەشێنێ): پرۆتۆکۆڵەکە.

(یەکێک لە سکرتێرەکان پرۆتۆکۆڵەکەی دەداتە دەست، کاردینال دادەنیـشێ بۆ ئەوەی چاوی پیا بخشێنێ. دوو ژنی گەنج بە دەمامکەوە بەسەر شانۆکەدا دەپەڕنەوە، لە بەردەم کاردیناڵدا چۆک دادەدەن).

**یەکێکیان:**

ئەوە کێیە؟

**ئەوی تر:**

کاردیناڵی ئینکیزیتۆرە.

(پێ دەکەنن و دەڕۆن. ڤیرجینیا دێتە ژوورەوە، بە چوار دەوردا چاو دەگێڕێ).

**ئینکیزیتۆر:**

(لە گۆشەکەی خۆیەوە): ئێی کچی خۆم؟

**ڤیرجینیا:**

(کەمێک دادەچڵەکێ، لەبەرئەوەی نەیبینیبوو): ئاه، پایەبەرز!

(ئینکیزیتۆر بەبێ ئەوەی هەستێتە سەر پێ دەستی ڕاستی بۆ درێژ دەکا. ڤیرجینیا نزیک دەبێتەوە و لەسەر ئەژنۆ ئەڵقەکەی دەستی ئینکیزیتۆر ماچ دەکا).

**ئینکیزیتۆر:**

شــەوێکی نایابە! ڕێگەم بدەن، بەهۆی دەســتنیـشــانکردنتـانەوە پیرۆزبایـیتـان لێ بکەم. مێردەکەت لـە خێزانـێکی خـانەدانە. لە ڕۆما دەمێننەوە؟

**ڤیرجینیا:**

یەکـەم جـار نەء، پایەدار. بۆ زەمـاوەند دەبـێ ئەوەندە شـتی زۆر هەن تا ئامادەیان بکەین.

**ئینکیزیتۆر:**

ئاوها، جارێکی تر لەگەڵ باوکتاندا دەچنەوە بۆ فلۆرەنسا. بەوە پێخۆشـحاڵم. دەزانم باوکتان زۆر پێویسـتی پێتانە. مـاتماتیک یاوەرێکی سـاردی مـاڵەوەیە، وا نیـیـە؟ بوونەوەرێکی گـۆشت و خوێن لە دەوروبەرێکی ئاوهادا جیاوازییەکی زۆری هەیە. مرۆڤ هێندە ئاسـان لە جیـهـانی هەسـارەکـاندا خـۆی ون دەکا، ئەو جیهانەی هێندە بەرفراوانە ئەگەر مرۆڤ پیاوێکی گەورە بێ.

**ڤیرجینیا:**

(هەناسـەی لەبەر بڕاوە): ئێوە زۆر دڵفراوانن، خـاوەن شکۆ. من بە ڕاستیی هیچ لەم شتانە تێ ناگەم.

**ئینکیزیتۆر:**

تێ ناگەی؟ (پێ دەکەنێ). لە ماڵی مـاسیگر مـاسی ناخـورێ، وا نیـیـە؟ باوکت پێی خـۆش دەبێ کە ببیسـتێ، کە تـەنیـا لە منەوە گوێتـان لێ بووە، چی لەبارەی هەسـارەکان دەزانن، کچـەکەم. (پرۆتـۆکـۆلەکـە هەڵدەداتەوە). لێـرەدا دەخـوێنمـەوە، کـە نوێگەرەکـانمان، کـە باوکی بەڕێزتان لە سـەرتـاپای جـیـهـاندا

ڕێبەریانە، پیاوێکی مەزن، یەکێک لە مەزنترینەکان، وێنای ئێستامان بۆ مانای زەوی ئازیزمان تا ڕادەیەک بە زیادپێوەنراو دەزانن. هەر لە سەردەمی پتۆلێمیۆسەوە هەتا ڕۆژی ئەمڕۆ یەکێک لە حەکیمەکانی چاخی کۆن، دەبێ مرۆڤ بۆ سەرجەمی خولقاندن، واتە بۆ سەرجەمی گۆی کریستاڵ، کە لە ناوەڕاستیدا زەوی سەقامگیرە، نزیکەی بیست هەزار تیرەی زەوییە. ڕووبەرێکی فراوان، بەڵام زۆر بچووک، زۆر بچووکە بۆ نوێگەر. بە ڕای ئەم نوێگەرانە وێنانەکراو بەرفراوانە، میانەی نێوان زەوی لە خۆرەوە، تا ڕادەیەک میانەیەکی زۆر، وەکو هەموو کات وامان بۆ دەرکەوتووە، بە بەراورد میانەیەکی ئەوەندە کەمە لە چاو میانەی زەوییە داماوەکەمانەوە لە هەسارە سەقامگیرەکانەوە، کە لەسەر توێژاڵی هەرە دەرەوە چەسپن، کە مرۆڤ لە کاتی حسێبکردنیاندا بەهیچ جۆرێک پێویستی بەوە نییە ڕەچاویان بکا! دەبا مرۆڤ هێشتا بڵێ، کە نوێگەرەکان پێ بە قەد بەڕەکەی خۆیان ڕادەکێشن.

(ڤیرجینیا پێ دەکەنێ، ئینکیزیتۆریش پێ دەکەنێ).

**ئینکیزیتۆر:**

بە ڕاستیی، چەند بەڕێزێکی کۆمکاری پیرۆز ماوەیەکی کەم پێش ئێستا لە وێنەیەکی ئاوەهای جیهاندا، کە وێنەکانی تا ئێستای ئێمە بە بەراورد وێنەیەکی بچووکە، مرۆڤ دەتوانێ لە گەردنی ناسک و نازداری کیژۆڵەیەکی بکا، خەریک بوو دنەی بدەن. پەرۆشی ئەوەن، لەم ڕێیە دژوارانە لەوانەیە ڕەبەنێک یان تەنانەت کاردیناڵێ بە ئاسانی ون بێ. هەتا لەوانەیە پاپا لە

بەرچاوی خــوا ون بێ. بەڵێ، ئەمـــە خــۆشـــە، بەڵام من زۆر خۆشحاڵم، ئێوە لە نزیکی باوکی مەزنتانەوە دەبینم، کە ئێمە هەمــوو ڕێزی لێ دەگرین، منداڵی ئازیز. من لە خۆم دەپرسم ئاخۆ باوکی تۆبەت ناناسم...

**ڤیرجینیا:**

باوکە کریستۆفەروسی حەزرەتی ئورسولا.

**ئینکیزیتۆر:**

بەڵێ، من خــۆشـــحــاڵم، کــە یاوەریی باوکی بەڕێزتان دەکــەن. پێـویســتی پێــتــان دەبێ، لەوانەیە نەتوانن وێنای بکەن، بەڵام شتەکە وا دەبێ. ئێوە هێشتا گەنجن و بە ڕاستیی زۆر گۆشت و خوێن و ئاسان نییە هەموو کات مەزنیی بەوانە تەحەمول بکرێ کە خوا مەزنیی پێ داون، هەموو کات ئاسان نییە. خۆ هیچ کەسێک لە نێوان مرۆڤەکاندا ئەوەندە گەورە نییە، کە نەتوانرێ بخرێتە ناو نزایەکەوە. بەڵام ئێستا دواتان دەخەم، منداڵی ئازیز، دڵی مارەبڕەکەت پیس دەکەم و لەوانەیە دڵی باوکیشت پیس بکەم، لەبەرئەوەی من شتێکم لەبارەی هەسارەکان بۆ باس کردن، کە تەنانەت لەوانەیە کۆن بووبێ. بە پەلە بڕۆن بۆ سەما، تەنیا لە بیرتان نەچێ سڵاوی من بە باوکە کریستۆفۆروس بگەیەنن.

(ڤیرجینیا دوای چەمانەوەیەکی قووڵ، خێرا دەڕوا).

## ٨

گفتوگۆیەک

گالیلای بڕیارەکەی خوێندەوە

ڕەبەنێکی لاو بە سەردان هات

منداڵی جووتیارێکی هەژار بوو

ویستی بزانێ مرۆڤ چۆن زانست وەدەست دەهێنێ.

ویستی بیزانێ، ویستی بیزانێ

(لە کۆشکی نێردراوی فلۆرەنسا لە ڕۆما گالیلای گوێ لە ڕەبەنە بچکۆلەکە دەگرێ، کە لە پاش دانیشتنی کۆلێجی ڕۆمایی بڕیاری هەسارەناسەکانی پاپای بە گوێیدا چرپاند).

**گالیلای:**

قسە بکەن، قسە بکەن!، ئەو جلوبەرگەی لە بەرتاندایە، ئەو مافەتان پێ دەدا هەر چیتان بوێ بیڵێن.

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

بەڕێز گالیلای، من ماتماتیکم خوێندووە.

**گالیلای:**

لەوانەیە ئەمە یارمەتی بدا، بۆ ئەوەی بەوە بگەن دانی پێدا بنێن جاروبار دوو جار دوو دەکاتە چوار!

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

بەڕێز گالیلای، سێ شەوە ناتوانم بخەوم. نەمدەزانی چۆن

بڕیارەکـەی کـە خـوێندمـەوە و هـەسـارە گـەڕۆکـەکـانی دەوری مـوشـتـەری، کـە بینیـمن هاوئاهەنگ بکەم. بڕیارم دا ئەمـڕۆ خوتبەی نوێژ بخوێنمەوە و بێم بۆ لاتان.

**گالیلای:**

بۆ ئەوەی پێم بڵێن کە موشتەری هەسارەی گەڕۆکی نییە؟

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

نەخـێـر. بۆم لوا، بچـمـە ناو حـیکمـەتی بڕیارەکـەوە. ئەو مـەترسـیـیـانەی لا ئاشکرا کـردم کـە توێژینەوەی بەرەڵایانە بۆ مرۆڤایەتی لە خۆیدا حەشاری داوە، لەبەرئەوە بڕیارم دا، واز لە هەسـارەناسـیی بهـێنم. بەڵام هێـشـتـا بە لامـەوە گرینگ بوو، پێـشـنیـازی ئەو هۆ پاڵنەرانەتان بۆ بکەم، کـە دەتوانن هەسارەناسێک بگەیەننە ئەو قەناعەتەی، ئافەرۆزی گەشەپێدانی زانستێک بکا.

**گالیلای:**

ڕێم پێ بدەن بڵێم، من ئەو هۆ پاڵنەرانە دەناسم.

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

من لە دڵپڕیتان تێ دەگەم. ئێوە بیر لە هۆکاری ناوازەی هێزی کڵێسا دەکەنەوە.

**گالیلای:**

سووک و سانا بڵێن ئامێرەکانی ئەشکەنجەدان.

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

بەڵام من دەمەوێ هۆی تر بڵێم. ڕێگەم بدەن، کە من باسی خۆم

بکەم. من وەکو کوڕی جووتیارێک کامپانا گەورە بووم. خەڵکی ساکارن، هەموو شتێک لەبارەی داری زەیتوون دەزانن، ئەگینا شتی تر زۆر کەم دەزانن. ئێستا دایک و باوکم دێتەوە بەرچاو، کاتێ لەگەڵ خوشکەکەمدا لە پاڵ ئاگردانەوە دانیشتبوون و پەنیریان دەخوارد و من چاودێریی سووری ڤینۆسم دەکرد. کاریتەکانیان بە سەرەوە دەبینم، کە دووکەڵی سەدان ساڵ ڕەشی کردبوون و من بە تەواوی دەستە زۆر ماندووەکانیان بە کەوچکە بچووکەکەوە دەبینم. وەزعیان باش نییە، بەڵام تەنانەت لە بەدبەختیشیاندا جۆرە نەزمێک خۆی حەشار داوە. ئەوە ئەو سووڕە جیاوازانەن، هەر لە زەوی شتنەوە لە وەرزەکاندا لە ڕەزی زەیتوون هەتا باجدان. ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانەی بە سەریاندا دێ بە ڕێکوپێکی دووبارە دەبێتەوە. پشتی باوکم کۆم دەبێتەوە بە جارێک نا، بگرە هەموو بەهارێک لە باخی زەیتووندا پتر، هەروەکو چۆن لە ڕێی منداڵبوونیشەوە، کە لەمیانەیەکی دیاریکراودا ڕوویان دەدا، هەردەم دایکمی بێڕەگەزتر دەکرد. ئەو هێزە هەڵدەهێنجن، بەدەم ئارەقڕشتنەوە بە ڕچەڕێیە بەردینەکەدا قەرتاڵە هەڵگرن، منداڵ دروست بکەن، بەڵێ نان بخۆن لە هەستی بەردەوامی و پێویستییەوە، سەیرکردنی زەوی، کە هەموو ساڵێک سەرلەنوێ درەختی تێدا شین دەبێ، کڵێسا بچووکەکە و گوێلێگرتنی دەقی ئینجیل بە یەکشەمووان پێیان دەدا. دڵنیا کراونەتەوە، کە چاوی خواوەندیان بە سەرەوەیە، بە چاودێرییەوە، بەڵێ کەمێک سڵەمینەوە؛ کە سەرجەمی شانۆی جیهانیان بە دەوردا بینا کراوە، بۆ ئەوەی ئەوان، واتە

بەشداربووەکان، خۆیان لە ڕۆڵە گەورە و بچووکەکانیاندا بسەلمێنن. خەڵکەکەمان چی دەڵێن، ئەگەر لە منەوە ببیستن، کە بەسەر پارچە بەردێکەوەن، کە بەبێ وەستان لە بۆشاییدا بەدەوری هەسارەیەکی تردا دەخوولێتەوە، هەسارەیەک لە هەسارە زۆرەکان، هەسارەیەکی زۆر بێ بایەخ! ئێستا ئیتر ئەو حەوسەڵەیەیان بۆ چییە، قبوڵکردنی کوێرەوەریی پێویستە یان باشە؟ ئیجیل بۆچی باشە، کە هەموو شتێکی ڕوون کردووەتەوە و بەڵگەی بۆ هەموو شتێک هێناوەتەوە، ئارەقە، حەوسەڵە، برسێتی، سەردانەواندن، کە ئێستا پڕ لە هەڵەی دەزانن؟ نەخێر، من دەبینم نیگاکانیان شەرمن دەبن، دەبینم کەوچکەکە بۆ سەر تەباخەکە نەوی دەکەنەوە، دەبینم چۆن هەست دەکەن فرۆشراون و فێڵیان لێکراوە، دەڵێن هیچ چاوێکیان بە سەرەوە نییە. دەبێ خۆمان چاومان لە خۆمان بێ، دەرس وەرنەگرتوو، پیر و پەککەوتە، وەکو ئێمە؟ کەس بیری لە ڕۆڵێک بۆ ئێمە نەکردووەتەوە جگە لەوەی لەسەر هەسارەیەکی دنیایی، کەساسی بچووک، کە وا بەستەیە و هیچی بە دەوردا ناخوولێتەوە؟ هیچ مانایەک لە کەساسیماندا نییە، برسێتیی ئەوەیە هیچت نەخواردبێ، تاقیکردنەوەی هێز نییە؛ خۆهیلاکردن خۆچەماندنەوە و ڕاکێشانە، چاکی نییە. لەوە تێ دەگەن، کە من لە فەرمانی دەستەی پیرۆز بەزەییەکی دایکانە، چاکییەکی گەرەی ڕوح دەخوێنمەوە؟

**گالیلای:**

چاکیی ڕوح! لەوانەیە تەنیا مەبەستتان ئەوە بێ، هیچ شتێک لێرەدا نییە، شەرابەکە خوراوەتەوە، لێویان وشک بووەتەوە، با

جبەکان ماچ بکەن! بۆچی هیچ شتێک لێرە نییە؟ بۆچی نەزم لەم وڵاتەدا تەنیا نەزمی دووکانێکی خاڵیی و پێویستیی تەنیا ئەوەیە، بە کارکردن خۆت بکوژی؟ لە نێوان ڕەزی فرەی ترێ، لە کەناری کێڵگەی گەنمدا! جووتیارەکانی کامپانیا خەرجی شەڕەکان دەدەن، کە نوێنەری مەسیحی دڵباش لە ئیسپانیا و ئەڵمانیا بەرپای کردووە. بۆچی زەوی دەخاتە چەقی گەردوونەوە؟ بۆ ئەوەی عەرشی پاپا بتوانێ لە چەقی زەویدا بێ! ئەمە پێوەندی بەمەی دواییانەوە هەیە. قسەکەتان ڕاستە، ئەمە کاری بە هەسارەکانەوە نییە، بگرە کاری بە جووتیارەکانی کامپانیاوە هەیە. باسی جوانیی ئەو دیاردانەشم بۆ مەکە، کە تەمەن زێڕکەفتی کردوون. دەزانن گوێچکەماسی چۆن مرواری دروست دەکا؟ بەوەی لە نەخۆشییەکی کوشندەدا بەرگەی تەنێکی نامۆ ناگرێ، بۆ نموونە، دەنکۆڵە لمێک بە هەڵماتێکی لینجاو دەورە دەدا. لەم پرۆسێسەدا نزیک مەرگ دەبێتەوە. مرواری بەلەعنەت بێ، من گوێچکەماسی ساغم لە لا باشترە. ئازیزەکەم. فەزیلەتەکان پابەندی کوێرەوەری نین، ئەگەر خەڵکەکەتان خۆشگوزەران و بەختەوەر بوونایە، دەیانتوانی فەزیلەتی خوشگوزەرانیی و بەختەوەریی پەرە پێ بدەن. ئەم فەزیلەتانەی ئێستا فەزیلەتی خەڵکێکی ماندووی کێڵگەی ماندوون و منیش ئەمە ڕەت دەکەمەوە. بەڕێز، پەمپە نوێیەکانی من بۆ ئاو دەتوانن پەرجووی زۆرتر بنوێنن وەکو لە کوللەمەرگییە تەوساوییەکانی توانای سەرووی مرۆڤ. "بەپیت بن و زیاد بکەن"، چونکە کێڵگەکان بێ پیتن و شەڕەکان لەناوتان دەبەن. درۆ لەگەڵ خەڵکەکانتاندا بکەم؟

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

(بە شڵەژاوییەکی زۆرەوە): بەرزترین هۆ پاڵنەرەکان دەبێ ئێمە بێدەنگ بکەن، ئەمە ئارامیی ڕوحی بەدبەختەکانە.

**گالیلای:**

دەتانەوێ کاتژمێرێکی چێلینی ببینن کە گالیسکەوانەکەی کاردینالّ بێلارمینی ئەمڕۆ بەیانی لێرە داینەوە؟ ئازیزەکەم، وەکو پاداشت بۆ ئەوەی کە من بۆ نموونە ئارامیی ڕوحی دایک و باوکە باشەکەت بهێڵمەوە، فەرمانڕەوایی ئەو شەرابەم پێ دەدا، کە بە ئارەقەی نێوچەوانیان دەیگوشن، وەکو دەزانین لە شێوەی خوادا خوڵقێنراوە. ئەگەر من ئامادەی بێدەنگیی بم، بێگومان پاڵنەری نزمن: خۆشگوزەرانیی، ڕاونەنان... هتد.

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

جەنابی گالیلای، من قەشەم.

**گالیلای:**

ئێوە فیزیازانیشن. دەشبینن، ڤینۆس خولی هەیە، ئەوەتا، سەیری دەرەوە بکە! (لە پەنجەرەکەوە دەرەوەی پێ پێشان دەدا) لەوێ ئەو خواوەندی بچووکەی پیت و فەڕ لەسەر کانییەکە لە تەنیشت داری غارەوە دەبینی. خواوەندی باخچەکان، خواوەندی مەل و دزەکان. خواوەندی بێشەرمی جووتیارانەی دوو هەزار ساڵە! ئەو درۆی کەمتر کردووە. هیچی لێی دەست نەکەوتووە، باشە، منیش جگەرگۆشەیەکی کڵێسام. بەڵام هەر هەشت ساتیرەکەی هۆرازت خوێندووەتەوە؟ لەم ڕۆژانەدا جارێکی تر دەیخوێنمەوە، هاوسەنگییەکم پێ دەدا. (دەست بۆ کتێبێکی

بچـووک دەبا). هۆراز خـواوەندی پیت و فـەڕ دەهـێنێـتە قـسـە، پەیکەرێکی بچووک، کە لـە بەخـچـەکـانی ئێسکولینی دانرابوو. بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

"تەختەیەک لە دارهەنجیر، کەمێک داری بە سوود

بووم من، کاتێک دارتاشێک هات، دوودڵ بوو

ئاخۆ خواوەندی پیت و فەڕ دروست بکا

یان کورسییەک

بڕیاری بۆ خواوەند دا..."

لەو بڕوایەدای هۆراز بۆ نموونە کورسی لە خۆی قەدەخە دەکرد و مێزێکی لەناو شیعرەکەدا دادەنا؟ بەڕێز، میزاجی جوانیم تێک دەچێ، ئەگەر ڤینۆس لە وێنەی جیهانمدا بەبێ سووڕ بێ! ئێمە ناتوانین مـەکـینەی گـەورە بـۆ هەڵهـێنجـانی ئاوی ڕووبار بدۆزینەوە، ئەگەر ئێمە لەو مەکینە گەورەیەی کە لە بەرچاومانە، واتە لە تەنی ئاسمان نەتۆژینەوە. کۆی گۆشـەکانی سـێگۆشـە ناتوانرێ بەپێی پێویستییەکانی فەرمانگەکانی پاپا بگۆڕدرێ. من ناتوانم خولگەکانی ئەو تەنانەی دەفڕن وا حسێب بکەم، کە ژنە جادووگەرەکانی سەر داری گسکەکانیش ڕوون بکرێنەوە.

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

ئەی ئێوە لەو بڕوایەدا نین، کە حەقیقەت، ئەگەر حەقیقەت بێ بەبێ ئێمەش دەتوانێ خۆی بسەپێنێ.

**گالیلای:**

نەخێر، نەخێر، نەخێر. تەنیا ئەوەندە حەقیقەت دەسەپێ کە ئێمە دەیسـەپێنین؛ سـەرکـەوتنی عـەقڵ تەنیـا دەتوانێ سـەرکـەوتنی

عاقڵەکان بێ. ئێوە جووتیارەکانی کامپانیا وەکو قەوزەی سەر کوخەکانیان ڕوون دەکەنەوە! چۆن یەکێک دەتوانێ گریمانەی ئەوە بکا کە کۆی گۆشەکانی سێگۆشەیەک دژوازی پێویستییەکانیان دەکا! بەڵام ئەگەر نەکەونە جووڵە و فێری بیرکردنەوە نەبن، سوود لە جوانترین دەزگای ئاودان نابینن. بەلەعنەتی شەیتان بن، من سەبری خوایی خەڵکەکەتان دەبینم، بەڵام تووڕەیی خواییان لە کوێیە؟

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

ماندوون!

**گالیلای:**

(باوەشێک دەستنووسی بۆ فڕێ دەدا): کوڕم تۆ فیزیاگەری؟ لێرەدا هۆیەکان وەسفرکراوەن بۆچی ئۆقیانووسەکان لە خێزاو و نیشتاودا دەجووڵێنەوە. بەڵام تۆ نابێ بیخوێنیتەوە، گوێت لێیە؟ ئاه، تۆ دەیخوێنیتەوە؟ واتە تۆ فیزیاگەری؟

(ڕەبەنە بچکۆلەکە لە کاغەزەکان قووڵ دەبێتەوە).

سێوێک لە درەختی مەعریفەوە! دەیئاخنێتە ناوییەوە. بۆ هەردەم نەفرەتی لێ کراوە، بەڵام دەبێ بیئاخنێتە ناوییەوە، چڵێسێکی بەدبەخت! هەندێ جار بیر دەکەمەوە: پێنج مەتر لە ژێر زەویدا بمخەنە زیندانەوە، کە ڕووناکی پێی نەگا، ئەگەر لە جیاتی ئەوەیە بۆم دەرکەوتایە ڕووناکی چییە. لە هەمووی بەدتر: ئەوەی دەیزانم، دەبێ بە خەڵکی تری بڵێم. وەکو عاشقێک، وەکو مەستێک، وەکو خیانەتکارێک. ئەمە سەرومڕ خەوشە و بەرەو نەگبەتی دەڕوا. چەند دەبێ بتوانم بۆ ناو فڕنەکە بقیژێنم ئەمە پرسیارەکەیە.

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

(لەناو کاغەزەکاندا ئاماژە بۆ بڕگەیەک دەکا).

من لەم ڕستەیە تێ ناگەم.

**گالیلای:**

من بۆتی ڕوون دەکەمەوە، من بۆتی ڕوون دەکەمەوە.

## ٩

پاش هەشت ساڵ بێدەنگی بەهۆی چوونە سەر عەرشی پاپایەکی نوێ، کە خۆی زانایە، گالیلای ورەی بەرز دەبێتەوە و لە ڕشتە قەدەخەکەدا دەست بە تۆژینەوە دەکاتەوە. واتە تۆژینەوە لە پەڵەکانی ڕۆژ.

ڕاستیی لە پشتەکۆڵدا

بە زمانی بەستراوەوە

هەشت ساڵ بێدەنگ بوو، ئەمجا، لەوە زیاتر سەبری نەما.

ڕاستیی، بە ڕەوتی خۆت بڕۆ.

(ماڵەکەی گالیلای لە فلۆرەنسا. قوتابییەکانی گالیلای، فێدەرزۆنی، ڕەبەنە بچکۆلەکە و ئەندریا سارتی، ئێستا کوڕێکی گەنجە، بۆ وانەیەکی ئەزموونگەیی کۆ بوونەتەوە. گالیلای خۆی بە پێوە وەستاوە و کتێبێک دەخوێنێتەوە. ڤیرجینیا و سارتی جلوبەرگ و پێویستیی بووکێنی دەدوورن).

**ڤیرجینیا:**

دوورینی جیازی درووماتێکی خۆشە. ئەمە بۆ مێزیکی درێژی میوانە، لودۆڤیکۆ حەزی لە میوانە. دەبێ تەنیا ڕێکوپێک بێ، دایکی هەموو دەزوویەک دەبینێ. کتێبەکانی بابەی بە دڵ نییە. باوکە کریستۆفۆریش هەروەها.

**سارتی خان:**

چەندان ساڵە کتێبی نەنووسیوە.

**ڤیرجینیا:**

لەو بڕوایەدام بۆی دەرکەوتووە، کە بە هەڵەدا چووبوو. لە ڕۆما پیاوێکی پایەبەرزی ئاینی زۆر شتی لەبارەی هەسارەناسییەوە بۆ ڕوون کردمەوە. میانەکان زۆر دوورن.

**ئەندریا:**

(لە کاتێکدا بەشەکەی ئەمڕۆ لەسەر تەختەکە دەنووسێ):
"پێنجشەمە پاش نیوەڕۆ: تەنە گەڕۆکەکان" جارێکی تر سەهۆڵ؛ تەشتێک بە ئاوەوە؛ تەرازوو؛ دەرزی ئاسنین؛ ئەرەستۆ. (دەچی شتەکان بهێنێ.

(ئەوانی تر کتێب دەخوێننەوە.

فیلیپۆ موچیۆس، زانایەکی تەمەن مامناوەندی دێتە ژوورەوە. ڕەوشێکی پەشۆکاوی هەیە).

**موچیۆس:**

دەتوانن بە جەنابی گالیلای بڵێن، کە دەبێ پیشوازیم لێ بکا؟ ئەو بەبێ ئەوەی گوێم لێ بگرێ بەلەعنەتی کردووم.

**سارتی خان:**

بەڵام ئەو نایەوێ بتانبینێ.

**موچیۆس:**

خوا پاداشتتان دەداتەوە، ئەگەر تکای لێ بکەن. دەبێ قسەی لەگەڵ بکەم.

**ڤیرجینیا:**

(دەچێ بۆ لای پلیکانەکە): بابە!

**گالیلای:**

چییه؟

**ڤیرجینیا:**

جەنابی موچیۆس.

**گالیلای:**

(بە ڕەقـــیی ســــەر هەڵدەبڕێ، دەچێ بۆ لای پلیکانەکـــە، قوتابییەکانی لە پشتییەوەن): چیتان دەوێ؟

**موچیۆس:**

جەنابی گالیلای، تکای مۆڵەتتان لێ دەکەم، ڕێم پێ بدەن ئەو برگـانەتان لە کتێبەکەم بۆ ڕوون بکەمەوە کە بەوە دەچێ ڕەتکردنەوەی دۆزەکانی کۆپەرنیکۆس لەبارەی سووڕانەوەی زەوی تێدا بێ. من...

**گالیلای:**

دەتانەوێ چی ڕوون بکەنەوە؟ ئێوە هاوڕان لەگەڵ فەرمانی کۆمکاری پیرۆزی ساڵی ١٦١٦دا. ئێوە بە تەواوی لەسەر حەقن. لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە لێرە ماتماتیکتان خوێندووە، بەڵام ئەمە ئەو مافەمان پێ نادا، گوێتان لێ بگرین، کە دوو جار دوو دەکاتە چوار. ئێوە بەتەواوی ئەو مافەتان هەیە بڵێن، کە ئەم بەردە (بەردێکی بچووک لە گیرفانی دەردەهێنێ و بەرەوخوار فڕێی دەداتە سەر ڕاڕەوەکە) ئێستا بەرەو سەرەوە بۆ ناو بنمیچەکە فڕی.

**موچیۆس:**

جەنابی گالیلای، من...

**گالیلای:**

باسی کۆسپ و تەگەرە مەکەن! نەمهێشت تاعوون ڕێگە لە درێژەدان بە سەرنج و تێبینییەکانم بگرێ.

**موچیۆس:**

جەنابی گالیلای، تاعوون بەدترین شت نییە.

**گالیلای:**

من پێتان دەڵێم: ئەوەی حەقیقەت نەزانێ، ئەوا تەنیا گەمژەیە. بەڵام ئەوەی بیزانێ و بە درۆ ناوزەدی بکا، ئەوا تاوانبارە! لە ماڵەکەم دەرچۆ دەرێ.

**موچیۆس:**

(لە ژێر لێوەوە): حەقتانە. (دەچێتە دەرەوە).

(گالیلای دەچێتەوە ژووری تۆژینەوەوە).

**فێدەرزۆنی:**

بەداخەوە شتەکە ئاوەهایە. پیاوێکی مەزن نییە و هیچ حیسێبی بۆ ناکرێ، ئەگەر قوتابیی ئێوە نەبووایە. بەڵام ئێستا بێگومان دەڵێن: گوێی لە هەموو شتێک بوو، کە گالیلای دەیوتەوە، دەبێ پێی پیابنێ، هەمووی هەڵەیە.

**سارتی خان:**

دڵم بەو بەڕێزە دەسووتێ.

**ڤیرجینیا:**

بابە خۆشی دەویست.

**سارتی خان:**

ڤیرجینیا حەز دەکەم باسی زەماوەندەکەت لەگەڵ بکەم. تۆ

هێشتا کچێکی گەنجی، دایکیشت نەماوە و باوکیشت خەریکی ئەوەیە پارچە سەهۆڵ بخاتە سەر ئاو. بەهەرحاڵ ئامۆژگاری ئەوەت ناکەم، هیچ شتێکی لەبارەی زەماوەندەکەتەوە لێ بپرسی. هەفتەیەکی سەرومڕ، لە کاتی خواردن و ئەو کاتانەی گەنجەکانیش لێرە بن، دژوارترین شت دەڵێ، لەبەرئەوەی بایی نیو سکودی شەرمی نییە، هەرگیز نەیبووە. منیش مەبەستم ئەو شتانە نییە، بگرە سووک و ئاسان، داهاتوو چۆن دەبێ. منیش ناتوانم هیچ بزانم، من بێ سەوادم، بەڵام مرۆڤ کوێرانە خۆی فڕێ ناداتە کاروبارێکی وا جیدییەوە. من بە ڕاستیمە، تۆ دەبێ بچی بۆ لای هەسارەناسێکی ڕاستەقینە لە دانیشگا، بۆ ئەوەی بورجەکەت بۆ بخوێنێتەوە، ئەمجا دەزانی، چی بۆ تۆ باشە. بۆ پێ دەکەنی؟

**ڤیرجینیا:**

لەبەرئەوەی من لەوێ بووم.

**سارتی خان:**

(زۆر زانخوازانە): چی دەڵێ؟

**ڤیرجینیا:**

دەبێ سێ مانگ ئاگادار بم، لەبەرئەوەی ڕۆژ لە بورجی بزنەکێویدایە، بەڵام دوای ئەوە سەرکەوتنێکی زۆر باشم بۆ دەبێ و هەورەکان بڵاوەی لێ دەکەن. ئەگەر هەسارەی بەیان لە چاو ون نەکەم دەتوانم هەموو سەفەرێک بکەم، لەبەرئەوەی من بورجەکەم گیسکە.

**سارتی خان:**

ئەی لودۆڤیکۆ؟

**ڤیرجینیا:**

بورجەکەی ئەو شێرە. (پاش پشوویەکی کورت). گوایە ئەو شەهوانییە.

(پشوو).

دەنگی ئەو هەنگاوانە دەناسمەوە. ئەوە بەڕێوەبەری دانیشگایە، جەنابی گافۆنە.

(جەنابی گافۆنە، بەڕێوەبەری دانیشگا دێتە ژوورەوە).

**گافۆنە:**

من تەنیا کتێبێکم بۆ هێناوی، لەوانەیە بە لای باوکتەوە گرینگ بێ. تکایە بۆ خاتری خوا، جەنابی گالیلای وەڕەس مەکەن. من ناتوانم هیچ بکەم، من هەموو کات وا هەست دەکەم، کە هەموو دەقیقەیەک کە لەم مرۆڤە مەزنە دەدزرێ، دەقیقەیەکە لە ئیتاڵیای دەدزێ. من کتێبەکە بە پاک و پوختەیی دەدەمە دەستی ئێوە و بە نووکی پێ دەڕۆم. (دەڕوا).

(ڤیرجینیا کتێبەکە دەداتە دەستی فێدەرزۆنی).

**گالیلای:**

لەبارەی چییە؟

**فێدەرزۆنی:**

نازانم. (حونجەی دەکا). "دێ ماکولیس ئین سۆلە."

**ئەندریا:**

دیسان کتێبێکی تر لەبارەی پەڵەکانی ڕۆژ!

(فێدەرزۆنی بە تووڕەیی کتێبەکەی دەداتەوە دەست).

**ئەندریا:**

گوێ لە پێشکێشکردنەکە بگرە! "مەزنترین پسپۆڕی زیندووی فیزیا، گالیلیۆ گالیلای."

(گالیلای جارێکی تر لە کتێبەکەدا قووڵ بووەتەوە).

**ئەندریا:**

من وتارەکەی فابریتسیۆی هۆڵەندیم لەبارەی پەڵەکان خوێندەوە، ئەو لەو بڕوایەدایە ئەمانە ڕەوە هەسارەن، کە لە نێوان زەوی و ئاسماندا دەکشێن.

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

جەنابی گالیلای، ئاخۆ ئەمە جێگەی گومان نییە؟

(گالیلای وەڵام ناداتەوە).

**ئەندریا:**

لە پاریس و پراگ لەو بڕوایەدان ئەمانە هەڵاوی ڕۆژن.

**فێدەرزۆنی:**

هم.

**ئەندریا:**

فێدەرزۆنی گومان لەوە دەکا.

**فێدەرزۆنی:**

واز لە من بهێنن. من گوتم "هم"، ئەمە هەموو شتێک بوو. من زەرەبینلوسکەرم، من زەرەبین لووس دەکەم و ئێوە چاوی پێوە دەنێن و سەیری ئاسمانی پێ دەکەن و ئەوەی ئێوە دەیبینن پەڵە

نین، بگره "گـەرد"ن. چۆن دەبێ گـومـان لە هیـچ شـتـێک بکەم؟ چەند جـاری تر دەبێ پێـتـان بڵـێم، کە من نـاتوانم کتـێـبـەکـان بخـوێنمـەوە، لەبـەرئەوەی بە لاتینـی نووسـراون. (لە تـووڕەییـدا تەرازووکە بەدەستی بادەدا. تایەکی دەکەوێتە خوارەوە. گالیلای دەچێ بۆ ئەوێ و بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ هەڵی دەگرێتەوە).

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

من لە خـۆم دەپرسم، لەبەر چی گـومـانکردن خـەڵکی ئاسـوودە دەکا؟

**ئەندریا:**

من دوو هـەفـتـەیە هەمـوو ڕۆژێکی هەتـاو هەڵگژاومـەتە سـەر هەورەبانەکە، بۆ ژێر دارەڕای بنمـیچەکە. لە میانە بچووکەکانی دارەڕاکـانـەوە تەنیـا تیـرێژێکی باریکی تیـشکی خـۆر دێتـە ژوورەوە. مـرۆڤ دەتوانێ وێنەی پێـچـەوانەی هـەتاو لەسـەر کاغـەزێک بگرێ. من پەڵـەیەکم بینی، بە قـەدەر مـێشـێک گەورە، لێڵ وەکـو گـەواڵە هەور. دەکـشـا. بۆچی لـەم پەڵانە نەکـۆڵینەوە جەنابی گالیلای؟

**گالیلای:**

لەبەرئەوەی ئێمە کار لەسەر ئەو تەنانە دەکەین کە بەسەر ئاوەوە مەلە دەکەن.

**ئەندریا:**

دایکم پڕ سـەبەتەی جلـەکان نامـەی لەلایە. هەمـوو ئەوروپا ڕای ئێـوە دەپرسێ. ناوودەنگت هێندە بڵاو بووەتەوە، کە ئیـتـر ئێوە ناتوانن بێدەنگ بن.

**گالیلای:**

ڕۆما ناوودەنگمی بڵاو کردەوە لەبەرئەوەی بێدەنگ بووم.

**فێدەرزۆنی:**

بەڵام ئێستا ئیتر بۆت دەست نادا بێدەنگ بی.

**گالیلای:**

ئەوەش بۆ من دەست نادا، کە بەسەر ئاگری دارێکەوە وەکو ڕانەبەراز ببرژێم.

**ئەندریا:**

لەو بڕوایەدای پەڵەکان پێوەندییان بەم شتەوە هەبێ؟

(گالیلای وەڵام ناداتەوە).

**ئەندریا:**

باشە، با خەریکی پارچە سەهۆڵەکان بین؛ ئەمانە زیانیان بۆ ئێوە نییە.

**گالیلای:**

دروستە. تێزەکەی خۆمان، ئەندریا.

**ئەندریا:**

ئەوەی پێوەندی بە سەرئاوکەوتنی تەنێکەوە هەیە، ئەوا گریمانەی ئەوە دەکەین، کە پابەستی شێوەی تەنەکە نییە، بگرە پابەستی ئەوەیە، ئاخۆ لە ئاوەکە قورسترە یان سووکترە.

**گالیلای:**

ئەرەستۆ چی دەڵێ؟

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

"دیسکوس لاتوس پلاتیک..."

**گالیلای:**

وەری گێڕە، وەری گێڕە!

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

"تاشە سەهۆڵێکی پان و تەخت دەتوانێ بە سەر ئاوەوە مەلە بکا، لە کاتێکدا دەرزییەکی ئاسنین ژێر ئاو دەکەوێ."

**گالیلای:**

لەبەر چی بە ڕای ئەرەستۆ سەهۆڵەکە ژێر ئاو ناکەوێ؟

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

لەبەرئەوەی پان و تەختە و ناتوانێ ئاوەکە شەق بکا.

**گالیلای:**

باشە. (پارچە سەهۆڵەکە وەردەگرێ و دەیخاتە تەشتەکەوە). ئێستا بە تۆپزیی پاڵ بە سەهۆڵەکەوە دەنێم بۆ بنی تەشتەکە. پاڵەپەستۆی دەستم ناهێڵم. چی ڕوو دەدا؟

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

جارێکی تر سەردەکەوێتەوە.

**گالیلای:**

دروستە. بەوە دەچێ لە کاتی سەرکەوتندا بتوانێ ئاوەکە شەق بکا. فولگانسیۆ!

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی بۆچی سەر ئاو دەکەوێ؟ سەهۆڵ لە ئاو قورسترە، لەبەرئەوەی ئاوی چڕکراوەیە.

**گالیلای:**

چی ڕووی دەدا ئەگەر ئاوی ڕوونکراوە بووایە؟

**ئەندریا:**

دەبێ لە ئاو سووکتر بێ، ئەگینا سەر ئاو ناکەوێ.

**گالیلای:**

ئەها.

**ئەندریا:**

ئەوەندەی دەرزییەکی ئاسنین سەر ئاو ناکەوێ. هەموو شتێک کە سووکترە، وەکو ئاوە، سەر ئاو دەکەوێ و هەموو شتێک، کە قورسترە ژێر ئاو دەکەوێ. کە توانرا بسەلمێنرێ.

**گالیلای:**

ئەندریا، تۆ دەبێ فێر بی، بە ئاگەدارییی بیر بکەیتەوە. دەرزییە ئاسنینەکەم بدەرێ. پەڕە کاغەزێکم بدەرێ. ئاسن لە ئاو قورسترە؟

**ئەندریا:**

بەڵێ.

(گالیلای دەرزییەکە دەخاتە سەر پارچە کاغەزێک و دەیخاتە سەر ئاوەکە. پشوو).

**گالیلای:**

چی ڕوو دەدا؟

**فێدەرزۆنی:**

دەرزییەکە سەر ئاو دەکەوێ! حەزرەتی ئەرەستۆ، هەرگیز ئەمەیان تاقی نەکردووەتەوە!

(پێ دەکەنن).

**گالیلای:**

هـۆی ســـــەرەکی هـەژاریی زانســـــتـــــەکـــان زۆربەی جـــار دەوڵەمـەندییەکی وەهـمییە. ئامـانجیان ئەوە نییـە، بۆ حیکمـەتی بێکۆتایی دەرگـەیەک بدەنە سـەر پشـت، بەڵکو سنوورێک بۆ هـەڵە بێ کۆتاییەکان دانێن. سـەرنجەکانی خۆتان یاداشت بکەن.

**ڤیرجینیا:**

چییە؟

**سارتی خان:**

هـەموو جارێک کە پێ دەکەنن، کەمـێ دادەچڵەکێم، بیر دەکەمەوە بەچی پێ دەکەنن؟

**ڤیرجینیا:**

باوکم دەڵێ: لاهوتییـەکان زەنگلێـدانیـان هـەیە و فـیـزیازانەکان پێکەنین.

**سارتی خان:**

بـەڵام من خـــــۆشـــــحـــــاڵم، کـــە بـەلای کـــەمـــــەوە ئـەوەندە لـە دووربینەکەیەوە سـەیر ناکا. ئەو کاتە خراپتر بوو.

**ڤیرجینیا:**

ئێستا تەنیا بەفر دەخاتە سـەر ئاو، لەوە خراپتری لێ دەرنایە.

**سارتی خان:**

نازانم.

(لودۆڤـیکۆ مـارسـیلی دێتـە ژوورەوە و جلوبـەرگی سـەفـەری لە بەرە، نۆکـەرێک بە دواوەیـەتی، کـە جـانتـاکـانی بۆ هـەڵگرتووە. ڤیرجینیا بەرەو ڕووی لودۆڤیکۆ ڕادەکا و باوەشی پێدا دەکا).

**ڤیرجینیا:**

بۆچی بۆت نەنووسیم کە دەتەوێ بێی؟

**لودۆڤیکۆ:**

لەم نزیکانە بووم بۆ ئەوەی ڕەزی ترێکانمان لە بوچیۆلە بپشکنم و نەمتوانی لەوە زیاتر سەبرم هەبێ.

**گالیلای:**

(وەکو یەکێک چاوی کز بێ): ئەوە کێیە؟

**ڤیرجینیا:**

لودۆڤیکۆ.

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

ناتوانن بیبینن؟

**گالیلای:**

با بەڵێ، لودۆڤیکۆ. (بەرەو ڕووی دەڕوا). ئەسپەکان چۆنن؟

**لودۆڤیکۆ:**

باشن، بەڕێز.

**گالیلای:**

سارتی، ئاهەنگ دەگێڕین. سوراحییەک لە شەرابە سیسیلییە کۆنەکە بهێنە!

(سارتی لەگەڵ ئەندریا دەڕوا)

**لودۆڤیکۆ:**

(بە ڤیرجینیا): تۆ ڕەنگت زەرد هەڵگەڕاوە. ژیانی لادێت پێ خۆش دەبێ. دایکم لە سێپتەمبەردا چاوەڕوانت دەکا.

**ڤیرجینیا:**

چاوەڕوان بە، جلی بوکێنیت پێشان دەدەم! (ڕادەکاتە دەرەوە).

**گالیلای:**

دانیشە.

**لودۆڤیکۆ:**

بەڕێز، بیستوومە لە وانەکاندا لە دانیشگا پتر لە هەزار قوتابیت هەیە. ئێستا لە چیدا کار دەکەن؟

**گالیلای:**

شتی ڕۆژانە. بە سەر ڕۆمادا هاتی؟

**لودۆڤیکۆ:**

بەڵێ. پێش ئەوەی لە بیرم بچێ، دایکم پیرۆزباییتان لێ دەکا بۆ ئەو تۆژینەوە سەرسوڕهێنەرەی لە بارەی هەرا نوێیەکەی هۆڵەندییەکانەوە لەبارەی پەڵەی ڕۆژ.

**گالیلای:**

(بە وشکییەوە): زۆر سوپاس.

(سارتی و ئەندریا بە شەراب و پەرداخەوە دێن. بە دەوری مێزەکەدا گرووپ گرووپ دابەش دەبن).

**لودۆڤیکۆ:**

ڕۆما دیسان گفتوگۆیەکی ڕۆژانەی بۆ فێبروار هەیە. کریستۆفەر کلاڤیوس ئەو ترسەی دەربڕیوە، هەموو سووڕی زەوی بە دەوری خۆردا بەهۆی پەڵەکانی خۆرەوە ڕەنگبێ سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە.

**ئەندریا:**

خەمت نەبێ.

**گالیلای:**

ئەگینا هیچی نوێ لە شاری پیرۆزەوە نییە، جگە لە ئومێدی گوناهی نوێکردن لەلایەن منەوە؟

**لودۆڤیکۆ:**

بێگومان ئێوە دەزانن، کە پاپای پیرۆز لە سەرەمەرگدایە؟

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

ئۆه.

**گالیلای:**

ناوی کێ وەکو جێگرەوەی دەهێنرێ؟

**لودۆڤیکۆ:**

زۆربەی جار باربەرینی.

**گالیلای:**

باربەرینی.

**ئەندریا:**

جەنابی گالیلای باربەرینی دەناسێ.

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

کاردینالّ باربەرینی ماتماتیکزانە.

**فێدەرزۆنی:**

زانایەک لەسەر عەرشی پیرۆز!

(پشوو).

**گالیلای:**

ئاوها، ئێستا پێویستیان بە پیاوی وەکو باربەرینییە، کە کەمێک ماتماتیکیان خوێندووەتەوە! شتەکان جووڵەیان تێ دەکەوێ. فێدەرزۆنی، لەوانەیە هێشتا ڕۆژێک بەچاو ببینین، کە وەکو تاوانبار سەیری خۆمان نەکەین، ئەگەر بڵێین: دوو جار دوو دەکاتە چوار. (بە لودۆڤیکۆ): شەرابەکە بە تامە، لودۆڤیکۆ. تۆ ڕات چییە؟

**لودۆڤیکۆ:**

شەرابێکی باشە.

**گالیلای:**

من ئەو ڕەزە دەناسم. قەدپاڵەکە لێژ و بەردینە، ترێکەی شینباوە. من حەزم لەم شەرابەیە.

**لودۆڤیکۆ:**

بەڵی، بەڕێز.

**گالیلای:**

تامێکی تایبەتی لە دەمدا بەجێ دەهێڵێ. کەمێک مەیلەو شیرینە، دەتوانرێ "مەیلەو" درێژەی پێ بدرێ. ئەندریا ئەو شتە هەڵگرە. سەهۆڵ، دەفر و دەرزی. من قەدری لەزەت دەگرم. من حەوسەڵەم لەگەڵ ڕوحە ترسەنۆکەکان نییە، کە ئەمجا باسی لاوازیی دەکەن. من دەڵێم. لەزەت بینینیش هونەرە.

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

دەتانەوێ چی بکەن؟

**فێدەرزۆنی:**

ئێمە جارێکی تر بەزمی زەوی بە دەوری ڕۆژدا دەست پێ دەکەینەوە.

**ئەندریا:**

(بە دەم گیزەگیزی گۆرانییەوە):
ئینجیل دەڵێ، سەقامگیر وەستاوە. دوکتۆرەکان
دەیسەلمێنن کە هێشتا هەر سەقامگیر وەستاوە،
پاپای پیرۆز گوێی ڕادەکێشی
توند دەیگرێ. بەڵام هەر دەسووڕێتەوە

(ئەندریا، فێدەرزۆنی و ڕەبەنە بچکۆلەکە بە پەلە دەچن بۆ لای مێزی ئەزموونەکە و شتەکانی لەسەر لادەبەن).

**ئەندریا:**

دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە خۆریش دەخولێتەوە. مارسێلی ئەمەت بە دڵە؟

**لودۆڤیکۆ:**

ئەو شپرزەیییەت لە چییە؟

**سارتی خان:**

جەنابی گالیلای، خۆ ناتانەوێ جارێکی تر بەم کارە شەیتانییە دەست پێ بکەنەوە؟

**گالیلای:**

ئێستا دەزانم لەبەر چی دایکت تۆی بۆ لای من ناردووە. باربەرینییەکی لە بەرەو سەرەوە چووندا. زانست دەبێتە عەشق و تۆژینەوە دەبێتە لەزەت. گلاڤویس حەقیەتی، ئەم پەلانەی خۆر

بۆ من بە بایەخن. لودۆڤیکۆ، شەرابەکەی منت بە دڵە.

**لودۆڤیکۆ:**

بەڕێز، خۆ پێم وتن.

**گالیلای:**

بە ڕاستی تامەکەیت پێ خۆشە؟

**لودۆڤیکۆ:**

(بە ڕەقیی): بە ڕاستی تامەکەیم پێ خۆشە.

**گالیلای:**

ئامادەی هێندە بڕۆی، لە پیاوێک شەراب یان کچەکەی قبووڵ بکەی، بەبێ ئەوەی داوای ئەوە بکەی، دەستبەرداری پیشەکەی بێ؟ هەسارەناسیی من چ پێوەندییەکی بە کچەکەمەوە هەیە؟ سووڕەکانی ڤینۆس پاشەڵی خۆیان ناگۆڕن.

**سارتی خان:**

ئەوەندە بازاڕیی مەبن. من هەر ئێستا ڤیرجینیا بانگ دەکەم.

**لودۆڤیکۆ:**

(نایەڵێ سارتی بڕوا): لە ماڵباتی وەکو ماڵباتی ئێمەدا ژن و مێردایەتی تەنیا لە گۆشەنیگای ڕەگوڕەچەڵەکەوە نایەتە ئاراوە.

**گالیلای:**

هەشت ساڵ ڕێیان لێ گرتی کچەکەم بخوازی، لە کاتێکدا من دەبوو قۆناخی تاقیکردنەوە کۆتایی پێ بنهێنم؟

**لودۆڤیکۆ:**

ژنەکەم دەبێ لەسەر کورسی کڵێسای گوندەکاماندا ڕەفتاری جوان بنوێنێ.

**گالیلای:**

مەبەستت ئەوەیە کە جووتیارەکانت وا بەستەی پیرۆزیی ژنی خاوەن زەویوزار دەکەن، ئاخۆ موڵکانەی زەوی بدەن یان نا؟

**لودۆڤیکۆ:**

تا ڕادەیەک.

**گالیلای:**

ئەندریا، فولگانسیۆ، ئاوێنە حەوتجۆشەکە و پەردەکە بهێنن! وێنەیەکی ڕۆژی دەخەینە سەر، لە بەرچاومان؛ ئەندریا ئەمە میتۆدی تۆیە.

(ئەندریا و ڕەبەنە بچکۆلەکە ئاوێنە و پەردە دەهێنن).

**لودۆڤیکۆ:**

بەڕێز، کاتی خۆی لە ڕۆما واژۆت کرد، کە ئیتر دەست وەرنەدەیتە کاروباری زەوی بە دەوری ڕۆژدا.

**گالیلای:**

ئەوە ئەو کاتە بوو! ئەو کاتە پاپایەکی کۆنەپەرستمان هەبوو!

**سارتی خان:**

هەمان بوو! جەنابی پیرۆزی هێشتا نەشمردووە!

**گالیلای:**

بەم نزیکانە، بەم نزیکانە! تۆڕێکی چوارگۆشە بەسەر پەردەکەدا بدەن. ئێمە میتۆدییانە هەنگاو دەنێین. ئەمجا دەتوانین وەڵامی نامەکانیان بدەینەوە، ئەندریا وا نییە؟

**سارتی خان:**

"بەم نزیکانە!" ئەم پیاوە پەنجا جار پارچە بەفرەکانی دەکێشێ،

بەڵام ئەگەر ئەمجا شتێک دەرکەوێ کە بە دڵی بێ، کوێرانە بڕوای پێ دەکا.

(چەترەکە دادەنێن).

**لودۆڤیکۆ:**

ئەگەر خاوەن شکۆی پیرۆزی بمرێ، جەنابی گالیلای، پاپای داهاتوو هەر کەسێک بێ و عەشقی بۆ زانستەکان هەرچەندێکیش گەورە بێ، هەر دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکا، ئەو خۆشەویستییە چەند گەورەیە کە بنەماڵە خانەدانەکان بۆ ئەو هەیانە.

**ڕەبەنەکە بچکۆلەکە:**

لودۆڤیکۆ، خوا جیهانی فیزیای خولقاندووە، خوا مێشکی مرۆڤی دروست کردووە؛ خوا ڕێگە بە فیزیاش دەدا.

**سارتی خان:**

گالیلیۆ، ئێستا شتێکت پێ دەڵێم. من بینیم چۆن کوڕەکەم بۆ ئەم "ئەزموون" و تیۆریی" و "چاودێرییە زانستییانە" تووشی گوناه دەبێ، نەشمتوانی هیچ بکەم. تۆ ڕووبەڕووی دەستەڵاتدارەکان بوویتەوە و ئەوان جارێک ئاگەداریان کردیتەوە. کاردیناڵە پلە هەرە بەرزەکان قسەیان بۆ کردی، وەکو بە گوێی ئەسپێکی نەخۆشدا بخوێنن. ماوەیەک سوودی هەبوو، بەڵام پێش دوو مانگ، بە کورتی دوای جەژنی دووگیانبوونی مریەم[٣] جارێکی تر لە قافدا گرتمیت، چۆن تۆ بە دزییەوە "چاودێرییەکان"ت لە سەربان دەست پێ کردبووەوە.! قسەم زۆر

---

(٣) جەژنی کاتۆلیکییەکانە لە ٨ی دیسمبەردا دەکرێ. (و)

نەکرد، بەڵام من زانیم. بە هەڵەداوان ڕام کرد و مۆمێکم کردە خێری حەزرەتی یوسف. پرزەم لێ بڕاوە. ئەگەر بە تەنیا لەگەڵتدا بم، نیشانەی تێگەیشتن پێشان دەدەیت و پێم دەڵێی، تۆ دەزانی، دەبێ دان بە خۆتدا بگری، لەبەرئەوەی ئەوە پڕ مەترسییە، بەڵام ئەگەر دوو ڕۆژ ئەزموون بکەی، لەگەڵ تۆدا زۆر سەختە. ئەگەر من بێگوناهیم لە دەستدا لەبەرئەوەی پشتی کافرێک دەگرم، ئەمە شتی خۆمە، بەڵام تۆ مافی ئەوەت نییە، بە پێیە گەورەکانت لەسەر بەختەوەریی کچەکەت هەڵبەزیتەوە.

**گالیلای:**

(بە مرومۆچییەوە): دووربینەکەم بۆ بێنن!

**لودۆڤیکۆ:**

جوزێپە، جانتاکە بخەرەوە ناو گالیسکەکەوە.

(خزمەتکارەکە دەڕوا).

**سارتی خان:**

بەرگەی ئەمە ناگرێ. خۆتان دەتوانن پێی بڵێن! (ڕادەکا، دۆلکەکەی هێشتا بەدەستەوەیە).

**لودۆڤیکۆ:**

دەبینم، خۆتان ئامادە کردووە. جەنابی گالیلای، من و دایکم سێ لەسەر چواری ساڵ لە زەویوزارەکەی کامپانیاین و دەتوانین شایەدی ئەوە بدەین، کە جووتیارەکانمان لەبەر وتارەکانی ئێوە لەبارەی هەسارە گەڕۆکەکانی موشتەری نائارام نین. کاری کێڵگە قورسە. بەڵام لەوانەیە شێتگیر بن ئەگەر ببیستن، کە پەلاماری کافرانە بۆ سەر بیروباوەڕە پیرۆزەکان

بەبێ سزا دەمێننەوە. بەتەواوی لە بیرتان نەچێ ئەم داماوانە لە بارودۆخی بەئاژەڵبوونیاندا هەموو شتێک تێکەڵ و پێکەڵ دەکەن. ئەمانە ئاژەڵی ڕاستەقینەن، بەحاڵ دەتوانن وێنای ئەوە بکەن. ئەو بەندوباوەی گوایە بەسەر دارسێوێکەوە هەرمێیەک بینراوە، دەست لە کاری کێڵگە هەڵدەگرن، بۆ ئەوەی دەمەتەقێی لەبارە بکەن.

**گالیلای:**

(بە بایەخەوە): بەڕاست؟

**لودۆڤیکۆ:**

ئاژەڵن. کاتێ دێنە سەر موڵکەکە بۆ ئەوەی گازاندە لە شتێکی بچووک بکەن، دایکم ناچارە فەرمان بە سەر دەستوپێوەندەکاندا بکا لە بەرچاویان سەگێک بەر قامچی بدەن، تەنیا ئەمە دەتوانێ ڕەوشتی جوان و نەزم و ڕێزیان بیر بخاتەوە. ئێوە، جەنابی گالیلای، جاروبار لە گالیسکەی سەفەرەوە کێڵگەی گەشەکردووی گەنمەشامی دەبینن، بەبێ ئەوەی پێبزانی زەیتوونی ئێمە، پەنیری ئێمە دەخۆیت و نازانن چەند زەحمەتی دەوێ هەتا گەورەیان کەی، چەند چاودێریی دەوێ.

**گالیلای:**

کوڕی لاو، من بەبێ ئاگا زەیتوونەکانم ناخۆم. (بە ڕەقیی). تۆ لە کارەکەم دوام دەخەی. (بۆ دەرەوە هاوار دەکا): پەردەکەتان لەلایە؟

**ئەندریا:**

بەڵێ. دێن؟

**گالیلای:**

ئێـوە تەنیـا سـەگ بەر قـامچـی نادەن، بۆ ئەوەی جـووتیـارەکـان فێری ڕەوشتـی جوان بکەن، مارسێلـی، وا نییە؟

**لودۆڤیکۆ:**

جەنابی گالیلای. ئێوە مێشکێکی نایابتان هەیە. بەداخەوە.

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

(بەسەرسوڕمانەوە): هەڕەشەتان لێ دەکا.

**گالیلای:**

بەڵێ، لەوانـەیە جـووتیـارەکـانیـان بهـەژێنم، بیـری نـوێ بکەنەوە. هەروەها نۆکەر و کارگێڕەکانیشی.

**فێدەرزۆنی:**

چۆن؟ کەس لەوان لاتینی ناخوێنێتەوە.

**گالیلای:**

من دەتـوانم بە زمــانـی خــەڵک بنووسـم، بۆ خــەڵکێکی زۆر، لە جیـاتی لاتینی بۆ خـەڵکێکی کەم. بۆ بیـرە نوێیـەکان پێویستـمان بە خـەڵکێکە کـە کـاری دەست دەکـەن. ئـەگـینا کێ حــەز دەکـا بزانـێ، هۆکاری شتـەکان چین؟ ئەوانەی نان تەنیـا لەسـەر خـوان دەبینن، نایـانەوێ بزانن چۆن برژێنراوە؛ ئەم لاتوپووتانـە پێیـان خـۆشـە پتـر سـوپـاسـی خـوا بکەن وەکو لە نـانەوا. بەڵام ئەوانەی نان دەکــەن تێ دەگــەن، کـە هیـچ شـتـێک ناجــووڵێ، ئـەگـەر نەجـووڵێنرێ. خوشکـەکەت لەسـەر مەکینەی گوشینی زەیتـوون، فولگـانسیـۆ، زۆر سـەری سوڕنامێنـێ، بگرە پێ دەکەنێ ببیستێ، کـە ڕۆژ تەخـتـەزێڕێکی بەگـزادەیی نیـیـە، بگرە نوێڵـێکە: زەوی

دەسوڕێتەوە، لەبەرئەوەی ڕۆژ دەیخولێنێتەوە.

**لودۆڤیکۆ:**

ئێوە بۆ هەردەم کۆیلەی جۆش و خرۆشەکەتان دەمێننەوە. لەلای ڤیرجینیا داوای لێبووردنم بۆ بکەن؛ وا دەزانم باشترە، ئێستا نەیبینم.

**گالیلای:**

جیازییەکەی لە خزمەتتاندایە، هەموو کاتێک.

**لودۆڤیکۆ:**

ڕۆژێکی خۆش. (دەڕوا).

**ئەندریا:**

سڵاویشمان بە هەموو مارسیلییەکان بگەیەنن.

**فێدەرزۆنی:**

ئەوانەی کە فەرمان بە زەوی دەکەن ئارام بوەستێ، بۆ ئەوەی کۆشکەکانیان بە تەقڵە نەکەون.

**ئەندریا:**

هەروەها سڵاو لە گێنزییەکان و ڤیلانییەکان بکەن.

**فێدەرزۆنی:**

ڤیلانییەکان!

**ئەندریا:**

لێکییەکان!

**فێدەرزۆنی:**

پیرلیۆنییەکان!

**ئەندریا:**

ئەوانەی کـە تـەنیـا دەیانەوێ پێی پاپا مـاچ کـەن، ئـەگـەر پێ بە سەری گەلدا بنێ!

**ڕەبەکە بچکۆلەکە:**

(ئەویش بەســەر ئامــرازەکـانـەوەیە): پاپای نوێ مــرووڤـێکی ڕۆشنگەر دەبێ.

**گالیلای:**

با بکەوێنە چاودێریکردینی ئەو پەڵانەی سـەر ڕۆژ، کـە جـێگەی بایەخی ئێمـەن، لەسـەر لێپـسراوی خـۆمـان، بەبێ ئەوەی زۆر پشت بە پارێزگاریی پاپایەکی نوێ ببەستین.

**ئەندریا:**

(قـسـەکـەی پێ دەبڕێ): بەڵام بە ئـومـێـدێکی زۆرەوە، سـێبـەری هەسـارەکـان و هەڵمـەکانی ڕۆژی جـەنابـی فـابریزیوسی پراگ و پاریس پووچەڵ بکەینەوە و سووری خۆر بسەلمێنین.

**گالیلای:**

بۆ ئەوەی بە کەمێک ئومێدەوە سووری ڕۆژ بسەلمێنین. ئامانجی من ئەوە نییـە، بیسـەلمێنم، هەتا ئێسـتا لەسـەر حـەق بووم، بگرە: ئەوەم بۆ دەرکەوێ، ئاخۆ من لەسـەر حـەق بووم. من دەڵێم: ئەی ئەوانەی دێنە ناو جـیـهـانی چاودێرییـەوە، هـەمـوو ئومـێـدەکـان بخـــەنـە کـــار. لەوانەیە هەڵاو بن، لـەوانـەیـە پەڵە بـن، بەڵام پێش ئەوەی ئێمـە گریمانەی پەڵە بکەین، کە بۆ ئێمـە گونجاوە، پێمان خۆشـتـرە گریمانـەی ئەوە بکەین، کە کلکە مـاسـین. بەڵێ، ئێمـە هەمــوو شــتــێک، هەمــوو شــتــێک جـارێکی تر دەخــەینـە ژێر

پرسیارەوە. بە چەکمەی ئەفسوناوییەوە بەرەو پێشەوە نارۆین، بگرە بە خێرایی قاقلەجنۆکە دەرۆین. ئەوەی ئەمرۆ دەیدۆزینەوە سبەی لە تەختەکەی دەسڕینەوە و کاتێک جارێکی تر دەینووسینەوە، کە دووبارە دۆزیبێتمانەوە. ئارەزووی دۆزینەوەی هەرشتێکیش بکەین، دەیدۆزینەوە، پاش ئەوەی دۆزیمانەوە، بە بەدگومانییەکی تایبەتییەوە تەماشای دەکەین. کەواتە دەست بە چاودێریی ڕۆژ دەکەین بەو بڕیارە شێلگیرانەوە، سەقامگیریی زەویی بسەلمێنین! کاتێک تووشی نسکۆش بووین، بەتەواوی بێئومێدانە شکاین و پەنجەی پەشیمانیمان گەست، بە ڕەوشێکی خەمگین، دەست بەپرسیارکردن دەکەین، ئاخۆ ئێمە لەسەر حەق نەبووین و زەوی دەخولێتەوە! (بەدەم چاو داگرتنەوە) بەلام ئەگەر هەر گریمانەیەکی تر جگە لەم گریمانەیە لە دەست چووبێ، ئەمجا ڕەحم بەوانە ناکرێ، کە نەتۆژیونەتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا قسە دەکەن. ئەو پەرۆیە لەسەر دووربینەکە لابدەن و دووربینەکە ئاراستەی ڕۆژ بکەن.

(ئاوێنە حەوتجۆشەکە دادەمەزرێنێ).

**ڕەبەنەکە بچکۆلانەکە:**

دەمزانی کە دەستتان بەکار کردووە، زانیم کاتێ جەنابی مارسیلیتان نەناسییەوە.

(بەبێدەنگی دەست بە لێکۆڵینەوە دەکەن. کاتێ وێنەی بڵێسەی هەتاو دەکەوێتە سەر چەترەکە، ڤیرجینیا بە ڕاکردن دێت، جلی بووکێنی لە بەردایە).

**ڤیرجینیا:**

بابە تۆ لودۆڤیکۆت ئیزن دا! (دەبووریتەوە).

(ئەندریا و ڕەبەنەکە بچکۆلانەکە بۆ لای ڕادەکەن).

**گالیلای:**

من دەبێ بیزانم.

## ١٠

له دەیەی داهاتوودا بیردۆزەکەی گالیلای بە ناو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە. مشتومڕنووس، تەوسنووس و بالادەبێژەکان لە هەموو شوێنێک هێرش دەکەنە سەر بیرۆکە نوێیەکان. لە ڕێپێوانی شەوی ڕۆژووی ١٦٣٢دا زۆر شاری ئێتاڵیا وەکو تێمای ڕێپێوان شەوەڕۆژوو پیشەگەرەکان هەسارەناسییان هەڵبژارد).

(ژن و مێردێکی برسی نمایشکار لەگەڵ کچێکی پێنج ساڵان و کۆرپەیەکدا دەگەنە بازاڕێک، کە کۆمەڵێک خەڵک، هەندێکیان دەمامکدار چاوەڕوانی ڕێپێوانی شەوی ڕۆژوون. ژن و مێردەکە بوخچە، تەپڵێک و شتومەکی تریان پێیە).

**بالادەبێژ:**

(بەدەم تەپڵ لێدانەوە): دانیشتوانی بەڕێز، خانمان و بەڕێزان! پێش نمایشی شەوی ڕۆژووی پیشەگەرەکان نوێترین گۆرانی فلۆرەنساتان پێشکێش دەکەین، کە لە سەرتاپای باکوری ئیتاڵیا دەگوترێ و ئێمە بە خەرجییەکی زۆر بۆ ئێرەمان هێناوە. ناونیشانی: بیردۆزی ترسناک و ڕای فیزیازانی دەربار گالیلیۆ گالیلای یان بەرکوڵێک بۆ داهاتوو. (گۆرانی دەڵێ):

کاتێ کردگار بوونی گەورەی خۆی فەرموو
ڕۆژی بانگ کرد، بە فەرمانی وی
چرایەکی بە دەوری زەویدا بۆ هەڵگرێ

وەکو کارەکەرێکی بچووک لە بازنەیەکی ڕێک و پێکدا.
چونکە داخوازی ئەوە بوو، هەموو کەسێک
بە دەوری ئەوەدا بخولێتەوە کە لەو باشترە.
ئەمجا دەستی بە خولانەوە کرد
بچووکەکان بە دەوری بە بایەخەکاندا
ئەوانی پاشەوە بە دەوری ئەوانەی پێشەوە.
چۆن لە ئاسمان ئاواش لە زەویدا.
کاردینالّەکان بە دەوری پاپادا دەخولێنەوە.
قەشەکان بە دەوری کاردینالّەکاندا دەخولێنەوە.
سکرتێرەکان بە دەوری قەشەکاندا دەخولێنەوە.
پیاوماقولاّن بە دەوری سکرتێرەکاندا دەخولێنەوە.
دەستکارەکان بە دەوری پیاوماقولاّندا دەخولێنەوە.
پێشخزمەتەکان بە دەوری دەستکارەکاندا دەخولێنەوە.
بە دەورەی پێشەخزمەتەکاندا سەگەکان، مریشکەکان و سوالّکەرەکان دەخولێنەوە.

ئەمە، خەڵکی باش، ڕێسای گەورەیە، ڕێسای ڕێسای هەموو ڕێساکانە، وەکو بەڕێزە ئاینزانەکان دەڵێن، دەستورێکی هەمیشەییە، دەستووری دەستوورەکانە، بەلاّم خەڵکی ئازیز، چی ڕووی دا؟

(گۆرانی دەڵێ):

لە سەری کاژێردا دوکتۆر گالیلای:

(ئینجیلی فڕێ دا، دووربینەکەی دەرهێنا، نیگایەکی گرتە گەردوون)

بە ڕۆژی وت: ڕاوەستێ!
ئێستا دەبێ بوونەوەری کردگار
بەپێچەوانەوە بخولێتەوە.
ئێستا دەبێ خانم!
بە دەوری کارەکەرەکەیدا بخولێتەوە.
بەڵام ئەمە چۆن قبووڵ بکرێ؟ هۆ خەڵکینە، ئەمە گەمە نییە!
پێشخزمەتەکان هەموو ڕۆژێ بێشەرمتر دەبن!
چونکە شتێک ڕاستە: گەمە دانسقەیە. ڕاشکاو بن:
کێ حەز ناکا ڕۆژێک لە ڕۆژان گەورەی خۆی و سەروەری خۆی بێ؟
دانیشتوانی ئازیز، دۆزی لەو بابەتە مەحاڵن.
(گۆرانی دەڵێ):
نۆکەر تەمەڵ دەبێ، کارەکەر بێ ئابڕوو دەبێ
سەگی قەساب قەڵەو دەبێ
فەقێ ئیتر بۆ نوێژ نایەت
خەلفە لەناو جێدا دەمێنێتەوە.
نەخێر، نەخێر، نەخێر! لەگەڵ ئینجیل گەمە ناکرێ!
ئەگەر گوریسەکەی ملمان ئەستوور نەبێ دەپچڕێ!
چونکە ئەوە ڕاستە: گەمە دانسقەیە. ڕاشکاو بن:
کێ حەز ناکا ڕۆژێک لە ڕۆژان گەورەی خۆی و سەروەری خۆی بێ؟
ئەی خەڵکی باش، نیگایەک بگرنە داهاتوو، چۆن دوکتۆر گالیلیۆ

گالیلای پێشبینی دەکا.
(گۆرانی دەڵێ):
دوو کەیبانوو لە بازاڕی ماسیفرۆشان لە دەرەوە وەستاون
داماون نازانن چی بکەن:
ژنە ماسیفرۆشەکە نانێک دەردەهێنێ
خۆی بە تەنیا ماسییەکەی دەخوا!
بەنا بناخە لێ دەدا
بەردی بەڵێندەر دەهێنێ
کاتێ خانوو تەواو دەبێ
خۆی تێی دەچێ.
بەڵێ، ئاخۆ ئەوە شیاوە؟ نەخێر، نەخێر، نەخێر، ئەمە گەمە نییە!
ئەگەر گوریسەکەی ملمان ئەستوور نەکەن دەپچڕێ!
چونکە ئەوە ڕاستە: گەمە دانسقەیە. ڕاشکاو بن:
کێ حەز ناکا ڕۆژێک لە ڕۆژان گەورەی خۆی و سەروەری خۆی بێ؟
کرێچییەکە ئێستا بەبێ شەرم
لە قونی خاوەن خانوو هەڵدەدا
ژنی کرێچییەکە ئەو شیرە بە منداڵەکانی دەدا
کە بۆ قەشە هێنراوە.
نەخێر، نەخێر، نەخێر! لەگەڵ ئینجیل گەمە ناکرێ!
ئەگەر گوریسەکەی ملمان ئەستوور نەکەن دەپچڕێ!

چونکە ئەوە ڕاستە: گەمە دانسقەیە. ڕاشکاو بن:
کێ حەز ناکا ڕۆژێک لە ڕۆژان گەورەی خۆی و سەروەری خۆی بێ؟

**ژنی گۆرانیبێژەکە:**

ماوەیەک لەمەوبەر لە خەت دەرچووم.
بە مێردەکەم وت:
دەمەوێ بزانم، ئاخۆ ئەوەی تۆ دەیتوانی
هەسارەیەکی سەقامگیر لە تۆ باشتری ناتوانێ.

**گۆرانیبێژەکە:**

نەخێر، نەخێر، نەخێر، نەخێر! بەسە، گالیلای، ئیتر بەسە!
دەمبەست لە قەپۆزی سەگ بکەنەوە قەپ دەگرێ.
بێگومان، ئەوە ڕاستە: گەمە دانسقەیە و ئەوەی دەبێ ببێ دەبێ:
کێ بەخۆشحاڵییەوە حەز ناکا ڕۆژێک لە ڕۆژان گەورەی خۆی و سەروەری خۆی بێ؟

**هەردووکیان:**

ئێوە ئەوانەی سەر زەوی کە لە ئاخ و ژاندا دەژین
هەستن، ڕوحە لاوازەکانی ژیانتان کۆ کەنەوە
لە دوکتۆر گالولەی باشەوە
ئەلفبای گەورەی بەختەوەریی زەوی فێر بن.
ئاخۆ خاچی مرۆڤ لەو کاتەوە گوێڕایەڵ بوو!
کێ بەخۆشحاڵییەوە حەز ناکا ڕۆژێک لە ڕۆژان گەورەی خۆی و سەروەری خۆی بێ؟

**گۆرانیبێژەکە:**

دانیشتوانی بەڕێز، سەیری دۆزینەوە نایابەکەی گالیلیۆ گالیلای بکەن: زەوی لە خولانەوەدایە بە دەوری هەتاودا! (زۆر بە توندی لە تەپڵەکە دەدا.

منداڵەکە و ژنەکە دێنە پێشەوە. ژنەکە وێنەیەکی ساکاری خۆری بە دەستەوەیە، منداڵەکە کولەکە زەردەیەکی بەسەر سەرییەوە گرتووە، وێنەیەکی زەوییە، بە دەوری ژنەکەدا دەخولێتەوە. گۆرانیبێژەکە بە شڵەژاوییەوە ئاماژە بۆ منداڵەکە دەکا، منداڵەکە وەکو لە شاخێکی بەرزەوە خۆی فرێ بداتە خوارەوە، دوای هەر تەپڵلێدانێک منداڵەکە وەکو ڕاچڵەکێ هەنگاو بەهەنگاو دەڕوا. ئەمجا تەپڵلێدان لە پشتەوە دەست پێ دەکا).

**دەنگێکی گڕ:**

(هاوار دەکا): نمایشەکە!

(دوو پیاو دێنە ژوورێ، جلی شڕیان لەبەرە. عەرەبانەیەکی بچووک ڕادەکێشن. لەسەر عەرشێکی مایەی تەوس "گەورە دۆقی فلۆرەنسا" دانیشتووە، فیگورێک تاجێکی لە کارتۆن دروستکراوی لە سەرە، جلێکی لە خام دروستکراوی لە بەردایە و بە دووربینێک سەیری ئاسمان دەکا. بە سەر عەرشەکەوە هەڵواسراوە و لەسەر دروشمێک نووسراوە "لە شتێکی ناخۆش دەچێ". ئەمجا چوار پیاوی دەمامکدار بە مارش دێنە ژوورێ، کە موشەمایەکی گەورەیان هەڵگرتووە. دەوەستن و بووکەشووشەیەک بە ئاسماندا هەڵدەدەن، کە کاردینالێک نمایش دەکا. بالاکورتێک لە کەنارەوە وەستاوە و دروشمێکی بە

دەستەوەیە "سەردەمی نوێ"ی لەسەر نووسراوە. لەناو کۆمەڵە خەڵکەکەوە سواڵکەرێک بە گۆچانەکەی هەڵدەستێ و بەدەم سەماوە پێی بە زەویدا دەکوتێ، هەتا بەدەم تەقەتەقەوە دەکەوێ. بووکەشووشەیەکی زەبەلاح دێتە ژوورێ، گالیلیۆ گالیلای، کە لە بەردەم بینەردا دەنوشتێتەوە. لە بەردەمیدا منداڵێک ئینجیلێکی گەورەی بە دەستەوەیە، ئینجیلەکە کراوەتەوە، هەندێ لاپەڕەی خەتی ڕاست و چەپی بە سەردا هێنراوە).

**گۆرانیبێژی بالاد:**

گالیلیۆ گالیلای، ئەو کەسەی ئینجیلی دڕاند.

(خەڵکەکە بە قاقای بەرز پێ دەکەنن).

## ١١

١٦٣٣: ئینکیزیتسیۆن بانگی تۆژەرە لە جیهاندا ناسراوەکە بۆ ڕۆما دەکا.

قوولاییی گەرمە، بەرزاییەکان ساردن

لە کۆلان هەرایە، حەوشە بێدەنگە.

(پێشژوور و پلیکانە لە کۆشکی مێدیچی لە فلۆرەنسا، گالیلای و کچەکەی چاوەڕوانن بچنە ژوورەوە بۆ لای دۆقی گەورە).

**ڤیرجینیا:**

زۆر دەخایەنێ.

**گالیلای:**

بەڵێ.

**ڤیرجینیا:**

ئەوە دیسان ئەو مرۆڤەیە کە هەتا ئێرە دوامان کەوتووە. (پەنجە بۆ کەسێک درێژ دەکا، کە بە لایاندا دەڕوا، بەبێ ئەوەی سەیریان بکا).

**گالیلای:**

(چاوی ئازاری پێ گەیشتووە): من نایناسمەوە.

**ڤیرجینیا:**

لەم ڕۆژانەی دوییدا زۆرجارم بینیوە. ترسناک دێتە بەرچاوم.

**گالیلای:**

قسەی هیچ. ئێمە لە فلۆرەنسایین نەک لەناو جەردەکانی کۆرسیکا.

**ڤیرجینیا:**

ئەوا گافۆنەی بەڕێوەبەری دانیشگا هات.

**گالیلای:**

لەو دەترسم ئەو گەمژەیە لە گفتوگۆیەکی چەند سەعاتییەوەم بگلێنێ.

(جەنابی گافۆنە، بەڕێوەبەری دانیشگا بە پلیکانەکاندا دێتە خوارێ، بە ئاشکرا دەسڵەمێتەوە، کاتێ گالیلای دەبینێ، بە گرژییەوە ڕووی وەردەگێڕێ، بە ڕەقیی بە لایاندا تێ دەپەڕێ، بەحاڵ سەری دەلەقێنێ).

ئەوە بۆ وای لێ هاتووە؟ ئەمڕۆ دیسان خراپ دەبینم. ئەرێ سڵاوی کرد؟

**ڤیرجینیا:**

بەحاڵ. چی لە کتێبەکەتدا نووسراوە؟ دەشێ مرۆڤ بە کافرانەی دابنێ؟

**گالیلای:**

تۆ کات زۆر لە کڵێساکان بەسەر دەبەی. بەیانی زوو لە خەو هەستان و بۆ نوێژ ڕاکردن ڕووت بە تەواوی دەشێوێنێ. تۆ نزا بۆ من دەکەی، وا نییە؟

**ڤیرجینیا:**

ئەوە جەبانی ڤانییە، ئاسن توێنەرەوەکە، کە تۆ پلانی دەزگای

تواندنەوەت بۆ دارِشت. لە بیرت نەچێ بۆ کوڵەفرِەکان سوپاسی بکەی.

(پیاوێک بە پلیکانەکاندا دێتە خوارێ).

**ڤانی:**

جەنابی گالیلای، تامی کوڵەفرِەکانی کە بۆم ناردبوون خۆش بوو؟

**گالیلای:**

وەستا ڤانی، کوڵەفرِەکان نایاب بوون، جارێکی تر زۆر سوپاس.

**ڤانی:**

لە سەرەوە باسی ئێوە دەکرا. ئێوە بە لێپرسراو دادەنرێن بۆ ئەو نامیلکانەی دژی ئینجیل نووسراون و لەم دواییەدا لە هەموو شوێنێک دەفرۆشرێن.

**گالیلای:**

من هیچ لەبارەی نامیلکە نازانم. من زۆر حەز بە خوێندنەوەی ئینجیل و هۆمیرۆس دەکەم.

**ڤانی:**

سەرەرِای ئەوە، ئەگەر واش نەبێ: دەمەوێ ئەم هەلە بقۆزمەوە، بۆ ئەوەی دڵنیاتان بکەمەوە کە ئێمە لە کارخانە پشتی ئێوە دەگرین. من پیاوێک نیم، کە زۆر شت لەبارەی جووڵانەوەی هەسارەکان بزانم، بەڵام ئێوە بۆ من ئەو پیاوەن، کە بۆ ئازادیی تێ دەکۆشێ بۆ ئەوەی بتوانێ خەڵکی فێری شتی تازە بکا. ئەم مەکینە میکانیکییەی کێلان و بژارە ئەڵمانییە وەکو نموونە وەرگرە، کە بۆتان وەسف کردم. تەنیا لە ساڵی رِابرِدوودا پێنج

بەند لەبارەی کـشـتـوکـاڵەوە لە لەندەن دەرچـووە. ئێـمـە لێـرە سوپاسگوزار دەبووین بۆ کتێبێک لەبارەی کارێزەکانی هۆڵەندا بنووسرایە. هەر ئەو بازنانەی تەگەرەتان بۆ دروست دەکەن، ڕێ بە پزیشکەکـانی بۆلۆنیـا نادەن، بە مـەبەسـتی تۆژینەوە تەرم هەڵدڕن.

**گالیلای:**

ڤانی، ئەو قسەیەی ئێوە لە جێی خۆیدایە.

**ڤانی:**

هیوادارم وا بێ. دەزانن لە ئەمستردام و لەندەن بازاڕی پارەیان هەیە؟ هەروەها قوتابخـانەی پیشەییان هەیە. ڕۆژنامە هەیە کە بەڕێکوپێکی بە هەواڵەوە دەردەچێ. لێـرە ئازادیی ئەوەشـمـان نیـیـە پارە پەیدا بکەین. دژی ئاسنگەریین، لەبەرئەوەی لەو بڕوایەدان کرێکارێکی زۆر لە شوێنێکدا دنەی بێ ئاکاریی دەدا! من لەگـەڵ پیـاوگـەلێکی وەکـو ئێـوەدا سـەردەکـەوم و دەکـەوم، جەنابی گالیلای. ئەگەر جارێک لە جاران هەوڵ بدەن، شتێک دژی ئێـوە بکەن، تکایە بیری خـۆتانی بخـەنەوە، کـە لە هەمـوو لقەکانی بازرگانیدا هاوڕێتان هەیە. شـارەکانی سەرووی ئیتاڵیا لە پشتتانە، جەنابی گالیلای.

**گالیلای:**

ئەوەندەی من بزانم، هیچ کەسێک مەبەستی نییە دژی من هیچ بکا.

**ڤانی:**

هیچ کەسێک؟

**گالیلای:**

نەخێر.

**ڤانی:**

بەبیروڕای من ڤینیسیا بۆ ئێوە باشتر بوو. کەمتر جبەی ڕەشلەبەری تێدایە. لەوێوە دەتوانن دەست بە خەباتی خۆتان بکەن. من گالیسکەی سەفەر و ئەسپم هەیە، جەنابی گالیلای.

**گالیلای:**

من ناتوانم خۆم وەکو پەنابەر ببینم. من حەزم لە ئیسراحەتی خۆمە.

**ڤانی:**

بە دڵنیاییەوە. بەڵام پاش ئەو شتانەی لە سەرەوە بیستمن، دەبێ پەلە بکرێ. من وا هەست دەکەم، حەز دەکەن ئێستا لە فلۆرەنسا نەبی.

**گالیلای:**

قسەی هیچ. دۆقی گەورە قوتابیی خۆمە، جگە لەوە لە هەموو تەنانەت لە هەموو هەوڵێکدا بۆ ئەوەی گوریسەکە پتر لە ملم توند بێ پاپا خودی خۆی نەخێری بنەبڕکەری خۆی ڕووبەڕوو دەکاتەوە.

**ڤانی:**

جەنابی گالیلای، بەوە دەچێ دۆست و دوژمنی خۆت لە یەک جیا نەکەیتەوە.

**گالیلای:**

بەڵام هێز لە بێهێزیی جیا دەکەمەوە. (بە تووڕەیی دەڕوا).

**ڤانی:**

باشە، هیوای بەختەوەریت بۆ دەخوازم. (دەڕوا).

**گالیلای:**

(دەگەڕێتەوە بۆ لای ڤیرجینیا): لێرە هەموو کەسێک بە گازاندەیەکەوە من وەکو قسەکەری خۆی دیاری دەکا، بەتایبەتی لەو شوێنانەی لە قازانجی من نییە، من کتێبێکم لەبارەی میکانیکی گەردوون نووسیوە، ئەمە هەموو شتێکە. چی لێ دەکرێ یان چی لێ ناکرێ، ئەمە هیچ پێوەندی بە منەوە نییە.

**ڤیرجینیا:**

(بەدەنگی بەرز): ئەگەر خەڵکی دەیانزانی، تۆ چۆن حوکمت دا، کە لە دوا شەوی ڕۆژوودا لە هەموو شوێنێ چی قەوما!

**گالیلای:**

بەڵێ. هەنگوین بە ورچێک بدە، ئەگەر برسی بێ ئەوا لە ناوت دەبا!

**ڤیرجینیا:**

(بەدەنگی نزم): دۆقی گەورە هەر بۆ ئەمڕۆ بانگی کردووی؟

**گالیلای:**

نەخێر، بەڵام پێیان وتم. دەیەوێ کتێبەکەی هەبێ، پارەکەی داوە. لە کارمەندەکە بپرسە و نارەزایی دەربڕە، کە ئێمە لێرە چاوەڕوان دەبین.

**ڤیرجینیا:**

(ڤیرجینیا دەڕوا قسە لەگەڵ کارمەندێک بکا، کەسەکە بە دوایدا

دەڕوا): بەڕێز مینچیۆ، خاوەن شکۆ ئاگەدار کراوەتەوە، کە باوکم دەیەوێ قسەی لەگەڵ بکا؟

**کارمەند:**

لە کوێ بزانم؟

**ڤیرجینیا:**

ئەوە وەڵام نییە.

**کارمەند:**

نەء؟

**ڤیرجینیا:**

دەبێ بە ئەدەب بن.

(کارمەندەکە پشتی تێ دەکا و باوێشک دەدا، سەیری کەسەکە دەکا)

(ڤیرجینیا دەگەڕێتەوە): دەڵێ دۆقی گەورە هێشتا سەری قاڵە.

**گالیلای:**

گوێم لێ بوو باسی "ئەدەب"ت کرد؟ ئەوە چی بوو؟

**ڤیرجینیا:**

من سوپاسم کرد بۆ زانیارییە بە ئەدەبەکەی، هیچی تر. ناتوانی کتێبەکە لێرە بەجێ بهێڵی؟ تۆ تەنیا کات بە فیرۆ دەدەی.

**گالیلای:**

من دەست بەوە دەکەم لە خۆم بپرسم ئەم کاتە چ بەهایەکی هەیە. لەوانەیە داوەتەکەی ساگرێدۆ بۆ پادوا بۆ چەند هەفتەیەک

قبووڵ بکەم. من لە باشترین حاڵەتی تەندروستیدا نیم.

**ڤیرجینیا:**

تۆ ناتوانی بەبێ کتێبەکانت بژیت.

**گالیلای:**

دەتوانم هەندێک شەرابی سیسیلیی لە یەک دوو سندووقدا لەگەڵ خۆم ببەم.

**ڤیرجینیا:**

تۆ هەموو کات دەتوت بەرگەی گواستنەوە ناگرێ. دەربار هێشتا سێ مووچە قەرزدارتە. بۆتی نانێرن.

**گالیلای:**

ئەمە ڕاستە.

(کاردینالی ئینکیزیتۆر بە پلیکانەکاندا دێتە خوارێ).

**ڤیرجینیا:**

کاردیناڵ ئینکیزیتۆر.

(لە کاتی تێپەڕیندا بە قووڵیی لە بەردەم گالیلایدا دادەچەمێتەوە).

بابە، کاردیناڵ ئینکیزیتۆر لە فلۆرەنسا چی دەکا؟

**گالیلای:**

نازانم، بەبێ ئەدەب ڕەفتاری نەکرد. زانیم چی دەکەم، کاتێ چووم بۆ فلۆرەنسا و ئەو هەموو ساڵە بێدەنگ بووم. بە ستایش ئەوەندە زلیان کردمەوە، ئێستا دەبێ بەو جۆرە قبووڵم بکەن کە هەم.

**کارمەند:**

(بانگ دەکا): خاوەن شکۆی، گەورە دۆق!

(کۆزۆمـۆ دێ مـێـدیچی بە پلیکانەکەدا دێتـە خـوارێ. گـالـیـلای بەرەو ڕووی دەڕوا. کۆسۆمۆ کەمێک بە شەرمەوە دەوەستێ).

**گالیلای:**

ویســـتـم بۆ خـــاوەن شکۆتان دیالۆگـــەکـــانم لەبارەی هەردوو سیستەمە گەورە جیهانییەکە...

**کۆزۆمۆ:**

ئاوها، ئاوها. چاوت چۆنە؟

**گالیلای:**

زۆر باش نییە، خاوەن شکۆ. ئەگەر خـاوەن شکۆتان مـۆڵەتم پێ بدەن، من کتێبەکەم پێیە...

**کۆزۆمۆ:**

باری چاوەکانت نیگەرانم دەکا. بە ڕاستی، نیگەرانم دەکا. ئەمە ئەوە پێشـان دەدا، کە دووربینە نایابەکەت لەوانەیە کـەمێک بە جۆشوخرۆشەوە بەکار بهێنن، وا نییە؟

(لە ڕۆیشتن بـەردەوام دەبێ، بـەبێ ئـەوەی کـتـێـبـەکـەی لێ وەرگرێ).

**گالیلای:**

کتێبەکەی لێم وەرنەگرت، وا نییە؟

**ڤیرجینیا:**

بابە، دەترسێم.

**گالیلای:**

(بەدەنگێکی کپ و توندەوە): هەست و سۆز پێشان مەدە. لێرەوە ناچینەوە بۆ ماڵەوە، بگرە دەچین بۆ لای ڤۆلپی جامساز. لەگەڵی ڕێککەوتم، کە لە حەوشەی مەیخانەکەوە گالیسکەیەک بە بۆشکەی خاڵیی شەرابەوە هەموو کات ئامادە وەستاوە، کە دەتوانێ لە شارم دەربکا.

**ڤیرجینیا:**

تۆ دەتزانی...

**گالیلای:**

ئاوڕ مەدەرەوە.

(دەیانەوێ بڕۆن).

**کارمەندێکی بەرز:**

(بە پلیکانەکاندا دێتە خوارێ): جەنابی گالیلای، ئەو ئەرکەم پێ سپێردراوە، پێتان ڕابگەیەنم، کە دەرباری فلۆرەنسا چیی تر لە توانایدا نییە، بەرهەڵستیی خواستی ئینکیزیتسیۆنی پیرۆز بکا، لە ڕۆما پرس و جووتان لەگەڵدا بکا. جەنابی گالیلای، گالیسکەی ئینکیزیۆنی پیرۆز چاوەڕوانتانە.

## ١٢
## پاپا

(ژووری فاتیکان. پاپا ئوربانی هەشتەم (پێشووتر کاردینالْ باربەرینی) پیشووتر پێشوازیی لە کاردینالْ ئینکیزیتۆر کردووە. لە کاتی دیدەنیدا جلی لەبەر دەکرێ. لە دەرەوە دەنگێکی زۆری پێ دەبیسترێ).

**پاپا:**

(بەدەنگی بەرز): نەخێر! نەخێر! نەخیر!

**ئینکیزیتۆر:**

جەنابی پیرۆزتان دوکتۆرە کۆبووەوەکانی هەموو ڕشتەکان، نوێنەری هەموو تەریقەتە پیرۆزەکان و سەرجەمی پیاوە ئاینییەکان، کە بە باوەڕی منداڵانەوە بە وشەی خوا، کە لە ئینجیلدا نووسراوە هاتوونە، بۆ ئەوەی لە ئێوەی پیرۆزەوە سەلماندنی باوەڕیان ببیستن، پێیان بڵێین، کە لەوە زیاتر ناتوانرێ ئینجیل بە ڕاست دابنرێ؟

**پاپا:**

ڕێگە نادەم تەختەی ژمارە بشکێنرێ. نەخێر.

**ئینکیزیتۆر:**

کە تەختەی ژمارەیە نەک ڕوحی یاخیگەریی و گومان، ئەو

خەڵکە وا دەڵێن. بەڵام تەختەی ژماردن نییە، بگرە نائارامییەکی دژوار هاتووەتە نێو جیهانەوە. نائارامیی مێشکی خۆیانە، کە بۆ سەر زەوی سەقامگیری دەگوازنەوە. هاوار دەکەن: ژمارەکان ناچارمان دەکەن، بەڵام ژمارەکانیان لە کوێوە دێن؟ هەموو کەسێک دەزانێ کە لە گومانەوە دێن. ئەم مرۆڤانە گومان لە هەموو شتێک دەکەن. ئاخۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەسەر گومان بنیات بنێین نەک لەسەر باوەڕ؟ "تۆ سەروەری منی، بەڵام من گومان دەکەم، ئاخۆ ئەمە باشە." "ئەمە ماڵی تۆیە و ئەوە ژنی تۆیە، بەڵام گومان دەکەم، ئاخۆ دەبێ ماڵ و ژنی من نەبن." لەلایەکی ترەوە جەنابی پیرۆزتان حەزتان لە هونەرە، کە سوپاسی ئەو کۆکارییە جوانانە دەکەین، ڕاڤەی جنێو ئاسا بەسەر دیوارەکانی ڕۆماوە دەخوێنرێنەوە: "ئەوەی بەربەرییەکان بۆ ڕۆمایان هێشتووەتەوە، بەربەرینییەکان دەیدزن." ئەی لە هەندەران؟ خوا پێی خۆش بوو عەرشی پیرۆز بخاتە ژێر ئەزموونی سەختەوە. ئەو خەڵکەی لێکدانەوەیان نییە لە سیاسەتی ئیسپانیای ئێوەی پیرۆز تێ ناگەن، کە بە داخەوەن بۆ ئەو ناکۆکییە لەگەڵ قەیسەردا. پازدە ساڵە ئەڵمانیا مۆڵگەی مەرگە و مرۆڤەکان بە ئیقتباسی ئینجیل بە سەر لێوەوە یەکتر قەلە و پاچە دەکەن. ئێستاش بەهۆی تاعوون، شەڕ و بزووتنەوەی پرۆتەستانتییەوە مەسیحییەت بۆ چەند گرووپێکی بچووک دەتوێتەوە. ئەو بەندوباوە لە ئەوروپادا بڵاو بووەتەوە، کە ئێوە لەگەڵ سویدی لوتەریدا لە هاوپەیمانێتییەکی شاراوەدان، بۆ ئەوەی قەیسەری کاتۆلیکی لاواز بکەن، ئەو کرمانەی ماتماتیک ڕووی دووربینەکانیان لە ئاسمان دەکەن و بە هەموو

دنیا ڕادەگەیەنن، کە بەڕێزی پیرۆزتان شارەزایی نییە. لێرەش، لەم تاقە ژوورەدا، کە هێشتا نکوولّی لێ ناکرێ، مرۆڤ دەتوانێ لە خۆی بپرسێ: ئەم بایەخە لەپڕ بۆ زانستێکی دووری وەکو هەسارەناسیی لە کوێوە دێت! ئایا بێ بایەخ نییە، چۆن ئەم هەڵماتانە دەخولێنەوە؟ بەڵام هیچ کەسێک لە هەموو ئیتاڵیادا، هەتا مەیتەرەکان بۆ خواری خوارەوە بەهۆی ئەم نموونە بەدەی فلۆرەنساییەکەوە چەنەی سوورەکانی ڤێنوس دەدا، لە هەمان کاتدا بیر لە زۆر شت ناکاتەوە، چی لە قوتابخانەکان و شوێنەکانی تر بەبێ هەڵوەشانەوە ڕوون دەکرێتەوە و ئەوەندەش وەڕەسکەرە. چی لێ دەکەوێتەوە، ئەگەر هەموو ئەمانە، بە گۆشت لاوازن بەڵام مەیلی هەموو کردەوەیەکی ناپەسەندانەیان هەیە، تەنیا باوەڕیان بە عەقڵی خۆیان هەبوو، کە ئەم شێتە بە تاقە سەرمەشق دادەنێ! دەیانەوێ، یەکەم جار بە گومانەوە، ئاخۆ ڕۆژ لە گیبیۆندا بێ جووڵە وەستابوو، گومانی چەپەڵیان لە سەر پێتاکی باوەڕدارەکان مەشق کرد! لەوەتەی بەسەر دەریاکاندا تەراتێن دەکەن -من هیچم دژی ئەوە نییە-، متمانەیان دەخەنە سەر هەڵماتێکی حەوجۆش، کە ڕێنومای پێ دەڵێن و متمانەیان بە خوا نەماوە. ئەم گالیلایە کە گەنج بووە لەبارەی مەکینەکانی نووسیوە. بە مەکینەکانیان دەیانەوێ پەرجوو بهێننە ئاراوە. چ پەرجوویەک؟ بەهەرحاڵ پێویستیان بە خوا نەماوە، بەڵام دەبێ ئەمانە چ پەرجووگەلێک بن؟ بۆ نموونە ئیتر نابێ سەرەوە و خوارەوە هەبێ. ئیتر پێویستیان پێی نییە. ئەرەستۆ، ئەگەر وا نەبێ بۆ ئەوان سەگێکی تۆپیوە وتویەتی- ئەمە ئیقتباس دەکەن- ئەگەر تەون خۆی تەونی بکردایە و

سەنتور خۆی مۆسیقای لێ دابایە، ئەوسا وەستاکان خەلفەیان پێـویست نەدەبووو ئاغـاکـان نۆکـەریان نەدەویست. وا بیـر دەکەنەوە ئێستا گەیشتوونەتە ئەوێ. ئەم مرۆڤە خراپە دەزانێ چی دەکا، کە کارە هەسارەناسییـەکانی لە جیاتی بە لاتینی بەشێوە ئاخاوتنی ژنی ماسیفرۆش و خوریفرۆش بنووسێ.

**پاپا:**

ئەمە زەوقێکی زۆر خراپ پێشان دەدا؛ خۆم پێی دەڵێم.

**ئینکیزیتۆر:**

ئەو یەکێک هار دەکا و دەمی یەکێکی تر چەور دەکا. شارەکانی کەناری دەریا لە باکوری ئیتالیا هەردەم زۆرتر داوای نەخشەی هەسارەکانی بەرێز گالیلای بۆ کەشتییەکانیان دەکەن. دەبێ ملیان بۆ بدرێ، ئەمانە بەرژەوەندیی مادین.

**پاپا:**

بەڵام ئەم نەخشەی هەسارانە لە بانگاشە کافرانەکانی ئەوەوە سەرچاوە دەگرن. ئەمانە باسی بزووتی ئەو هەسارانە دەکەن، کە ناتوانن ڕوو بدەن، ئەگەر دۆزەکەی ڕەت بکرێتەوە. مرۆڤ ناتوانێ دۆزەکانی بە نەفرەت بکا و نەخشەی هەسارەکانی قبووڵ بکا.

**ئینکیزیتۆر:**

بۆچی نا؟ مرۆڤ ناتوانێ هیچی تر بکا.

**پاپا:**

ئەم دەنگی پێیانە دەمشڵەژێنێ. لێم ببوورە کە من هەموو کات گوێی لێ دەگرم.

**ئینکیزیتۆر:**

پایەدار، لەوانەیە زۆرترتان پێ بڵێ، لەوەی من دەتوانم پێتانی بڵێم. ئاخۆ ئەمانە هەموویان بە دڵی پڕ لە گومانەوە لێرە بڕۆن؟

**پاپا:**

هەرچی چۆنێ بێ ئەم پیاوە گەورەترین فیزیازانی ئەم سەردەمەیە و ڕووناکیی ئیتاڵیایە، نەک سەرلێشێواوێک. هاوڕێی هەیە. ئەوە ڤێرزایە. ئەوە دەرباری ڤێنایە. دوایی بە کڵێسای پیرۆز دەڵێن سەرەنوێلکەی حوکمە پێشوەختە بۆگەنەکان. خۆتانی لێ بە دوور بگرن.

**ئینکیزیتۆر:**

لەلای ئەم پێویست ناکا مرۆڤ زۆر بڕوا. ئەو پیاوی خۆشی و لەزەتە. یەکسەر واز دەهێنێ.

**پاپا:**

لە هەموو ئەو پیاوانەی من بینیومن زۆرتر لەزەت دەناسێ. لە شەهوەتەوە بیر دەکاتەوە. بۆ شەرابێکی کۆن یان بیرۆکەیەکی نوێ ناڵێ نەء. من حوکمدانی حەقیقەتە فیزیکالییەکانم ناوێ، هوهاکێشانی وەکو "بژی کڵێسا! بمرێ عەقڵ!"م ناوێ. من ڕێگەم بە کتێبەکەی دا، ئەگەر لە کۆتاییدا ئەو بیروڕایە ڕەنگ پێ بداتەوە، کە نەک زانست، بگرە باوەڕ دوا حەقیقەتی لەلایە. پەیمانەکەی بەجێ هێنا.

**ئینکیزیتۆر:**

بەڵام چۆن؟ لە کتێبەکەیدا مرۆڤێکی گەمژە، بێگومان بیروڕاکانی ئەرەستۆ بریکاری دەکا و مرۆڤێکی ژیر، بێگومان

بەهەمان شێوە بریکاری جەنابی گالیلای دەکا، ئەی دوا سەرنج، خاوەن هەیبەت، بڵێ کێ؟

**پاپا:**

ئەوە هەمدیسانەوە چییە؟ کێ گوزارە لەوەی ئێمە دەکا؟

**ئینکیزیتۆر:**

نەک ژیرەکە.

**پاپا:**

بەڵام ئەمە بێشەرمییە. ئەم تەپە تەپەی ڕاڕەوەکە تەحەمول ناکرێ. هەموو دنیا دێ یان چی؟

**ئینکیزیتۆر:**

نەک هەموو دنیا، بەڵام باشترین بەشی.

(پشوو. ئێستا پاپا لە جبەی ئاهەنگدایە).

**پاپا:**

ئەوپەڕی ئەوەیە ئامرازەکە بە گالیلیۆ پێشان بدرێ.

**ئینکیزیتۆر:**

ئەوە بەسە. خاوەن هەیبەت. جەنابی گالیلای خۆی شارەزای ئامرازەکانە.

## ١٣

گالیلیۆ گالیلای لە ٢٢ی ژوونی ١٦٣٣دا لە بەردەم ئینکیزیسیۆندا نکوولّی لە دۆزەکەی لەبارەی سووڕانەوەی زەوی دەکا

لە ڕۆژێکی حوزەیراندا بوو، کە هەر زۆر زوو بە سەرچوو

ئەو ڕۆژە بۆ تۆ و بۆ منیش گرینگ بوو.

لە تاریکییەوە عەقڵ دەرکەوت

سەرتاپای ڕۆژێک لە بەردەرگە وەستا.

(لە کۆشکی نێردراوەکانی فلۆرەنسا لە ڕۆما. قوتابییەکانی گالیلای چاوەڕوانی وەڵام دەکەن. ڕەبەنە بچکۆلەکە و فێدەرزۆنی بە بازی گەورە شەترەنجە نوێیەکە دەکەن. لە گۆشەیەکدا ڤیرجینیا لەسەر ئەژنۆ دانیشتووە و نزای ئەی مریەم درودی خوات لێ بێ دەکا).

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

پاپا پێشوازی لێی نەکرد. مشتومڕی زانستی کۆتایی هات.

**فێدەرزۆنی:**

ئەو دوا ئومێدی بوو. ئەوە ڕاست بوو، چەند ساڵێک پێش ئێستا لە ڕۆما پێی گوت، کاتێ هێشتا کاردیناڵ باربەرینی بوو: ئێمە پێویستمان بە تۆیە. ئێستا پاپایە.

**ئەندریا:**

دەیکوژن. "دیسکۆرسەکان" تەواو ناکرێن.

**فێدەرزۆنی:**

(بە نهێنی سەیری دەکا): لەو بڕوایەدای؟

**ئەندریا:**

لەبەرئەوەی هەرگیز نکوولّی ناکا.

(پشوو).

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

کە مرۆڤ بە شەو بە بێداریی ڕادەکشێ هەردەم لە بیری لاوەکیدا نقوم دەبێ. بۆ نموونە ئەمشە و هەموو کات بیرم دەکردەوە: هەرگیز نەدەبوو کۆماری ڤینیسیا بەجێ بهێڵێ.

**ئەندریا:**

لەوێ نەیتوانی کتێبەکەی بنووسێ.

**فێدەرزۆنی:**

لە فلۆرەنساش نەیتوانی بڵاوی بکاتەوە.

(پشوو).

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

بیری ئەوەشم کردەوە، ئاخۆ دەیەڵن بەردە بچووکەکەی پێ بمێنێ، کە هەردەم لە گیرفانیایەتی. بەردی بەڵگە.

**فێدەرزۆنی:**

ئەو شوێنەی ئەوی بۆ دەبەن مرۆڤ بەبێ گیرفان دەڕوا.

**ئەندریا:**

(دەقیژێنێ): پڕکێشیی ئەوە ناکەن! هەتا ئەگەر ئەوەشی لەگەڵ بکەن، نکوولّی ناکا. "هەر کەسێ حەقیقەت نەزانێ، ئەوە تەنیا

گەمژەیە. بەڵام ئەوەی بیزانێ و پێی بڵێ درۆ، ئەوە تاوانبارە."

**فێدەرزۆنی:**

منیش لەو بڕوایەدا نیم، ئەگەر ئەوە بکا، من نامەوێ ئیتر بژیم، بەڵام ئەوان دەتوانن توندوتیژیی بەکار بهێنن.

**ئەندریا:**

مرۆڤ ناتوانێ هەموو شتێک بەتوندوتیژیی بکا.

**فێدەرزۆنی:**

لەوانەیە نەتوانن.

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

(بەدەنگی نزم): ٢٣ ڕۆژە لە زینداندایە. دوێنێ پرس و جووە گەورەکە بوو. ئەمڕۆ دانیشتنەکەیە. (لەبەرئەوەی ئەندریا گوێ دەگرێ، ڕەبەنەکە بەدەنگی بەرز قسە دەکا). کاتێ من ئەوسا دوو ڕۆژ دوای بڕیاری کڵێسا، لێرە سەردانیم کرد، ئا لەوێ دانیشتبووین و لەلای سەعاتە هەتاوییەکە خواوەندی بچووکی پیت و فەڕی پێ پێشان دام، لە باخچەکەدا، لێرەوە دەتوانن بیبینن، کارەکەی خۆی بە شیعرێکی هۆراس بەراورد کرد، کە لەویشدا مرۆڤ ناتوانێ هیچ شتێک بگۆڕێ. باسی هەستی جوانیی خۆی کرد، کە ناچاری دەکا، بە دوای حەقیقەتدا بگەڕێ. ئەم دروشمەی وت: لە زستان و لە هاویندا، نزیک و دوور، هەتا لە ژیاندا بم و لەوەش زیاتر. مەبەستیشی حەقیقەت بوو.

**ئەندریا:**

(ڕوو دەکاتە ڕەبەنە بچکۆلەکە): بۆت گێڕایەوە، چۆن لە زانکۆی

ڕۆمـادا وەسـتـابوو، کـاتێ دووربینەکـەیان تاقی دەکـردەوە؟ بیگێـڕەرەوە! (ڕەبەنە بچکۆلەکە سـەر ڕادەوەشـێنێ). ئـەو وەکو هەمـوو کـات ڕەفـتـاری کـرد. هەردوو دەسـتی لەسـەر شـلکەی ڕانەکانی بوون، ورگی دەرهێنا و وتی: گەورەکانم، تکای کەمێک عەقڵتان لێ دەکەم.

(بەدەم پێکەنینەوە لاساییی گالیلای دەکاتەوە)

(پشوو).

**ئەندریا:**

(لەبارەی ڤیرجینیا): دوعای ئەوە دەکا، کە نکووڵی بکا.

**فێدەرزۆنی:**

وازی لێ بێنە. لەوەتـەی قـسـەیان لەگـەڵی کـردووە سـەری لێ شێواوە، لە فلۆرەنساوە قەشەی پاکانەیان بۆ ئێرە هێناوە.

(کەسەکەی کۆشکی گەورە دۆقی فلۆرەنسا دێتە ژوورەوە).

**کەسەکە:**

جـەنابی گالیلای بەم زووانە دەگاتە ئێرە. لەوانەیە پێویستی بە قەرەوێڵەیەک بێ.

**فێدەرزۆنی:**

ئازاد کرا؟

**کەسەکە:**

چاوەڕانی ئەوە دەکرێ، کە جەنابی گالیلای لە سەعات پێنجدا لە کۆبوونەوەیەکی ئینکیزیسیۆندا نکووڵی لە ئیشەکەی خۆی بکا. زەنگی گـەورەی حـەزرەتی مـارکـوس لێ دەدرێ و دەقی

نکووڵینامەکە بۆ خەڵکیی بەیان دەکرێ.

**ئەندریا:**

من باوەڕ ناکەم.

**کەسەکە:**

لەبەر گردبوونەوەی خەڵکەکە لە کۆڵانەکاندا جەنابی گالیلای دەهێنرێتە بەردەم دەروازەی باخچەی پشتەوەی کۆشک.

(دەڕوا).

**ئەندریا:**

(لەپڕ بەدەنگی بەرز): مانگ زەوییە و تیشکی خۆی نییە. کەواتە ڤێنوس تیشکی خۆی نییە و وەکو زەوی وایە و بە دەوری هەتاودا دەخولێتەوە. چوار مانگیش بە دەوری هەسارەی موشتەریدا دەخولێنەوە، کە لە بەرزاییی هەسارە سەقامگیرەکاندایە و بەهیچ توێژاڵێکەوە چەسپ نییە. ڕۆژیش چەقی جیهانە و لە جێی خۆیدا سەقامگیرە، زەویش چەق نییە و سەقامگیر نییە. هەر ئەویشە پێشانمانی دا.

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

بەزەبروزۆریش ناتوانرێ ئەو شتە نادیار بکرێ کە بینراوە.

(بێدەنگی).

**فێدەرزۆنی:**

(سەیری سەعاتە هەتاوییەکەی ناو بەخچەکە دەکا): سەعات پێنجە.

(ڤیرجینیا بەدەنگی بەرزتر نزا دەکا).

**ئەندریا:**

هۆ خەڵکینە، من ناتوانم لەوە زیاتر چاوەڕێ بکەم! وا حەقیقەت سەر دەبڕن.

(گوێیەکانی خۆی دەگرێ، ڕەبەنە بچکۆلەکەش بەهەمان شێوە. بەڵام زەنگەکە لێ نادرێ. پشوویەک، بە نزاکانی ڤیرجینیا پڕ دەبێتەوە کە لەژێر لێوەوە دەیانخوێنێ، فێدەرزۆنی سەری نارەزامندانە ڕادەوەشێنێ. ئەوانی تر دەستیان نزم دەکەنەوە).

**فێدەرزۆنی:**

(بەدەنگی نووساوەوە): هیچ. سێ دەقە لە پێنج لای داوە.

**ئەندریا:**

بەرهەڵستی دەکا.

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

لە قسەکانی خۆی پاشگەز نابێتەوە.

**فێدەرزۆنی:**

نەخێر. ئای ئێمە چەند بەختەوەرین.

(باوەش بە یەکدا دەکەن. زۆر بەختەوەرن).

**ئەندریا:**

کەواتە: بەتوندوتیژی نابێ! توندوتیژی ناتوانێ هەموو شتێک بکا! کەواتە: بە سەر گەمژەییدا سەردەکەوین، پیرۆز نییە! کەواتە: مرۆڤ لە مەرگ ناترسێ.

**فێدەرزۆنی:**

ئێستا بە ڕاستی سەردەمی زانست دەست پێ دەکا. ئەمە

ساتی لەدایکبوونیەتی. بیر بکەنەوە، ئەگەر نکوولّی بکردای.

**ڕەبەنە بچکۆلەکە:**

من ئەوەم نەگوت، بەلاّم من زۆر خەمم بوو. منی کەمبڕوا .

**ئەندریا:**

بەلاّم من ئەوەم دەزانی.

**فێدەرزۆنی:**

وا دەبوو وەکو، لە بەیانیدا جارێکی تر شەو بێ.

**ئەندریا:**

وەکو چیا بیوتایە: من ئاوم.

**ڕەبەنەکە:**

(خۆی دەخاتە سەر چۆک، بە گریانەوە): خوایە، من سوپاست دەکەم.

**ئەندریا:**

بەلاّم ئەمڕۆ هەمـوو شتێک گۆڕاوە! مرۆڤی ستەملێکراو سەر بەرز دەکـاتـەوە و دەلّێ: مـن دەتـوانم بـژیم. ئـەوەنـدە بـە دەسـت هاتووە، ئەگەر تەنیا یەک کەس هەستێتە سەرپێ و بلّێ نەء!

(لەم چرکەساتەدا زەنگی کلّێسای حەزرەتی مارکوس دەست بە لێدان دەکا . هەموو ڕەق ڕادەوستن).

**ڤیرجینیا:**

(هەلّدەستێتە سەر پێ): زەنگەکەی کلّێسای حەزرەتی مارکوس! ئەو نەفرەتی لێ نەکراوە!

(مـرۆڤ گـوێی لە دەنگی بێـژەرەکـە دەبێ کـە لە جـادە

پاشگەزبوونەوەکەی گالیلای دەخوێنێتەوە).

**دەنگی بێژەرەکە:**

"من، گالیلیۆ گالیلای، مامۆستای فیزیا و ماتماتیک لە فلۆرەنسا، پاشگەز دەبمەوە لەو وانانەی وتومنەتەوە، کە ڕۆژ چەقی جیهانە و لە شوێنی خۆیدا سەقامگیرە و زەوی چەق نییە و ناسەقامگیرە، پاشگەز دەبمەوە و بە دڵێکی پاک و باوەڕێکی ڕاستەقینەوە نەفرەت و لەعنەت لە هەموو ئەو بەهەڵەداچوونانە و کفرانە و هەروەها هەموو هەڵەیەکی تر و بیروڕایەکی تر دەکەم، کە دژی کڵێسای پیرۆز بێ."

(شانۆ تاریک دەبێ).

(کاتێ جارێکی تر شانۆ ڕووناک دەبێتەوە، هێشتا دەنگی زەنگ دێت، بەڵام ئەمجا نامێنێ. ڤیرجینیا چووەتە دەرەوە. قوتابییەکانی گالیلای هێشتا لێرەن).

**فێدەرزۆنی:**

ئەو هەرگیز حەقی کارەکەی بە ڕاستی نەداویتێ. تۆ نەتوانیت پانتۆڵێک بۆ خۆت بکڕی، نەیش خۆت توانیت کتێب بڵاو بکەیتەوە. ئەم دەردەت چەشت، لەبەرئەوەی "کار بۆ زانست کرا"!

**ئەندریا:**

(بەدەنگی بەرز): ئەو وڵاتە بەدبەختە کە پاڵەوانی نییە!

(گالیلای هاتووەتە ژوورەوە، بە تەواوی، خەریکە لەبەر دادوەرییەکە نەناسرێتەوە. ڕستەکەی ئەندریای گوێ لێ بووە. چەند چرکەساتێک لە بەردەرگەکە چاوەڕوانە سڵاوێکی لێ

بکەن. لەبەرئەوەی کەس سڵاوی لێ ناکا، چونکە قوتابییەکان خۆیانی لێ لادەدەن، لەسەرخۆ و لە بەر کزیی چاوی نادڵنیا بەرەو پێشەوە دەڕوا، کە کورسییەک دەدۆزێتەوە و لە سەری دادەنیشێ).

**ئەندریا:**

ناتوانم تەماشای بکەم، با بڕوا.

**فێدەرزۆنی:**

هێمن بەرەوە.

**ئەندریا:**

(بەسەر گالیلایدا دەقیژێنێ): بەدمەست! چڵێس! جەستە خۆشەویستەکەی خۆت ڕزگار کرد؟ (دادەنیشێ). سەرم دەسووڕێتەوە.

**گالیلای:**

(بەهێمنی): پەرداخێک ئاوی بدەنێ.

(ڕەبەنە بچکۆلەکە لە دەرەوە پەرداخێک ئاو بۆ ئەندریا دەهێنێ. ئەوانی تر خۆیان بە گالیلایەوە خەریک ناکەن، کە لەسەر نیشتۆکەکەی دانیشتووە و گوێ دەگرێ. جارێکی تر لە دوورەوە دەنگی بێژەرەکە دەبیسترێتەوە).

**ئەندریا:**

من دیسان دەتوانم بڕۆم ئەگەر ئێوە کەمێک یارمەتیم بدەن.

(دەیبەن بۆ لای دەرگەکە. لەم چرکە ساتەدا گالیلای دەست بە قسەکردن دەکا).

**گالیلای:**

نەخێر، ئەو وڵاتە بەدبەختە کە پێویستی بە پاڵەوان بێت.

(خوێندنەوە لە بەردەم پەردەدا):

ڕوون نییە ئەگەر ئەسپێک، کە لە بەرزایی سێ یان چوار گەزەوە دەکەوێ، ئایا سمەکانی دەشکێن، لە کاتێکدا سەگێک هیچ زیانی پێ ناگا، بەهەمان شێوە پشیلەیەک تەنانەت لە بەرزایی هەشت یان دە گەزەوە دەکەوێتە خوارەوە، بەڵێ جیرجیرە لە لووتکەی بورجێکەوە و مێروولەیەک لە مانگەوە بکەوێتە خوارەوە؟ هەروەکو چۆن گیانلەبەرە بچووکەکان بە بەراورد لە گیانلەبەرە گەورەکان بەهێزتر و بە تواناترن، ڕووەکە بچووکەکانیش باشتر خۆیان دەگرن: داربەڕوویەکی دوو سەد گەز بەرز لقەکانی بە ڕێژەی تەواو ناتوانێ بە داربەڕوویەکی بچووکدا بگا و سروشت ناتوانێ بیەڵێ ئەسپێک بە ئەندازەی بیست ئەسپ گەورە بێ و، نە زەبەلاحێک دە قات زل بکا، جگە لە گۆڕانکاری لە ڕێژەی هەموو کۆئەندامەکاندا، بەتایبەتی ئێسقان، کە دەبێ زۆر لە ئەندازەی گەورەیی هاوڕێژەییەک بەهێزتر بکرێ. ئەو گریمانە گشتییەی کە مەکینەی گەورە و بچووک هەمان خۆڕاگرییان هەیە بە ئاشکرا هەڵەیە.

گالیلای، "دیسکۆرزی"

## ١٤

١٦٣٣-١٦٢٤، گالیلیۆ گالیلای له خانووی گوندێکی نزیکی فلۆرەنسا دەژی، هەتا مردنی زیندانی ئینکیزیسیۆنه. "دیالۆگ".

هەزار و شەشسەد و سی و سێ، هەتا هەزار و شەشسەد و چل و دوو گالیلیۆ گالیلای هەتا مردن زیندانی کلێسایه.

(شوێنێکی گەوره مێز و نیشتۆکی چەرم و گۆی زەوی دانراوه. گالیلای ئێستا پیر و نیوه نابینا بووه، به ئاگەدارییەوه ئەزموون لەسەر تۆپێکی دارینی بچووک لەسەر سکەیەکی دارینی خوار دەکا. له ژوورەکەی پێشەوه ڕەبەنێک ئێشک دەگرێ. له دەرگە دەدرێ، ڕەبەنەکه دەرگه دەکاتەوه و جووتیارێک دێته ژوورەوه، دوو قازی ئاوەڕووتکراوی به دەستەوەیه. ڤیرجینیا له ئاشپەزخانەکەوه دێته دەرێ. ئێستا تەمەنی نزیکەی چل ساڵه).

**جووتیارەکه:**

دەبێ ئەمانه ڕادەست بکەم.

**ڤیرجینیا:**

له کێوه؟ من داوای قازم نەکردووه.

**جووتیارەکه:**

پێیان وتم بڵێم: له یەکێکەوه له سەفەردایه. (دەڕوا).

(ڤیرجینیا به سەرسوڕمانەوه سەیری قازەکان دەکا. ڕەبەنەکه له دەستی وەردەگرێ و به بەدگومانییەوه دەیانپشکنێ. ئەمجا

به دڵنایییەوە دەیانداتەوە دەستی، ڤیرجینیا ملیان دەگرێ و دەیانبا بۆ لای گالیلای بۆ ژووره گەورەکە).

**ڤیرجینیا:**

یەکێک لەسەر سەفەر دیارییەکی بۆت ناردووە.

**گالیلای:**

چییە؟

**ڤیرجینیا:**

ناتوانی بیبینی؟

**گالیلای:**

نەخێر. (دەچێ بۆ لای قازەکان): ناوی لەگەڵدایە؟

**ڤیرجینیا:**

نەخێر.

**گالیلای:**

(یەکێک لە قازەکانی لە دەست وەردەگرێ): قورسە. دەتوانم کەمێکی لێ بخۆم.

**ڤیرجینیا:**

خۆ دیسان برسیت نییە. ئێستا نانی ئێوارەت خوارد. چاوت دیسان چییەتی؟ دەبێ لە مێزەکەوە بیانبینی.

**گالیلای:**

تۆ لە سێبەردا وەستاوی.

**ڤیرجینیا:**

من لە سێبەردا نەوەستاوم. (قازەکان دەباتە دەرەوە).

**گالیلای:**

بە جاترە و سێوەوە لێی نێ.

**ڤیرجینیا:**

(بە ڕەبەنەکە): دەبێ بە دوای دوکتۆری چاودا بنێرین. باوکم نەیتوانی لە مێزەکەوە قازەکان ببینێ.

**ڕەبەنەکە:**

لە پێشدا پێویستم بە مۆڵەتی مۆنسینیۆرە کارپولایە. دیسان خۆی نووسی؟

**ڤیرجینیا:**

نەء. خۆی کتێبەکەی پێ دەوتم و من دەمنوسییەوە، خۆ ئێوە خۆتان ئەوە دەزانن. ئێوە لاپەڕە ١٣١و ١٣٢تان لەلایە، ئەوانە دوا لاپەڕە بوون.

**ڕەبەنەکە:**

پیرە ڕێوییەکە بۆ خۆی.

**ڤیرجینیا:**

هیچ شتێک دژی ڕێنوێنییەکان ناکا. پەشیمانییەکەی ڕاستییە. من ئاگەداری دەبم. (ڤیرجینیا قازەکان دەداتە دەستی ڕەبەنەکە). لە ئاشپەزخانەکە پێیان بڵێ، با جگەرەکە لەگەڵ سێوێک و پیازێکدا سوور بکەنەوە. (دەگەڕێتەوە بۆ ژوورە گەورەکە). ئێستاش با بیر لە چاوەکانمان بکەینەوە و بە پەلە واز لە تۆپەکە بهێنین و تۆزێکی تر لە نامە هەفتانەکەمان بۆ سەرقەشەی شار بنووسین.

**گالیلای:**

هەست بە باشیی ناکەم. کەمێک هۆرازم بۆ بخوێنەوە.

**ڤیرجینیا:**

هەر هەفتەی پێشوو مۆنسینیۆرە کارپولا پێی وتم، کە ئێمە زۆر قەرزارباری ئەوین- لەم دواییانەدا بوو سەوزەی نارد-، کە سەرقەشە هەموو جارێک لێی دەپرسێ، ئاخۆ ئەو پرسیار و ئیقتباسانەت بە دڵە، کە بۆتی دەنێرێ. (بۆ نووسین دانیشتووە).

**گالیلای:**

گەیشتمە کوێ؟

**ڤیرجینیا:**

بەشی چوارەم: هاوپێوەند بە ڕادەربڕینی کڵێسای پیرۆزەوە لە بارەی پشێوییەکانی جبەخانەی ڤینیسیا هاوڕام لەگەڵ هەڵوێستی کاردینال سپۆلێتی لەبارەی گوریسکارە یاخییەکان...

**گالیلای:**

بەڵێ. (شت دەڵێ بۆ ئەوەی ڤیرجینیا بینووسێتەوە): هاوڕام لەگەڵ هەڵوێستی کاردینال سپۆلێتی لەبارەی گوریسکارە یاخییەکان، واتە باشترە بە ناوی خێری مەسیحییانەوە شۆربایان پێ بدرێ، وەکو لەوەی پارەی زیاتریان بۆ گوریسی کەشتی و زەنگ بدرێتێ. لەبەرئەوەی حەکیمانەتر دەردەکەوێ، لە جیاتی چاوچنۆکییان باوەڕیان بەهێز کەن. پاولوسی پەیامبەر دەڵێ: خێر هەرگیز لە بن نایەت. ئەمە چۆنە؟

**ڤیرجینیا:**

بابە، زۆر نایابە.

**گالیلای:**

لەو بڕوایەدا نیت، بتوانرێ تەوسی تێدا بخوێنرێتەوە.

**ڤیرجینیا:**

نەخێر، سەرقەشە بەختەوەر دەبێ. ئەو ئەوەندە عەمەلییە.

**گالیلای:**

من پشت بە بڕیاری تۆ دەبەستم. شتی داهاتوو چییە؟

**ڤیرجینیا:**

پەندێکی زۆر جوان: "ئەگەر من لاواز بم، ئەوا بە هێزم."

**گالیلای:**

ڕاڤەم بۆی نییە؟

**ڤیرجینیا:**

بەڵام بۆچی نا؟

**گالیلای:**

دوای ئەوە چی دێ؟

**ڤیرجینیا:**

"بۆ ئەوەی تێ بگەن، کە خۆشەویستیی بۆ مەسیح لە هەموو زانستێک باشترە." پاولوس بۆ ئێفێسەر ٣، ١٩

**گالیلای:**

بەتایبەتی سوپاسی ئێوەی پایەبەرز دەکەم بۆ ئیقتباسە جوانەکان لە نامەکانی ئێفێسەرەوە. ئەمە بزواندمی و لە چاولێکەرییە لە لاساییکردنەوە نەهاتووەکەماندا ئەمەم دۆزییەوە. (ئەزبەر ئیقتباس دەکا): "ئەو کەسەی کە وشەی

جاویدان دەیدوێنێ، لە پرسیاری زۆر خاڵییە." مۆڵەتم پێ بدەن لەم دەرفەتەدا باسی شتی خۆم بکەم؟ هەتا ئێستاش سەرکۆنەی ئەوە دەکرێم، کە من ڕۆژێک لە ڕۆژان کتێبێکم لەبارەی تەنەکانی ئاسمان بە زمانی بازاڕ نووسیوە. من مەبەستم ئەوە نەبوو بەمە پێشنیار بکەم یان بەوە ڕازی بم، کە کتێب لەبارەی زۆر ڕشتەی گرینگتری، بۆ نموونە ئایناسی بە زمانی مەکەرۆنی فرۆشەکان بنووسرێ. بەڵگە هێنانەوە بۆ نوێژ بە لاتینی، کە بەهۆی گەردوونیی ئەم زمانەوە هەموو میللەتان نوێژی پیرۆزیان بەهەمان شێوە گوێ لێ دەبێ، بۆ من کەمتر گونجاو دەردەکەوێ، لەبەرئەوەی ئەو تەوسکەرانەی هەرگیز لە ڕوو دانامێنن دەتوانن بەهانەی بەرپەرچی بدەنەوە کە هیچ یەکێک لەو میللەتانە لەو دەقانە تێ ناگا. من بە خۆشحاڵییەوە دەستبەرداری تێگەیشتنی هەرزانی شتە پیرۆزەکان دەبم. لاتینی سەکۆ، کە حەقیقەتی جاویدانی کڵێسا دژی زانخوازیی نەزانەکان دەپارێزێ، متمانە بێدار دەکاتەوە، کاتێ کوڕە قەشەکانی چینەکانی خوارەوە بە جەختی زاراوەی دانیشتوانی ناوچەکانەوە قسەی پێ دەکەن. نەخێر ئەوە بسڕەرەوە.

**ڤیرجینیا:**

هەمووی؟

**گالیلای:**

هەمووی دوای مەکەرۆنیفرۆشەکان.

( لە دەروازەکە دەدرێ، ڤیرجینیا دەچێتە دالآنەکە. ڕەبەنەکە دەرگە دەکاتەوە. ئەندریا سارتییە. ئێستا ئەو بووەتە پیاوێکی

تەمەن مامناوەنجی).

**ئەندریا:**

ئێوارەتان باش. من خەریکم ئیتاڵیا بەجێ دەهێڵم بۆ ئەوەی لە هۆڵەندا کاری زانستی بکەم و تکایان لێ کردم لە کاتی سەفەرمدا بەدەم ڕێوە بیبینم، بۆ ئەوەی بتوانم باسی بکەم.

**ڤیرجینیا:**

من نازانم ئەو دەیەوێ تۆ ببینێ. تۆ هەرگیز نەهاتی.

**ئەندریا:**

پرسیاری لێ بکە.

(گالیلای دەنگەکەی ناسیوەتەوە. بەبێ جووڵە دانیشتووە. ڤیرجینیا دەچێتە ژوورەوە بۆ لای).

**گالیلای:**

ئەوە ئەندریایە؟

**ڤیرجینیا:**

بەڵێ. پێی بڵێم بڕوا؟

**گالیلای:**

(پاش پشوویەک): بیهێنە ژوورەوە.

(ڤیرجینیا ڕێنوێنیی ئەندریا بۆ ژوورەوە دەکا).

**ڤیرجینیا:**

(بە ڕەبەنەکە): بێ وەیە. قوتابی بوو. ئێستا دوژمنێتی.

**گالیلای:**

ڤیرجینیا، بیەڵە با بە تەنیا بین.

**ڤیرجینیا:**

دەمەوێ بزانم چی دەگێڕێتەوە. (دادەنیشێ).

**ئەندریا:**

(بە ساردییەوە): چۆنن؟

**گالیلای:**

نزیک ببەرەوە. چی دەکەی؟ باسی کارەکەتم بۆ بکە. وەکو بیستوومە لەبارەی هایدرۆلیکە.

**ئەندریا:**

فابریسیوس لە ئەمستردام ڕای سپاردم هەواڵت بپرسم.

(پشوو).

**گالیلای:**

من باشم. زۆر ئاگایان لێمە.

**ئەندریا:**

پێخۆشحاڵم، بتوانم هەواڵیان پێ بگەیەنم، کە ساغ و سەلامەتن.

**گالیلای:**

فابریتسیوس پێخۆشحاڵ دەبێ ببیستێ. تۆش دەتوانی پێی ڕابگەیەنی، کە من لە خۆشگوزەرانییەکی گونجاودا دەژیم. بەهۆی قووڵیی پەشیمانیمەوە توانیم خوایشتی سەروەرەکان ئەوەندە وەدەست بهێنم، کە ڕێم پێ دراوە بتوانم لە ڕووبەرێکی خاکەڕادا لەژێر کۆنترۆڵی دینیدا تۆژینەوەی زانستی بکەم.

**ئەندریا:**

بەڵێ ئێمەش بیستمان، کە کڵێسا لێتان ڕازییە. سەردانواندنی

تەواوتـان كـاريگەريی خـۆی هـەبوو. خـەڵكی دڵنيـا دەكـەنەوە، سەروەرەكان بە خۆشحاڵییەوە بۆيان دەركەوتووە، كە لە ئيتاڵيا هيچ كارێک بە بانگەشەی نوێوە بڵاو نەكراوەتەوە، لەوەتەی ئێوە ملكەچ بوونە.

**گاليلای:**

(گـوێ دەگرێ): بە داخـەوە هـەندێ دەوڵەت هـەيـە، كە خـۆيان لە سـەرپەرشـتـی كـڵـێـسـا دەردەهێنن. دەترسـێم، كـە دۆزە قەدەخەكراوەكان لەوێ ئێستاش پشتگريی بكرێن.

**ئەندريا:**

لەوێش بەهۆی پاشگەزبوونەكەتانەوە پاشەكشەيەكی بۆ كڵێسا دڵخۆشكەرانە هاتە ئاراوە.

**گاليلای:**

بە ڕاسـتـی؟ (پشـوو). هـيچ شـتـێک لە ديكارتەوە نايەت؟ هـيچ شتێک لە پاريسەوە نايەت؟

**ئەندريا:**

بـەڵێ. بە هـەواڵی پاشگـەزبوونـەوەكـــەت وتـارەكـــەی لەبارەی سروشتی تيشک خستە چەكمەجەكەيەوە.

(پشوويەكی درێژ).

**گاليلای:**

من خـەمی هـەندێ هـاوڕێی زانسـتـيـمـە، كـە هێنامنە سـەر ڕێی هەڵە. بەهۆی پاشگەزبوونەكەمەوە ڕێنوێنی كراون؟

**ئەندريا:**

بۆ ئەوەی بتوانم كاری زانستيی بكەم، دەمەوێ بچم بۆ هۆڵەندا.

ڕێی ئەو شتە بە گامێش نـادرێ، ئەگەر موشتـەری ڕێی ئەوەی بە خۆی نەدابێ.

**گالیلای:**

تێ دەگەم.

**ئەندریا:**

فێدەرزۆنی دیسان لە دووکانێکی میلانۆدا عەدەسە لووس دەکا.

**گالیلای:**

(پێ دەکەنێ): لاتینی نازانێ.

(پشوو).

**ئەندریا:**

فولگانزیۆ، ڕەبەنە بچکۆلەکەمان، دەستبەرداری تۆژینەوە بووە و گەڕاوەتەوە بۆ باوەشی کڵێسا.

**گالیلای:**

بەڵێ. (پشوو).

سـەروەرەکانم زۆر بە خـەمی چاکـبوونەوەی دەروونـیی منەوەن.

من لەوە باشتر بەرەو چاکبوونەوە دەچم کە چاوەڕوان دەکرا.

**ئەندریا:**

ئاوها.

**ڤیرجینیا:**

سوپاس بۆ خوا.

**گالیلای:**

(بە تووڕەیی):، ڤیرجینیا، سەیر کە بزانە قازەکان چییان بە سەرهات.

(ڤیـرجـینـیـا بە توورەیی دەچێـتـە دەرەوە. لـە کـاتێکدا بە لای ڕەبەنەکەدا تێ دەپەڕێ، ڕەبەنەکە قسەی لەگەڵدا دەکات).

**ڕەبەنەکە:**

ئەو کوڕەم بەدڵەوە ناچێ.

**ڤیرجینیا:**

بێ وەیە. خـۆ ئێـوە گـوێ دەگـرن. (لە کـاتی ڕۆشـتندا) پەنیـری تازەی بزنیان بۆ هێناوین.

(ڕەبەنەکە بە دوایدا دەچێتە دەرەوە).

**ئەندریا:**

بـە درێژاییی شــــەو دەئـاژووم، بۆ ئـەوەی بەیـانی زوو لـە سـنـوور بپەڕمەوە. دەتوانم بڕۆم؟

**گالیلای:**

سـارتی، من نـازانم بۆچی هـاتووی؟ بۆ ئەوەی بێدارم بکەیتـەوە؟ من لەوەتەی لێرەم بە ئاگەدارییەوە دەژیم و بە ئاگەدارییەوە بیـر دەکـەمــەوە. بەبێ ئـەوەش هـەندێ جـار دەگـەڕێمــەوە بارەکـەی جارانم.

**ئەندریا:**

جەنابی گالیلای، من حەز ناکەم نیگەرانت کەم.

**گالیلای:**

باربـارێنی ئەمــەی بە گـولیی نێـو دەبرد. خــۆی بە تەواوی لـێی خاڵی نەبوو. دیسان نووسیم.

**ئەندریا:**

ئاوها؟

**گالیلای:**

"دیسکۆرزی"م تەواو کرد.

**ئەندریا:**

چی؟ "گفتوگۆکان، لە بارەی دوو لقی نوێی زانستەوە: میکانیک و هێزی ڕاکێشان"؟ لێرە؟

**گالیلای:**

ئای، قەڵەم و کاغەزم دەدەنێ. سەروەرەکانم گەمژە نین. دەزانن نەنگیی ڕەگداکوتاو لەمڕۆوە بۆ سبەینێ ناتوانرێ دەربهێنرێن. لە ئەنجامی بەد دەمپارێزن، بەوەی پەڕە بەپەڕە دەخەنە سندووقەوە و کلیلی دەدەن.

**ئەندریا:**

ئۆ، خوای گەورە.

**گالیلای:**

هیچت گوت؟

**ئەندریا:**

ئەوان ئاوت پێ دەکێڵن! قەڵەم و کاغەزت دەدەنێ بۆ ئەوەی هێمن ببیتەوە! چۆن توانیت هەر بنووسی کە ئەم ئامانجەت لە بەرچاو بوو؟

**گالیلای:**

ئای، من کۆیلەی خووەکانم.

**ئەندریا:**

"دیالۆگەکان" بە دەستی ڕەبەنەکانەوە! ئەمستردام و لەندەن و پراگیش بێزووی پێوە دەکەن.

**گالیلای:**

دەتوانم لێرە گوێم لە فابریسیوس بێ دەکرۆزێتەوە، سوور لە سەر بەشە گۆشتی خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە ئەمستردام لە ئەمانەتدا دانیشتووە.

**ئەندریا:**

دوو بواری نوێی زانست نزیکن لە فەوتانەوە!

**گالیلای:**

بێگومان ورەی ئەو و هەندێکی تر بەرز دەبێتەوە کە ببیستن، کە من دوا پاشماوە کلۆڵەکانی خۆشگوزەرانیم خستە مەترسییەوە بۆ ئەوەی دەستنووسێکی لە بەر بگرمەوە، وەکو بڵێی بە دزی خۆمەوە، بەوەی دوا گەردیلەی تیشکی شەوە ڕووناکەکانی شەش مانگم بەکار هێنا.

**ئەندریا:**

ئێوە لەبەر نووسراوەیەکتان هەیە؟

**گالیلای:**

هەتا ئێستا فیزم ڕێی لێ گرتم لە ناویان ببەم.

**ئەندریا:**

لە کوێیە؟

**گالیلای:**

"ئەگەر چاوت پەستت دەکا دەری بێنە." هەر کەسێ ئەمەی نووسیبێ، لە من زۆرتری لەبارەی ئیسراحەت زانیوە. من گریمانەی ئەوە دەکەم، چڵەپۆپەی گەلحۆییە ئەگەر ڕادەستی کەم. لەبەرئەوەی نەمتوانی پێ بە جەرگی خۆمدا بنێم خۆم لە

کـاری زانسـتـیی بە دوور بگرم، ئێوە دەتوانن بیانبەن.
نووسراوەکە لە گۆی زەویدایە. ئەگەر بیر لەوە دەکەیتەوە لەگەڵ خۆت بیانبەی بۆ هۆڵەندا، بێگومان سەرجەمی لێپرسراوێتیت دەکەوێتە ئەستۆ. لەم حاڵەتەدا تۆ لە یەکێکت کڕیوە کە توانیویەتی لە کۆمکاری پیرۆز دەستی بە ئەسڵەکەی بگات.
(ئەندریا چووە بۆ لای گۆی زەوی و لەبەر نووسراوەکە دەردەهێنێ).

**ئەندریا:**

"گفتوگۆکان"!

(لە دەستنووسەکەدا لاپەڕە هەڵدەداتەوە).

(دەکەوێتە خوێندنەوە): "مەبەستی من ئەوەیە زانستێکی زۆر نوێ بنەخشێنم، کە باسی شتێکی زۆر کۆن دەکا، واتە جووڵانەوە. من بەهۆی ئەزموونەوە چەند خەسڵەتێکیم دۆزیوەتەوە، کە بەهای زانستییان هەیە."

**گالیلای:**

ناچار بووم کاتەکەم بۆ شتێک بەکار بهێنم.

**ئەندریا:**

ئەمە بناخەی فیزیایەکی نوێ دادەمەزرێنێ.

**گالیلای:**

بیخەرە ژێر چاکەتەکەتەوە.

**ئەندریا:**

ئێمەش لەو بڕوایەدا بووین ئێوە چوونەتە پاڵ دوژمن! دەنگی من

له دژی ئێوه له دەنگی هەمووان بەرزتر بوو.

**گالیلای:**

دەبوو وابێ. من زانستم فێر کردی و نکووڵیم له حەقیقەت کرد.

**ئەندریا:**

ئەمه هەموو شتێک دەگۆڕێ. هەموو شتێک.

**گالیلای:**

به ڕاست؟

**ئەندریا:**

ئێوه حەقیقەتتان شاردبووەوه. له دوژمن. له بواری ئاکاردا سەدان ساڵ له پێش ئێمەوه بووی.

**گالیلای:**

ئەندریا، ئا ئەوەیانم بۆ ڕوون بکەرەوه.

**ئەندریا:**

به خەڵکی سەر جادەمان گوت: ئەو دەمرێ، بەڵام هەرگیز نکووڵیی ناکات. ئێوه هاتنەوه: نکووڵیم کرد، بەڵام دەژیم. وتمان دەستەکانتان پەڵەیان پێوەیه. ئێوه دەڵێن: باشتره پەڵەیان پێوه بێ لەوەی خاڵی بن.

**گالیلای:**

پەڵەدار له خاڵی باشتره. زایەڵەیەکی واقیعییانەی هەیه. زایەڵەی منی لێ دێ. زانستی نوێ، ئاکاری نوێ.

**ئەندریا:**

من دەبوو پێش هەموو ئەوانی تر بیزانم! من تەمەنم سێزده بوو

کـاتێ ئێوە دووربینی پیاوێکی ترتان بە ئەنجـومەنی ڤینیـسیـا فــرۆشت. بینیم ئێــوە نـەمــرانە ئەم ئـامــێــرە بەکــار دەهـێنن. هاورێکانت سەریان ڕاوەشاند، کاتێ ئێوە لە فلۆرەنسا لە بەردەم منداڵەکە داچەمینەوە: زانست جەماوەری پەیدا کرد. ئێوە هەموو کات بە پاڵەوانەکان پێ دەکەنین. دەتانگوت: "ئەو خەڵکانەی ئازار دەکێشن وەرەسم دەکەن"، "بەدبەختیی لە حیسابکاریی کەمەوە سەر هەڵدەدا." و "ئەو کاتەی بەربەستێک دەکەوێتە سەر ڕێگە ڕەنگبێ کورتترین هێڵ لە نێوان دوو خاڵدا هێڵە چەوتەکە بێ."

**گالیلای:**

لە بیرمە.

**ئەندریا:**

کـاتێ لە سـاڵی ٣٣دا حـەزتان کـرد، لە خـاڵێکی جـەمـاوەریی دۆزەکەتان پەشیمـان ببنەوە، دەبوو بزانم، ئێوە تەنیا خـۆتان لە بەیەکدادانێکی بێهیوای سیـاسی کێشایەوە، بۆ ئەوەی لە سـەر کاری ڕاستەقینەی زانست بەردەوام بن.

**گالیلای:**

کە پێک هاتووە لە...

**ئەندریا:**

...لێکۆڵینەوە لە خـەسـڵـەتەکـانی جـووڵە، دایکی مـەکـینەکـان، بەتـەنیـاش ئەوان لە توانایاندا هـەیە وا بکەن بتـوانرێ لەســەر زەوی شوێنی ژیان هەبێ و دەتوانرێ ئاسمان لاببرێ.

**گالیلای:**

ئەها.

**ئەندریا:**

کاتتان بەدەست هێنا بۆ ئەوەی کارێکی زانستی بنووسن، کە تەنیا ئێوە دەتانتوانی بینووسن. ئەگەر لە شکۆی ئاگرێکی مرۆڤ سووتاندندا کۆتاییتان بهاتایە، ئەوانی تر بەرندە دەبوون.

**گالیلای:**

ئەوان براوەن. هیچ کارێکی زانستیش نییە کە تەنیا پیاوێک بینووسێ.

**ئەندریا:**

ئەی لەبەرچی پاشگەز بوونەوە؟

**گالیلای:**

پاشگەز بوومەوە، لەبەرئەوەی لە ئازاری جەستە دەترسام.

**ئەندریا:**

نەخێر!

**گالیلای:**

ئامێرەکانی ئەشکەنجەیان پێشان دام.

**ئەندریا:**

پلان نەبوو؟

**گالیلای:**

نەخێر پلان نەبوو.

(پشوو).

**ئەندریا:**

(بەدەنگی بەرز): زانست تەنیا یەک داواکاریی دەزانێ: بەشداریی زانستی.

**گالیلای:**

من بەشداریی خۆم کرد. بۆ زێراب بەخێر بێن، لە زانستدا برا و لە خیانەتدا ئامۆزا! ماسی دەخۆی؟ من ماسیم هەیە بۆ فرۆشتن؟ ئەوەی بۆنی گەنی لێوە دێت ماسییەکەم نییە، بگرە خۆمم، من فرۆشیارم، تۆ کڕیاری. ئەی نیگای دڵڕفێنی کتێبەکە، شتە پیرۆزکراوەکان! دەم ئاوی تێ دەزێ و نەفرەتەکان دەخنکێن. سۆزانیی عەقڵ، ئاژەڵی کوشندە، داوێنپیس، گەڵی دەکاتەوە و هەموو شتێک دەگۆڕێ! پیرۆز بێ کۆمکاری سەوداکەر، سپیشۆر، لە مردن ترساومان.

**ئەندریا:**

لە مردووترسان مرۆڤانەیە! لاوازییەکانی مرۆڤ هیچ پێوەندییان بە زانستەوە نییە.

**گالیلای:**

نەخێر؟! ئازیزەکەم سارتی، لەم بارودۆخەی ئێستاشمدا هەست دەکەم هێشتا لە توانامدایە، چەند ئاماژەیەکتان لەبارەی ئەوە بدەمێ، زانست پێوەندی بە گشت ئەو شتانەوە هەیە، کە ئێوە بە جۆشوخرۆشەوە خۆتان بۆ تەرخان کردووە.

(پشوویەکی کورت).

(گالیلای هەردوو دەستی لە بەر ورگی توند کردووە):

لە کاتی دەستبەتاڵیمدا، کە ئێستا زۆر دەستم بەتاڵە، لەم بارەی خۆم قووڵ بوومەوە و بیرم لەوە کردەوە، چۆن جیهانی زانست حوکمی لەسەر دەدات، ئەو جیهانەی کە ئیتر من بەشێک نیم لەو. تەنانەت خوریفرۆشێک، جگە لەوەی هەرزان بکڕێ و گران

بفرۆشێ، دەبێ خەمی ئەوەشی بێ، کە بتوانێ بەبێ کۆسپ بەردەوام بێ لە سەودا و مامەڵەکردن بە خورییەوە. من وام بۆ دەردەکەوێ بەدواداچوونی زانست پێویستی بە بوێرییەکی تایبەتی هەبێ. مامەڵە لەگەڵ زانست دەکا، کە لە ڕێی گومانەوە وەدەست دەهێنرێ. بەدەستهێنانی زانست لەبارەی هەمووشتێکەوە و بۆ هەموو کەسێک، هەوڵ دەدا، هەمووان بکاتە گومانکەر. ئێستا بەشێکی گەورەی دانیشتوان لەلایەن میرەکان، خاوەن موڵک و قەشەکانەوە لە لێلاییەکی مرواریيانەی بیروباوەڕی پووچ و وشەی کۆندا هێڵراونەتەوە، کە پیلانبازیی ئەو خەڵکانە دادەپۆشێ. کلۆڵیی زۆر کەس وەکو چیا کۆنە و مینبەر و واعیز وای ڕوون دەکەنەوە، کە ئەم کلۆڵییە وەکو شاخ لە بن نایەت. هونەرە نوێیەکەی گومانمان جەماوەری بەرفراوانی شاگەشکە کرد. دووربینەکەی لە دەست دەرهێنایین و ڕووی کردە چەوسێنەرەکانی، ئەو پیاوە خۆپەرست و کوتەک وەشێنانە، کە چاوچنۆکانە بەروبوومی زانستیان بۆ خۆیان بەکار هێنا، لە هەمان کاتدا بینییان چاوی ساردی زانست ئاراستەی بێنەوایییەکی هەزار ساڵە، بەڵام سناعی کراوە، کە بە ڕوونیی توانرا لەناو ببرێ، بەوەی چەوسێنەران ڕێشەکێش کران. هەڕەشەباران و ڕەشوەبارانیان کردین، ڕوحە لاوازەکان بەرگەی ئەمەیان نەگرت. بەڵام ئاخۆ دەتوانین پشت لە خەڵک بکەین و سەرەڕای ئەوەش زانا بمێنینەوە؟ جووڵەکانی تەنەکانی ئاسمان ئاشکراتر بوونە؛ هێشتا هەر جوڵانەوەی سەروەران بۆ گەلان پێشبینی نەکراوە. شەڕی پێوانی ئاسمان لە ڕێی گومانەوە براوەتەوە؛ لە ڕێی ئیمانەوە دەبێ شەڕی کەیبانووی

ڕۆما بۆ شیر هەموو کات سەرلەنوێ بدۆزێ. سارتی، زانست پێوەندی بە هەردوو شەڕەکەوە هەیە. مرۆڤایەتییەکی کە لە لێلایی مرواریيانەی هەزار ساڵەی بیر و بڕوای پووچ و وشەی کۆندا پێی هەڵبکەوێ، ئەوەندە نەزان بێ، وزەی خۆی بخەملێنێ، لە توانایدا نابێ، پەرە بەو وزانەی سروشت بدا، کە خۆیان ڕووت دەکەنەوە. بۆچی کار دەکەن؟ من ڕام وایە، کە تاقە ئامانجی زانست لەوە پێک هاتووە، زەحمەتیی بوونی مرۆڤ کەم بکاتەوە. ئەگەر زانایان، لەلایەن دەستەڵاتدارانی خۆپەرستەوە ترسێنرابن، بەوە بەس بکەن، زانست لەپێناوی زانستدا کەڵەکە بکەن، دەتوانرێ زانست ئیفلیج بکرێ و مەکینە نوێیەکانتان دەتوانن تەنیا نارەحەتی و سەریەشەی نوێ بگەیەنن. لەوانەیە ئێوە لە ڕەوتی کاتدا هەموو شتێک بدۆزنەوە، کە هەن تا بدۆزرێنەوە. پێشکەوتنتان بەڵام تەنیا پێشکەوتنێک دەبێ بۆ دوورکەوتنەوە لە مرۆڤ. کەلێنی نێوان ئێوە و ئەوان دەتوانێ ڕۆژێک لە ڕۆژان هێندە گەورە ببێتەوە، کە هاواری سەرکەوتنتان لەبارەی هەر دەستکەوتێکی نوێ بە هاوارێکی سامناکی گەردوونی وەڵام بدرێتەوە. من وەکو زانا ئەگەرێکی دانسقەم هەبوو. لە کاتی مندا هەسارەناسیی گەیشتە گوزەری بازاڕەکان. لەژێر بارودۆخێکی ئاوا تایبەتیدا خۆگریی پیاوێک دەیتوانی هەژانی گەورە بەرپا بکا. ئەگەر بەرهەڵستیم بکردایە، زاناکانی سروشت دەیانتوانی شتێکی وەکو سوێندی هیپۆکراتی پزیشکەکان پەرە پێ بدەن، ئەو سوێندەی، زانستەکەیان تەنیا بۆ خۆشیی مرۆڤ بەکار بهێنن! ئەوەی ئێستا لە ئارادایە بەرزترین ئاستە، کە مرۆڤ بتوانێ بە

ئومێدیەوە بێ، ڕەگەزێکی بستەبالآی دۆزەرەوە، کە بۆ هەموو شتێک دەتوانرێ بە کرێ بگیرێ. لە سەرووی ئەمەیشەوە، من گەیشتمە ئەو قەناعەتە، سارتی، کە من هەرگیز لە مەترسییەکی ڕاستەقینەدا نەبووم. چەند ساڵێک وەکو سەروەرەکان بەهێز بووم و زانستەکەم دا بە دەستەڵاتدارەکان، بەکاری بهێنن، بەکاری نەهێنن، بەد بەکاری دەهێنن، بەتەواوی بەو جۆرەی خزمەتی ئامانجەکانیان بکا. (ڤیرجینیا بە دەفرێکەوە دێتە ژوورەوە و بە ڕاوەستاویی دەمێنێتەوە). من ناپاکایم لەگەڵ پیشەکەی خۆم کرد. مرۆڤێک ئەوە بکا کە من کردم، ناتوانرێ لە ڕیزی زاناکاندا قبووڵ بکرێ.

**ڤیرجینیا:**

تۆ لە ڕیزی ئیماندارەکان قبووڵ کراوی. (درێژە بە ڕۆیشتن دەدا و دەفرەکە دەخاتە سەر مێزەکە).

**گالیلای:**

دروستە. ئێستا دەبێ نان بخۆم.

(ئەندریا دەستی بۆ ڕادەگرێ. گالیلای دەستی دەبینێ، بەبێ ئەوەی دەست بخاتە نێو دەستی).

تۆ خۆت ئێستا وانە دەڵێیتەوە. دەتوانی پێ بە جەرگی خۆتدا بنێیت و دەستت بخەیتە ناو دەستم؟ (دەچێ بۆ لای مێزەکە). یەکێک کە لێرەوە تێ بەڕیوە قازی بۆ ناردووم. من هێشتا زۆر بە خۆشحاڵییەوە نان دەخۆم.

**ئەندریا:**

واتە ئێوە لەو بڕوایەدا نەماون، کە سەردەمێکی نوێ دەستی پێ کردووە؟

**گالیلای:**

بەڵێ. ئاگەداری خۆت بە، کاتێک بە ناو ئەڵمانیادا دەڕۆی و حەقیقەت لەژێر چاکەتەکتدایە.

**ئەندریا:**

(لە توانایدا نییە بڕوا): لەبارەی هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ دانەرەکەی کە باسمان کرد، هیچ وەڵامێکم پێ نییە. بەڵام من ناتوانم وێنای ئەوە بکەم، کە ڕاڤە کوشندەکەت دوا قسەت بێ.

**گالیلای:**

زۆر سوپاس، گەورەم. (دەست بە نان خواردن دەکا).

**ڤیرجینیا:**

(لەگەڵ ئەندریا دەچێتە دەرەوە): ئێمە حەز لە سەردانی ئەو کەسانە ناکەین کە لە ڕابردوودا دەمانناسین. ئەم شتانە تووڕەی دەکەن. (ئەندریا دەڕوا. ڤیرجینیا دەگەڕێتەوە).

**گالیلای:**

دەزانی کێ قازەکانی ناردووە؟

**ڤیرجینیا:**

ئەندریا نەیناردوون.

**گالیلای:**

لەوانەیە ئەو نەبێ. ئەمشەو چۆن شەوێکە.

**ڤیرجینیا:**

(لە بەر پەنجەرەکە): ڕووناکە.

١٥

١٦٣٧ کتێبەکەی گالیلای "گفتوگۆ" سنووری ئیتاڵیا دەبەزێنێ.
خەڵکی خۆشەویست، بیر لە کۆتایی بکەنەوە
زانست بە سەر سنووردا هەڵدێ.
ئێمە کە تینووی زانستین
ئەو و من، بە دوای مەسەلەکەوە ماینەوە.
ئیتر تیشکی زانست بپارێزن
بەکاری بهێنن و خراپ بەکاری مەهێنن
نەک وەکو ئاگرکەوتنەوە
کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموومان بسووتێنێ
بەڵێ، ئێمە هەموومان.

(سنوورێکی بچووکی ئیتاڵیا بەیانی زوو. لە بەردەم بەربەستی پاسەوانانی سنووردا منداڵان یاری دەکەن. ئەندریا لە تەنیشت گالیسکەوانەکەوە چاوەڕوانە پاسەوانانی سنوور گەواهینامەکانی بپشکنن. لەسەر سندووقێکی بچووک دانیشتووە و دەستنووسەکەی گالیلای دەخوێنێتەوە. لەوبەرەوەی بەربەستەکە گالیسکەی سەفەر وەستاوە).

**منداڵان:**

(گۆرانی دەڵێن):
مریەم لەسەر بەردێک دانیشتبوو

بلوزێکی پەمەیی لە بەردابوو
بلوزەکە کاڵبووبووەوە.
بەڵام کاتێ زستانی سارد هات
بلوزەکەی بەر سەر شانیدا دا
کالبووەوە دڕاو نییە.

**پاسەوانی سنوور:**

بۆچی ئیتاڵیا بەجێ دەهێڵی؟

**ئەندریا:**

من زانام.

**پاسەوانی سنوور:**

(بە باشکاتب): لەژێر "هۆی سەفەر" بنووسە: زانا. دەبێ جانتاکەت بپشکنم. (جانتاکەی دەپشکنێ).

**هەرزەکاری یەکەم:**

(بە ئەندریا): نابێ لێرە دابنیشن. (پەنجە بۆ ئەو کوخە درێژ دەکا، کە ئەندریا لە بەردەمیدا دانیشتووە). لێرە ژنێکی جادووگەر دەژی.

**هەرزەکاری دووەم:**

مارینای پیرەژن بەهیچ جۆرێک جادووگەر نییە.

**هەرزەکاری یەکەم:**

دەستت بشکێنم؟

**هەرزەکاری سێیەم:**

بەڵێ جادووگەرە. بە شەو بە هەوادا دەفڕێ.

**هەرزەکاری یەکەم:**

ئەی ئەگەر جادووگەر نەبێ بۆچی لە هیچ شوێنێکی شاردا تاقە یەک جام شیری پێنافرۆشن؟

**هەرزەکاری دووەم:**

چۆن دەتوانێ بە هەوادا بفـڕێ؟ کـەس ناتوانێ ئەوە بکا. (بە ئەندریا): کەس دەتوانێ ئەوە بکا؟

**هەرزەکاری یەکەم:**

(لەبارەی هەرزەکاری یەکەم): ئەوە جوزێپەیە. هەر هیچ نازانێ، پانتۆڵی ڕێکوپێکی نییە لەبەرئەوە ناچێ بۆ قوتابخانە.

**پاسەوانی سنوور:**

ئەو کتێبە چییە؟

**ئەندریا:**

(بەبێ ئەوەی سـەری بەرز بکاتەوە): ئـەوە کـتـێـبی ئەرەسـتـۆی گەورە فەیلەسووفە.

**پاسەوانی سنوور:**

(بە بەدگومانییەوە): چۆن فەیلەسووفێکە؟

**ئەندریا:**

مردووە.

(هەرزەکـــارەکـــان بە دەوری ئەندریادا دێن و دەچن، بۆ ئەوەی گـاڵتـە بە ئەندریا بکەن کـە خـەریکی کـتـێب خـوێندنـەوەیە. بە جۆرێک ڕێ دەکەن، وەکو بە دەم ڕێوە کتێب بخوێننەوە).

**پاسەوانی سنوور:**

(بە باشکاتبەکە): سەیر کە بزانە شتێکی لەبارەی ئاین تێدایە.

**باشکاتب:**

(لاپەڕە هەڵدەداتەوە): هیچ نادۆزمەوە.

**پاسەوانی سنوور:**

ئەم هەموو گەڕانە تۆزێک گرینگیشی تێدایە. هیچ کەسێک وا بەئاشکرا شتەکانمان ناخاتە بەردەست، کە شتی بۆ شاردنەوە هەبێ. (بە ئەندریا): دەبێ واژۆی بکەن، کە ئێمە هەموو شتەکانمان پشکنی. (ئەندریا بە نابەدڵیی هەڵدەستێ، لەگەڵ پاسەوانەکانی سنوور بە دەم خوێندنەوە دەچێتە خانووەکەوە).

**هەرزەکاری سێیەم:**

(بە باشکاتبەکە، پەنجە بۆ سندووقەکە درێژ دەکا):

ئەوە شتێکی تریشە لەوێدا، دەبینن؟

**باشکاتب:**

ئەمە پێشووتر هێشتا لێرە نەبوو؟

**هەرزەکاری سێیەم:**

شەیتان لێرەی داناوە. ئەمە سندووقە.

**هەرزەکاری دووەم:**

نەخێر، ئەمە هیی پیاوە نامۆکەیە.

**هەرزەکاری سێیەم:**

من نەڕۆیشتم بۆ ئەوێ. ژنەکە جادووی لە (پاسی) گالیسکەوان کرد و ئەسپەکانی نادیار کرد. من خۆم لە کونەکەی سەربانەوە کە زریانی بەفر لە خانوەکەی کرد سەیری ناو ماڵەکەم کرد و گوێم لێ بوو چۆن دەکۆکێ.

**باشکاتب:**

(کە خەریکبوو بگاتە سەر سندووقەکە، کەمێک خۆی دوا دەخات

و دەگەڕێتەوە): ئەمە ئیشی شەیتانە، وا نییە؟ ئێمە ناتوانین هەموو شتێک بپشکنین. ئەمە قبووڵ ناکرێ.

(ئەندریا بە سووراحییەک شیرەوە دەگەڕێتەوە. لەسەر سندووقەکە دادەنیشێتەوە و دەست بە خوێندنەوە دەکاتەوە).

**پاسەوانی سنوور:**

(هەرسێکیان لە پشتییەوە بە گەواهینامەکانیانەوە): سندووقەکان داخەرەوە. هەموو شتێکمان تەواوە؟

**باشکاتب:**

هەموو شتێک.

**هەرزەکاری دووەم:**

(بە ئەندریا): ئێوە زانان. خۆتان بڵێن: مرۆڤ دەتوانێ بە ئاسماندا بفڕێ؟

**ئەندریا:**

یەک چرکەساتێک چاوەڕێ کە.

**پاسەوانی سنوور:**

دەتوانن بپەڕنەوە.

(گالیسکەوانەکە جانتاکەی وەرگرتووە، ئەندریا سندووقەکە دەست دەداتێ و دەیەوێ بڕوا).

ڕاوەستێ! ئەو سندووقە چییە؟

**ئەندریا:**

(جارێکی تر کتێبەکەی بە دەستەوە دەگرێ): کتێبن.

**هەرزەکاری یەکەم:**

ئەمە سندووقی ژنە جادووگەرەکەیە.

**پاسەوانی سنوور:**

قسەی هیچ. ئەو ژنە چۆن دەتوانێ بە جادوو سندووقێک بۆ ئێرە بهێنێ؟

**هەرزەکاری سێیەم:**

ئەی ئەگەر شەیتان یارمەتی بدا!

**پاسەوانی سنوور:**

(پێ دەکەنێ) ئەوە لێرە نایخوا. (بە باشکاتبەکە): بیکەرەوە.

(سندووقەکە دەکەنەوە).

(بەبێ گەمە): چەند دانەن؟

**ئەندریا:**

سی و چوار.

**پاسەوانی سنوور:**

(بە باشکاتبەکە): چەنت بۆ ئەمە دەوێ؟

**باشکاتب:**

(بە ڕووکەش دەستی پێ کردووە ناو سندووقەکە بپشکنێ): هەموو شتێک چاپکراوە. بەهەرحاڵ بەرچاییەکەت لە بیر کە، ئەی من کەی بچم بۆ ئەو بەرەوە بۆ لای (پاسی) گالیسکەوان، بۆ ئەوەی باقی باجی ڕێگە وەر بگرم لە کاتی هەڕاجکردنی خانووەکەیدا، ئەگەر من هەموو کتێبەکان لاپەڕە بە لاپەڕە هەڵدەمەوە؟

**پاسەوانی سنوور:**

بەڵێ، دەبێ پارەکە وەرگرین. (بەپێ پاڵ بە کتێبەکانەوە دەنێ). نا، دەبێ چی تێدا نووسرابێ! (بە گالیسکەوانەکە): بڕۆ!

(ئەندریا لەگەڵ گالیسکەوانەکەدا، کە سندووقەکەی هەڵگرتووە لە سنوور دەپەڕنەوە. لەوبەرەوە دەستنووسەکەی گالیلای دەخاتە جانتای سەفەرەوە).

**هەرزەکاری سێیەم:**

(پەنجەی بۆ ئەو سوراحییە درێژ دەکا، کە ئەندریا دایناوە):
ئەوەتا!

**هەرزەکاری یەکەم:**

سندووقەکەش نەماوە! دەبینن، کە ئەوە شەیتان بوو؟

**ئەندریا:**

(وەردەچەرخێتەوە): نەخێر، من بووم. دەبێ فێر بی چاوت بکەیتەوە. پارەی شیرەکە و پارەی سوراحییەکە دراوە. با بۆ پیرەژنەکە بێ، بەڵێ، من هێشتا وەڵامی پرسیارەکەی تۆم نەداوەتەوە، جوزێپە. مرۆڤ ناتوانێ بە سەر گۆچانێکەوە لە هەوادا بفڕێ. بەلای کەمەوە دەبێ گۆچانەکە مەکینەیەکی پێوە بێ. بەڵام مەکینەیەکی لەو جۆرە هێشتا نییە. لەوانەیە هەرگیز نەبێ، لەبەرئەوەی مرۆڤ زۆر قورسە. بەڵام بێگومان، مرۆڤ ناتوانێ بیزانێ. ئێمە هێشتا زۆر شت نازانین، جوزێپە. بەڕاستی ئێمە لە سەرەتاداین.

کۆتایی